www.pertwk.com

.

هێنريك ئبسن

# ماڵی بووکە شووشە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
تەیمور تاهیر قەرەداغی

سلێمانی-2006

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب**: **ماڵی بووکە شوشە**
- **ناوی نووسەر**: **هێنریك ئبسن**
- **وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە**: **تەیمور تاهیر قەرەداغی**
- **سەرپەرشتیاری هونەری**: **زاناکەمال**
- **تایپ و نەخشەسازی کۆمپیوتەری**: **سۆران عەبدولا**
- **نەخشەسازی بەرگ**: **سۆران عەبدولا**
- **زنجیرە**: 132
- **تیراژ**: 1500
- **ژمارەی**(74)**ی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پێدراوە**
- **چاپ**:

## پێشەكی

هێنریك جۆهان ئیبسن ، یەكێكە لەنوسەرە هەرە دیارەكانی بواری شانۆ، بەڕەگەز نەرویجی یە و لەسەدەی نۆزدەدا ژیاوە، بوتە پێشەوایەك لەكردنەوەی دەرگایەكی نوێ بۆ درامای مۆدێرن و هەموو ئەو بابەتە حەرامانە پێشیلێ دەكات كەلەسەدەی نۆزدەدا لەشانۆدا نەدەنوسران. ئیبسن ماوەیەكی زۆر هەڵگری ناونیشانی ((باوكی درامای نوێ)) بووە ، ڕێبازێكی تایبەت بەخۆی هەبووە كەوای لەنوسەران و شانۆ نوسانی دوای خۆی كردووە هەمان ڕێچكە بگرنە بەر.

ئیبسن لەو بیرو بۆچوونانەی كە لە نوسینەكانی‌دا دەریدەبڕێت، پشتگیرییەكی تەواوی ئازادی ئافرەت دەكات. لە تێبینیەكاندا بۆ (( ماڵی بووكە شووشە)) دەڵێت: – (( لەكۆمەڵگای هاوچەرخدا ئافرەت نابێتە كەسێك، كۆمەڵگایەكی تایبەتە بەنێر كە یاساكانی لەلایەن پیاوەوە نوسراوەتەوە. هەروەها ئەو ڕاوێژو حوكمانەی كە مێینەی پێ داداگایی دەكرێت لەگۆشە نیگای نێرەوە سەرچاوە دەگرێت)). هاوچەرخەكانی ئیبسن هاوڕابوون لەگەڵ مافی ئافرەت و چەمكی(( ئافرەتی نوێ))دا. لەساڵی 1898دا كۆمەڵەی مافی ئافرەتانی نەرویجی خەڵاتی ڕێزلێنانیان بەخشیە ئیبسن بۆ ئەو پشتگیرییە گەورەیەی كە لەمافی ئافرەتان كردوویەتی. ماكس بیربۆهم دەڵێت " ئافرەتی نوێ لەهزری ئیبسندا بە پرچەكی بازیداوەتەوە



www.pertwk.com

خواری)). زاراوەی (( ئافرەتی نوێ)) لەكۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەكارهێنراوە، بۆ تاریف كردنی ئەو ئافرەتانەی كەدەیانەوێت ئەو سنورانە بشكێنن كە كۆمەڵگا بەسەریاندا سەپاندویەتی، ئەمڕۆ پێیان دەوترێت ئافرەتی ئازاد یاخود فیمینیست.

لەشانۆی (ماڵی بوكە شووشەدا)دا ئیبسن بەقوڵی لەبابەتی (( ئەرك و پێگەی كۆمەڵایەتی)) دەدوێت، ئەم بابەتەش لەدامەزراوەیەكی پیرۆزدا خۆی مانفیست دەكاتەوە كە دامەزراوەی خێزانە، پێگەی ئافرەتیش لەم دامەزراوە پیرۆزەدا قەفەسی ئاڵتونی‌یە.

"نورا" كە پاڵەوانی شانۆكەیە، هاوسەر و خۆشەویستی تۆرڤاڵد هێڵمەرە. هێڵمەر كەسێكی بەڕێزو خانەدانە، بەسۆزەوە گرنگی تەواو بە ژن و منداڵەكانی دەدات. كاتێك مەترسی روو لە ژیانی هاوسەرەكەی دەكات . نورا پێی وایە تەنها هەوڵدان نییە بەڵكو خۆشیەكی گەورەیە بۆی ناوی باوكی ساختە بكات لە پێناوی قەرز كردنی ئەو پارەیەی كە ژیانی هاوسەرەكەی پێ رزگار كرد. لە ماوەی هەشت ساڵی دوروو درێژی ژیانی هاوسەرێتیاندا، نورا توانی ئەو نهێنیە لەلای خۆی بهێڵێتەوە تاكو مێردەكەی نەزانێت ئەو پارەیەی لە كرۆگستاد قەرز كردووە، بە دڵنیایی ئەو گرێبەستەی كە گوایە باوكی نورا واژۆی كردبوو .كاتێك تۆرڤاڵد دەبێتە بەڕێوبەری ئەو بانكەی كە كرۆگستاند فەرمانبەرە تیایدا، هەوڵدەدات كرۆگستاد لە بانك دەربكات چونكە رۆژێك لەرۆژان یاسای شكاندووە و لە چاوی كۆمەڵگادا لە رووی رەوشتییەوە روخاوە. كرۆگستاند هەوڵدەدات ئەو نهێنیەی نێوان خۆیی و نورا لەپێناوی گەڕانەوەیدا بۆ ناو بانك بەكار بهێنێت .چونكە ئەو دەیەوێت لە چاوی كۆمەڵگەدا خۆی پاك بكاتەوە لەبەرئەوەی منداڵەكانی گەورە دەبن، ئەو پۆستەشی لە بانكدا وەكو یەكەم هەنگاوی وایە بەرەو سەرەوە. كرۆگستاد، نورا دەخاتە بەر ئەو كارە تاكو هەوڵ بدات مێردەكەی رازی بكات بە مانەوەی

www.pertwk.com

له بانكدا بەلام هەوڵەكەی نورا بێسود دەبێت و بێهیوا دەمێنێتەوە، نورا پێی وایە ئاشكرابوونی ئەو نهێنیە لەنێوان خۆیی و مێردەكەیدا ترسێك نییە لە خۆی بەڵكو ترسێكە لەوەی كە تۆرڤاڵد ئەو گلەیی و گازندەیە بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمیش بەوە رازی نابێت، سەرەتا بیر لەوە دەكاتەوە خۆی بكوژێت، بەلام لەسەرو بەندی ئاشكرا بوونی ئەو نهێنیەدا ، نورا بۆی دەردەكەوێت كە ئەوەی چاوەڕوانی دەكرد بە تەواوی ئاوەژو دەبێتەوە و پەردە لەسەر هەموو راستییەكان هەڵدەماڵدرێت، مێردەكەی ئامادە نییە ئەو ئەركە بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەو چەمكە لای نورا تیكدەشكێت، كە پێی وابوو هاوسەرێتی لە هەموو گریمانە دەرەكییەكان دەیپارێزێت. خاڵی وەرچەرخان لە دراماكەدا زیاتر یبەستراوە بەو ترسەی تۆرڤاڵد كە پێی وایە لە دنیای بۆرژوازیدا ئابڕوی دەچێت. دواجار نورا بۆی ئاشكرا دەبێت كە جگە لە كلاوكوڕە و بوكە شوشە و شمەكی یاریكردن زیاتر هیچ شتێكی تر نەبووە بۆ تۆرڤاڵد، بەهۆی ئەو پێگە كۆمەلایەتییەوە كە ئافرەت لە گۆمەڵگەدا هەیەتی .دوا جار بڕیار دەدات ماڵی بوكوشوشەكەی بەجێ بهێڵێت و لە دنیای دەرەوەدا لە دووی سەربەخۆییدا بگەڕێت، تاكو لەم رێگەیەدا بۆی روون بێتەوە ئایا ئەوەی گۆمەڵگا و كڵێسا دەیڵێن راستە یاخود ئەو .

كاتێك نورا لەدوای خۆیەوە دەرگای ماڵی بووكەشوشەكەی پێوە دەدات، دەرگایەكی نوێ بۆ ئافرەتان دەكاتەوە، كە ئازادی دەتوانێت تێگەیشتنێكی تەواو لە نێوان ژن و پیاودا دروست بكات، دوور لە درۆ و شەرم. ئازادییەك كە لەژێردەستەیی و دابەشكردنی ئەركی كۆمەلایەتی رزگاری بكات.

وەرگێر

سلێمانی

2005/5/11



## ماڵی بووكە شوشە

كەسە درامیەكان:

تۆرڤاڵد هێڵمەر

نورا، ژنی هێڵمەر

دكتۆر رانك

خاتولیند

نیلز كرۆگستاد

سێ منداڵی بچوكی هێڵمەر

ئانی، دایەنی منداڵەكان

كارەكەرێك

حەماڵێك

(رووداوەكە لە ماڵی هێڵمەردا روودەدات)

www.pertwk.com

# ئاكتی یەكەم

# بەیانی کریسمەس ئیڤ

(دیمەن: ژورێك جوان و دڵگیر رازێنراوەتەوە شتەكانی زۆر سادەن. لە دواوە دەرگایەك لەلای راست دەچێتە سەر ڕاڕەوی هاتنە ژورەوە، دەرگایەكی تر لەلای چەپ بۆ شوێنی خوێندنەوەی هێڵمەر. لەنێوان دوو دەرگاكەدا پیانویەك دانراوە، لە ناوەراستی دیواری لای راستەوە دەرگایەك و لە دوای ئەوەوە پەنجەرەیەك هەیە، لە نزیك پەنجەرەكەوە مێزێكی خڕو چەند كورسیەكی دوو دەسك و قەنەفەیەكی بچوك دانراوە، لە ئەوسەری دیواری لای راستدا دەرگایەكی تر هەیە، هەر لەو لایەدا لە نزیك روناكیەكانی پێشەوەی شانۆكە، ئاگردانێك و لەبەردەمیدا دوو كورسی ئاسایی و كورسیەكی بێشكەیی دانراوە، لە نێوان زۆپاو دەرگاكەدا مێزێكی بچوك هەیە، لە دیوارەكاندا تاق دروستكراوە، چەند دەورییەكی چینی و شتی بچوكتری لەو جۆرەی لەسەرە، دۆڵابێكی بچوك بۆ كتێب هەیە دەستەیەك كتێبی باشی تێدایە، فەرش داخراوە ئاگردانەكە دەسوتێت، كاتەكە زستانە. زەنگێك لە هۆڵەكەدا لێدەدات، پاش كەمێك دەنگی كردنەوەی دەرگاكە دەبیسرێت، نورا بەدڵخۆشیەوە و بەدەم گۆرانی وتنەوە دێتە ژورەوە و جل و بەرگی دەرەوەی لەبەردایە، چەند پاكەتێكی پێچراوەی بە دەستەوەیە، لەسەر مێزەكەی لای راستەوە دایان دەنێت . دەرگاكە بە كراوەیی بەجێ دەهێڵێت و لەنێو



www.pertwk.com

دەرگاكەدا حەماڵێك دەبینرێت دارێكی كریسمەسی پێیە لەگەڵ سەبەتەیەكدا دەیداتە دەستی ئەو كارەكەرەی دەرگاكەی بۆ دەكاتەوە )

**نورا:** هێلین داری كریسمەسەكە باش بشارەوە و ئاگادار بە منداڵەكان نەیبینن تا ئێوارێ دەیرازێنینەوە.(جزدانەكەی دەردەهێنێت و بە حەماڵەكە دەڵێت ) چەند دەكات؟

**حەماڵ:** شەش پێنس.

**نورا:** ئەوە شیلنگێك. نا، باقیەكەش هەڵبگرە بۆ خۆت (حەماڵەكە سوپاسی دەكات و دەچێتە دەرەوە، نورا دەرگاكە پێوەدەدات، لەبەر خۆیەوە پێدەكەنێت و چاكەت و كڵاوەكەی دادەنێت، پاكەتێك ماكەرۆنی لە گیرفانی دەردەهێنێت و یەك دووانێك دەخوات، بە ئەسپایی بەرەو دەرگای ژووی مێردەكەی دەڕوات و گوێ دەگرێت) ئا، لەوێیە (هێشتا هەر گۆرانی دەڵێت، دەڕوات بۆ لای مێزەكەی لای راست)

**هێڵمەر:** (لە ژوورەكەی خۆیەوە بانگ دەكات) ئەوە كڵاوكوڕە بچكۆلانەكەی منە لە دەرەوە دەجریوێنێت؟

**نورا:** (خەریكی كردنەوەی هەندێ لە پاكەتە پێچراوەكانە ) بەڵێ خۆیەتی؟

هێڵمەر: ئەوە سمۆرەكەی منە خۆی خەریك دەكات؟

**نورا:** بەڵێ.

**هێڵمەر:** سمۆرەكەم كەی گەڕایەوە ماڵەوە؟

**نورا:** ئێستا(پاكەتە ماكەرۆنییەكە دەخاتەوە گیرفانییەوە ودەمی دەسرێت) وەرە بۆ ئێرە ، تۆرڤاڵ، سەیركە چیم كڕیوە.

**هێڵمەر:** سەرم لێتێكمەدە (پاش كەمێك دەرگاكە دەكاتەوە و سەیری ژوورەكە دەكات و قەڵەمێك بەدەستیەوەیە) وتت كڕین ؟ ئەم هەموو شتە؟ دەست بڵاوە بچكۆلانەكەم جارێكی تر پارەی بەفیڕۆ داوە؟

**نورا:** بەڵێ بەڵام، تۆرڤاڵد، ئەم ساڵ ئێمە دەتوانین هەندێك بەرەو پێشەوە بڕۆین، ئەمە یەکەم کریسمەسە لەبەرئەوە پێویست ناکات دەست بگرینەوە.

**هێڵمەر:** ئەزانیت، ئێمە هێشتا ناتوانین بێ سەرەو بەرە پارە خەرج بکەین.

**نورا:** با، تۆرڤاڵد، ئێستا دەتوانین تۆزێك زیاتر پارە خەرج بکەین، وانییە؟ تەنها تۆزێك! تۆ لەمەودوا موچەیەکی باش وەردەگریت و پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت.

**هێڵمەر:** بەڵێ دوای ساڵی تازە، بەڵام پێش ئەوەی موچە بدرێت دەبێت وەرزێك چاوەڕێ بکەین.

**نورا:** ئۆه ! دەتوانین تاکو ئەو کاتە قەرز بکەین .

**هێڵمەر:** نورا! (دەڕوات بۆ لایی و بە گاڵتەوە گوێی دەگرێت) بێ مێشکی بچکۆلانە! ئێستا وای دابنێ کە ئەمڕۆ پەنجا پاوەندم قەرز کرد و تۆش لە هەفتەی کریسمەسدا گشتیت خەرج کرد، ئەی ئەگەر لە ئێوارەی ساڵی تازەدا خشتێك لەو بنمیچەدا کەوتەوە خواری و کێشای بە سەرمداو کوشتمی، و ـــــ

**نورا:** (دەستی دەخاتە سەر دەمی هێڵمەر) ئۆه، باسی شتی وا ناخۆش مەکە.

**هێڵمەر:** جارێ وای دابنێ کە روویداوە ـــــ ئەی دوایی چی دەکەیت؟

**نورا:** ئەگەر شتی وا ڕوویدات ، باوەڕ ناکەم گوێ بەوە بدەم کە پارە قەرزدار بم یان نا.

**هێڵمەر:** بەڵێ، بەڵام ئەی خاوەن قەرزەکان؟

**نورا:** ئەوان ؟ کێ گوێ بەوان دەدات ؟هەر پێویستیش ناکات بزانم کێ بوون.

**هێڵمەر:** ژن وابیر دەکاتەوە! بەڵام لەراستیدا، نورا، دەزانیت بۆچوونی من لەوبارەیەوە چییە، نەقەرزاری و نەقەرزکردن، ئەو ماڵەی کە پشت بەقەرزکردن دەبەستێت هیچ جوانی و ئازادی یەکی تێدانییە. ئێمە



www.pertwk.com

تاکو ئێستا زۆر ئازایانە لەیەر ئەم ڕێگە ڕاستە رۆشتووین و هەوڵ دەدەین  لەسەر هەمان ڕێچکە بڕۆین.

**نورا:** – (بەرەو زۆپاکە دەجولێت) چۆنت پێ خۆشە باوابێت، تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** (دوای دەکەوێت) وەرە، وەرە، نابێت کلاوکوڕە بچکۆلانەکەم باڵەکانی شۆڕ بکاتەوە، ئەوەچییە! سمۆرە بچکۆلانەکەم بێ تاقەتە؟ (جزدانەکەی دەردەهێنێت) نورا، ئەزانیت چیم پێیە؟

**نورا:** – (بەخێرایی ئاوڕ دەداتەوە) پارە!

**هێڵمەر:** – ئاوەتا (هەندێك پارەی دەداتێ) پێت وایە، نازانم لەسەروبەری کریسمەسدا ماڵ بەڕێوبردن چەندی دەوێت؟

**نورا:** (پارەکە دەژمێرێت) دە شیلینگ ـ پاوەندێك ـ دووپاوەند! سوپاس، سوپاس تۆرڤاڵد، بۆ ماوەیەکی زۆر بەشم دەکات.

**هێڵمەر:** هیوادارم وا بێت .

**نورا:** با، با وایە، بەڵام وەرە با پیشانت بدەم چیم کڕیوە. هەمووشی زۆر هەرزانن ! سەیرکە، ئەوە قاتێکی نوێیە بۆ ئیڤار، وە شمشێرێك و ئەسپێك و زوڕنایەك بۆ بۆب، ئەوە بوکەشوشەیەك و بێشکەکەی بۆ ئێمی، ـــ زۆر سادەن. بەڵام بەهەر حاڵ زۆر زوو دەیانشکێنی و پارچە پارچەیان دەکات. ئەوانەش قوماش و دەستە سڕن بۆ کارەکەرەکان، بەراستی پیرە ئانیش پێویستە هەندێ شتی باشتری هەبێت.

**هێڵمەر:** ئەی ئەو پاکەتە چییە؟

**نورا:** (هاوار دەکات) نا، نا، نابێت تاکو ئێوارێ بیبینیت.

**هێڵمەر:** زۆرباشە، ئەی ئێستا پێم بڵێ، دەستبلاوی خنجیلانە، حەزت لە چییە بو خۆت؟

**نورا:** بۆ خۆم؟ ئۆه، من دڵنیام کە هیچ شتێکم ناوێت.

www.pertwk.com

**هێڵمەر:** با، بەڵام ئەبێت بتەوێت. شتێکی مەعقولم پێ بڵێ پێت خۆشە هەتبێت .

**نورا:** نا، لەڕاستیدا من ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە ــ ئەگەر نا، تۆرڤاڵد ــ

**هێڵمەر:** ئێ ؟

**نورا:** (یاری بە قۆپچەی چاکەتەکی دەکات، وە بەبێ ئەوەی چاوی هەڵبڕێت) ئەگەر بەراستی دەتەوێت شتێکم بدەیتێ ــ دەتوانیت ـ دەتوانیت ــ

**هێڵمەر:** ئێ، بیدرکێنە!

**نورا:** (بەخێرایی قسە دەکات) دەتوانیت پارەم بدەیتێ، تۆرڤاڵد . تەنها ئەوەندەی لەتوانادایە، پاشان لەم چەند ڕۆژەدا شتێکی پێ دەکرم.

**هێڵمەر:** بەڵام، نورا ــ

**نورا:** ئۆه، دەی! تۆرڤاڵدی ئازیز، تکایە دەی، تکایە! دوایی لە کاغەزی جواندا دەیپێچمەوە و بە داری کریسمەسەکەدا هەڵیدەواسم. شتێکی خۆشە وانییە؟

**هێڵمەر:** ئەو خەڵکە بچوکانە چیان پێ دەوترێت کە هەموو کات پارە بە فیرۆ دەدەن؟

**نورا:** دەست بڵاو ــ ئەزانم. تۆ پێشنیاری چی دەکەیت با وا بکەین، تۆرڤاڵد، پاشان کاتی ئەوەم دەبێت بیر لەوە بکەمەوە کە چیم پێویستە . ئەمە پلانێکی باشە، وانییە؟

**هێڵمەر:** (زەردەخەنەیەك دەیگرێت) ڕاستە ـــ با بڵێین، ئەگەر بەڕاستی ئەو پارەیەی کە من دەتدەمێ کۆی بکەیتەوە، پاشان دەتوانیت شتێك بۆ خۆت بکریت. بەڵام ئەگەر هەمووی لە ڕێکخستنی ماڵ و هەر شتێکی تری ناپێویستدا خەرج بکەیت، ئەو کاتە دەبێت دیسانەوە بتدەمەوە.

**نورا:** ئۆه، بەڵام، تۆرڤاڵد ـــ



**هێڵمەر:** ناتوانیت نکۆڵی بکەیت، نورا بچکۆلانە ئازیزەکەم (دەستی لەناو قەدی دەئاڵێنێت) ئەمە کەمێك دەست بڵاوییە، بەڵام بڕێکی زۆری خەرج کردووە، کەس باوەڕ ناکات ڕاگرتنی باڵدارێکی وەکو تۆ چەند لەسەر پیاو دەکەوێت !

**نورا:** شورەییە وا بڵێیت، ئەوەندەی بتوانم کۆی دەکەمەوە.

**هێڵمەر:** (پێدەکەنێت) زۆر ڕاستە، ـــ ئەوەندەی بتوانیت. بەڵام تۆ ناتوانیت هیچ کۆبکەیتەوە!.

**نورا:** (بە دڵخۆشییەوە بە هێمنییەوە خەندەیەك دەکات) تۆ نازانیت ئێمەی کلاوکوڕە و سمۆرە چەند خەرجیمان زۆرە، تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** تۆ ڕۆحێکی تەنهاو بچکۆلانەیت، زۆر لە باوکت دەچیت. هەموو کات شێوازی نوێ دەدۆزیتەوە بۆئەوەی پارەم لێبکێشیتەوە، وە هەر کە وەرتگرت، لەوە دەچێ لە دەستتدا بتوێتەوە، هەر نازانیت چی بەسەر دێت، لەگەڵ ئەوەشدا پیاو دەبێت خۆت چۆنی ئاوا قبوڵی بێت، ئەمە لە خوێنتدایە، چونکە بەڕاستی ئەم شتانەت بۆ ماوەتەوە، نورا.

**نورا:** ئاه، خۆزگە زۆربەی ئەو سیفەتانەی بابەم تێدا بوایە.

**هێڵمەر:** من خۆزگە ناخوازم تۆ هیچ شتێکی تر بویتایە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆت هەیت، کلاو کوڕە بچکۆلانە شیرینەکەم. بەڵام،ئەزانیت، ڕایچڵەکانم کە تۆ ئاوا دەردەکەویت ــ چی بڵێم ــ ئەوەندە نائاسایت ئەمڕۆ؟

**نورا:** نائاسایم؟

**هێڵمەر:** بەڕاستی، نائاسایت، ڕێك سەیرم بکە؟

**نورا:** (سەیری دەکات) ئێ؟

**هێڵمەر:** (پەنجەی بەرامبەری ڕادەوەشێنێت) خاتونی ددان شیرین ئەمڕۆ لە شار یاسای نەشکاندووە؟

**نورا:** نەخێر، چی وات لێدەکات بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە؟

**هێڵمەر:** ئایا سەردانی حەڵواچیت نەکردووە؟

**نورا:** نەخێر، دڵنیات دەکەمەوە، تۆرڤاڵد ــ

**هێڵمەر:** کەمێك شیرینیشت نەخواردوە؟

**نورا:** نا، بە دڵنیاییەوە نا.

**هێڵمەر:** یەك دوو قەپ ماکەرۆنیشی نەخواردووە؟

**نورا:** نەخێر، تۆرڤاڵد، بەڕاستی دڵنیات دەکەمەوە ـــ

**هێڵمەر:** ئاوا، ئاوا، بێگومان گاڵتەم لەگەڵ کردیت.

**نورا:** (دەڕوات بۆ لای مێزەکەی لای ڕاست) من نابێت بیر لەوە بکەمەوە دژی خۆزگەکانی تۆ بجوڵێمەوە.

**هێڵمەر:** نا، من دڵنیام، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بەڵێنت پێ داوم ـــ (دەڕوات بۆ لای) نهێنییە بچکۆلانەکانی کریسمەس با هەر لای خۆت بێت، ئازیزەکەم. کاتێك داری کریسمەس دادەگیرسێت بێگومان هەمووی ئاشکرا دەبێت.

**نورا:** لەبیرت بوو دکتۆر رانك بانگ بکەیت؟

**هێڵمەر:** نا بەڵام پێویست ناکات، وەکو مەسەلەیەك بێگومان بۆ نانی ئێوارە لەگەڵمان دێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە بەیانی هات پرسیاری لێدەکەم . هەندێك شەرابی باشم ئامادە کردووە. نورا، تۆ نازانیت من چەند چاوەڕوانی ئەم ئێوارەیە دەکەم.

**نورا:** هەروەها منیش! ئەی منداڵەکانیش چۆن چێژی لێ وەردەگرن، تۆرڤاڵد!.

**هێڵمەر:** خۆشە ئەگەر وا هەست بکەیت وادەیەکی بێ ترست هەبێت و دەسکەوتێکی گەورەو باشیش، خۆشە بیری لێبکەیتەوە، وا نییە؟

**نورا:** خۆشە!.



**هێڵمەر:** کریسمەسەکەی پارت لەبیرە؟ بۆ ماوەی سێ هەفتەی تەواو هەموو ئێوارەیەك تاکو دوای نیوە شەو دەچوویتە ژوورەوەو شمەکی رازاندنەوەت بۆ داری کریسمەسەکە دروست دەکرد، دەتویست هەموو ئەو شتە جوانانە ببێتە مایەی سەرسوڕمان بۆ ئێمە، ئەو سێ هەفتەیە ناخۆشترین ماوە بوو کە من لەژیانمدا بەسەرم بردبێت !.

**نورا:** لای من ناخۆش نەبوو .

**هێڵمەر:** (بە زەردەخەنەیەکەوە)، بەڵام ئەنجامێکی بەنرخ و بچکۆلانەی هەبوو، نورا .

**نورا:** ئۆە، گاڵتەم پێ مەکەرەوە چۆن توانیم یارمەتی پشیلەکە بدەم بڕواتە ژووری و هەموو شتێك پارچە پارچە بکات؟

**هێڵمەر:** بێگومان نەتتوانییوە. کچە بچکۆلانە داماوەکە، سەیرەکە لەوەدا بوو بەنیاز بوویت هەموومان دڵخۆش بکەیت. بەڵام شتێکی باشە ساتە ناخۆشەکانمان دەڕەوێنیتەوە.

**نورا:** بەڵێ، لەڕاستیدا زۆر خۆشە.

**هێڵمەر:** ئێستا پێویست ناکات من ئەوەندە خۆم هیلاك بکەم ، پێویست ناکات تۆش، چاوە ئازیزەکانت و دەستە بچکۆلانە جوانەکانت بشێوێنی ـــ

**نورا:** (چەپڵەیەك لێدەدات) نا، تۆرڤاڵد، چیتر پێویست ناکات، وایە؟ زۆر خۆشە گوێم لێیە وا دەڵێیت (باڵی دەگرێت) با پێت بڵێم، بیرم لەوە کردووەتەوە ئەبێت شتەکان ڕێك بخەین، تۆرڤاڵد. هەر کە کریسمەس تەواو بوو (زەنگێك لە هۆڵەکەدا لێدەدات) زەنگە (کەمێك ژوورەکە ڕێك دەخات) کەسێك لەبەر دەرگایە. چ بێزارکەرێکە!.

**هێڵمەر:** ئەگەر بانگی منی کرد، لەبیرت بێت من لە ماڵەوە نیم .

www.pertwk.com

**كارەكەر:** (لەناو دەرگاكەدا) خانمێك دەیەوێت بتبینێت، خانمەكەم، ـــ نەناسە .

**نورا:** پێی بڵێ بێتە ژوورەوە.

**كارەكەر:** (روو دەكاتە هێڵمەر) لەهەمان كاتدا دكتۆریش هاتووە، بەڕێز.

**هێڵمەر:** یەكسەر ڕۆشت بۆ ژوورەكەم؟

**كارەكەر:** بەڵێ، بەڕێز.

(هێڵمەر دەڕوات بۆ ژوورەكەی خۆی، خاتولیند جل و بەرگی دەرەوەی لەبەر دایە و كارەكەرەكە پێشی دەكەوێت و دەرگاكە پێوە دەدات).

**خاتولیند:** (بە دەنگێكی تاساو و بە شەرمەوە) چۆنیت، نورا؟

**نورا:** (بە گومانەوە) تۆ چۆنیت ـــ

**خاتولیند:** وابزانم، نامناسیتەوە.

**نورا:** نا، نازانم ــ ئا، با دڵنیا بم، وا بزانم ـــ (بە خێرایی) چی ! كریستین! ئەوە بە راست تۆیت؟

**خاتولیند:** بەڵێ منم.

**نورا:** كریستین! بزانە نەمناسیتەوە! جا چۆن بتوانم ــ (بە هێمنییەوە) چەند گۆڕاویت كریستین!

**خاتولیند:** بەڵێ، لە راستیدا گۆڕاوم. لەم نۆو دە ساڵە دورو درێژەدا ــ

**نورا:** زۆر دەمێكە یەكترمان نەبینیوە؟ وابزانم وایە. ئەتوانم بڵێم ئەم هەشت ساڵەی رابردوو كاتێكی خۆش بوو بۆ من. ئێستاش لەم زستانەدا ئەم گەشتە دوورو درێژەت كردووە هاتویت بۆ شار؟ ــ چەند ئازایت!.

**خاتولیند:** ئەم بەیانییە بە كەشتی هەڵمین گەیشتمە ئێرە.

**نورا:** بۆ ئەوەی لەم كریسمەسەدا كاتێكی خۆش بەسەر ببەیت، چەند خۆشە! ئێمە بەیەكەوە كاتی خۆش بەسەر بەرین! دەی جلەكانت دابنێ. هیوادارم سەرمات نەبێت (یارمەتی دەدات) ئێستا لای زۆپاكەوە



دادەنیشین و گەرم دەبینەوە. نا، تۆ لەسەر ئەو كورسییە دوو دەسكییە دانیشە، منیش لەسەر ئەو كورسییە بێشكەییە دادەنیشم (دەستی دەگرێت) كەمێك پیر بوو بیت وایە، تەنها لەیەكەم ساتدا بوو ـــ تۆزێك زەرد هەڵگەڕاویت كەمێكیش لاواز بوویت. كریستین.

**خاتولیند:** زۆر، زۆریش پیرتر، نورا

**نورا:** كەمێك پیربوویت، زۆر نا، یەك تۆز، بە دڵنیاییەوە زۆر نا( لەپڕ دەوەستێت و بە جدی دەكەوێتە قسەكردن) چ بوونەوەرێكی بێ هەستم، چۆن بەو شێوەیە دەمەتەقێی لەگەڵدا دەكەم، بم بەخشە كریستینای داماو!.

**خاتولیند:** مەبەستت چییە، نورا؟

**نورا:** (بە هێواشی) كریستینای داماو، بێوەژنیت.

**خاتولیند:** بەڵێ، سێ ساڵە بێوەژنم.

**نورا:** ئا، دەمزانی، لە رۆژنامەكاندا بینیم. دڵنیابە كریستین، لەو كاتەدا زۆر مەبەستم بوو نامەت بۆ بنوسم، بەڵام هەندێك جار وازم لێدەهێناو هەندێك شتیش رێگری لێ دەكردم.

**خاتولیند:** زۆر باش تێدەگەم ئازیزم.

**نورا:** خراپی من بوو، كریستین. داماو، ئەبێت چەند ئازارت چەشتبێت، هیچیشی بۆ بەجێ نەهێشتیت؟

**خاتولیند:** هیچ.

**نورا:** منداڵیش؟

**خاتولیند:** نەء.

**نورا:** هیچ شتێك.

**خاتولیند:** بگرە خەفەت و ناخۆشیشی بۆ بەجێ نەهێشتم تاكو بۆی بژیم.

**نورا:** (بە شێوەیەك سەیری دەكات كە باوەڕ نەكات)بەڵام، كریستین شتی وا دەبێت؟

**خاتولیند:** (بە بزەیەكی خەماوییەوە دەستی دەخاتە ناو قژی) هەندێك جار روودەدات.

**نورا:** كەواتە ئێستا تەواو بە تەنهایت. ئەبێت چەند ناخۆش بێت. من سێ منداڵی رۆح سوكم هەیە. لەبەرئەوەی لەگەڵ دایانەكەیاندا چوونەتە دەرەوە ئێستا ناتوانیت بیان بینیت. بەڵام ئەبێت دەربارەی خۆت هەموو شتێكم بۆ باس بكەیت.

**خاتولیند:** نا، نا، دەمەوێت دەربارەی تۆ ببیستم.

**نورا:** نا، ئەبێت تۆ دەست پێبكەیت. ئەمڕۆ من نابێت خۆپەرست بم، ئەمرۆ تەنها بیر لە كاروبارەكانی تۆ دەكەمەوە. بەڵام شتێك هەیە پێویستە پێت بڵێم زانیوتە كە ئێمە زۆر بەختەوەر بووین؟

**خاتولیند:** نەخێر، چییە؟

**نورا:** تۆ بیر لەوە بكەرەوە، مێردەكەم بووە بە بەرێوەبەری بانك!.

**خاتولیند:** مێردەكەت، چەند بەختێكی باشە!.

**نورا:** بەڵێ، زۆر! پیشەی دادوەرێك كە چەند شتێكی ئاسایی نییە، بەتایبەتی كاتێك كێشەیەك دەگرێتە ئەستۆ رزگاری بكات، وە بە شێوەیەكی سروشتی تۆرڤاڵد پێی خۆش نەبووە ئەوە بكات، منیش بۆ ئەوە لەگەڵیدام. تۆ بیر لەوە بكەرەوە كە ئێمە چەند دڵخۆشین!، تۆرڤاڵد لە ساڵی تازە كارەكانی خۆی دەست پێدەكات، پاشان موچەیەكی باش و دەستكەوتێكی باشی دەبێت. لە داهاتودا ئێمە تەواو جیاواز دەژین ـــ ئەوەی حەزمان لێبێت دەتوانین بیكەین، من زۆر هەست بە ئاسودەیی و كامەرانی دەكەم، كریستین! نایاب دەبێت گەر پارەیەكی زۆرت پێ بێت و پێویست بە دوودڵی نەكات، وانییە؟



www.pertwk.com

**خاتولیند:** بەڵێ، بەهەر حاڵ من وای بۆ دەچم ئەوەندەی پێویستت پێی بێت خۆشە.

**نورا:** نا، نەك تەنها ئەوەندەی پێویستت پێی بێت، بەڵكو پارەی زۆر زۆر.

**خاتولیند:** (بزەیەك دەیگرێت) نورا، نورا، تۆ هێشتا عاقڵ نەبویت؟ كاتێك قوتابی بوویت تۆ زۆر دەست بڵاو بوویت.

**نورا:** (پێدەكەنێت) بەڵێ، تۆرڤاڵدیش ئێستا وام پێدەڵێت (پەنجەی رادەوەشێنێت بەرامبەری) بەڵام "نورا، نورا" ئەوەندە گێل نییە كە تۆ دەیزانیت، ئێمە لە جێگەیەكدا نەژیاوین كە وا لە من بكات پارە بەفیرۆ بدەم، دەبوایە ئێمە هەردوكمان كارمان بكردایە.

**خاتولیند:** تۆش؟.

**نورا:** بەڵێ، كاری هەمەجۆر و چنین، كاری سەیرو نامۆ و لەو جۆرە شتانە.(دەنگ نزم دەكاتەوە) هەروەها شتی تریش. دەزانیت كاتێك ئێمە بووینە هاوسەری یەكتری تۆرڤاڵد ئۆفیسی بەجێ هێشت؟ هیچ هیوایەكی نەبوو پۆستەكەی بەرز بكرێتەوە، دەبوایە لە جاران زیاتر هەوڵی بدایە پارەی دەست بكەوێت. بەڵام لە سێ ساڵی یەكەمدا سامناكانە خۆی هیلاك دەكردوو كاری زیادەی دەكرد، دەزانیت بەهەر شێوەیەك بوایە دەبوایە پارەی پەیدا بكردایە، وە زۆر زوو دەچووە سەر كار و تاوەكو درەنگ كاری دەكرد. بەڵام ترسناكانە نەخۆش كەوت، نەیتوانی خۆی رابگرێت . دكتۆریش پێی وت پێویستە گەشتێك بەرەو باشور بكات.

**خاتولیند:** ساڵێكی تەواوتان لە ئیتالیا بەسەر برد، وا نەبوو؟

**نورا:** ئەتوانم بڵێم شتێكی ئاسایی نەبوو بڕۆین. پاش ئەوە بوو كە ئیڤار لە دایك بوو، بەڵام دەبوایە بڕۆشتینایە، گەشتێكی زۆر جوان و خۆش

بوو، ژیانی تۆرڤاڵدی رزگار کرد بەڵام پارەیەکی زۆری تێچوو، کریستین.

**خاتولیند:** وایە.

**نورا:** دوو سەدوو پەنجا پاوەندی تێچوو، زۆرە، وانییە؟

**خاتولیند:** بەڵێ، خۆشبەختییە گەر لە حاڵەتێکی کتوپری ئاوادا پارەت هەبێت.

**نورا:** با بزانیت، ئێمە ئەو پارەیمان لە بابەم وەرگرت.

**خاتولیند:** ئۆه، دەزانم لەو کاتەدا بوو کە مرد، وانەبوو؟

**نورا:** تۆ بیر لەوە بکەرەوە، من نەمتوانی بچم چاودێری بکەم هەموو رۆژێك چاوەروانی لە دایك بوونی ئیڤارم دەکردو دەبوایە چاودێری تۆرڤاڵدە داماوەکەشم بکردایە. باوکە دڵنەرمە ئازیزەکەم ــــ جارێکی تر نەمبینیەوە، کریستین، لەو کاتەوەی بووین بە هاوسەری یەکتری ئەوە ناخۆشترین کات بوو کە من بینیبێتم.

**خاتولیند:** دەزانم کە تۆ چەند عاشقی بوویت. پاشان ئێوە رۆشتن بۆ ئیتالیا؟

**نورا:** بەڵێ، دەزانیت دوای ئەوەی پارەمان هەبوو، دکتۆریش سور بوو لەسەر رۆشتنەکەمان، پاشان مانگێك دوای ئەوە ئێمە دەستمان کرد بە رۆشتنەکەمان.

**خاتولیند:**وە مێردەکەت بە تەندروستییەکی باشەوە گەڕایەوە.

**نورا:** وەکو گوێزی ساغی لێهات!

**خاتولیند:** بەڵام ــ دکتۆرەکە؟

**نورا:** مەبەستت چییە؟

**خاتولیند:** وابزانم کاتێك کە هاتم بۆ ئێرە کارەکەرەکەتان وتی ئەو پیاوە بەڕێزەی هات دکتۆرەکە بوو؟



**نورا:** بەڵێ، ئەوە دکتۆر رانك بوو، بەڵام بۆ کار نەهاتبوو بۆ ئێرە. لانی کەم رۆژی جارێك دێت. هاورێیەکی ئازیزی ئێمەیە. نا، لەو کاتەوە تۆرڤاڵد یەك دەقیقە نەخۆش نەکەوتووە، منداڵەکانیشمان بەهێزو لەش ساغن، هەروەها خۆشم. (بەرز دەبێتەوەو چەپڵەیەك لێدەدات) کریستین! کریستین! خۆشە مرۆڤ بژی و کامەران بێت! ــ باشە ئەوە بۆ ئەوەندە بێزارکەرم،خۆ من باسی هیچ شتێك ناکەم تەنها کاروباری خۆم نەبێت (لە نزیکی خاتولینداوە لەسەر ستوڵێك دادەنیشێت و دەست دەخاتە سەر ئەژنۆکانی) نابێت لێم زویر بیت. پێم بڵێ، راستە تۆ هاوسەرەکەت خۆش نەویستووە؟ بۆ شوت پێکرد؟

**خاتولیند:** ئەوکاتە دایکم لە ژیاندا بوو، بێ توانا لە جێگەدا کەوتبوو، منیش دەبوایە ئاگام لە دووبرا بچوکەکەم بوایە، لەبەر ئەوە نەمدەتوانی بەڵگەیەك بهێنمەوە پێشنیارەکەی رەت بکەمەوە.

**نورا:** نا، لەوانەیە تۆ تەواو راست بیت. پاشان، ئەو کاتە ئەو دەوڵەمەند بوو؟

**خاتولیند:** باوەرم وایە تەواو دەوڵەمەند بوو، بەڵام ئیش و کارێکی کاتی هەبوو هیچ دڵنیاییەکی تێدا نەبوو، وە کاتێکیش مرد، هەمووی پارچە پارچە بوو، هیچ بەجێ نەما.

**نورا:** ئەی دوایی؟

**خاتولیند:** پاشان دەبوایە هەوڵم بدایە شتێکم دەست بکەوێت و کارێك بدۆزمەوە بیکەم ــــ یەکەم جار دوکانێکی بچوك، پاشان لە قوتابخانەیەکدا کارم دەکرد. ئەو سێ ساڵەی رابردوو بۆ من رۆژگارێکی دوورو درێژی کارکردنی بێوچانم بوو. بەڵام ئێستا کۆتایی پێ هاتووە، نورا. دایکە داماوەکەم لەوە زیاتر پێویستی بە من نییە، چونکە رۆیشت، هەروەها کورەکانیش شوێنی خۆیان گرتووە پێویستین بە من نەماوە، ئێستا بۆ خۆیان دەژین .

**نورا:** ئەبێت هەست بە چ سەربەستییەك بكەیت ــ

**خاتولیند:** لەراستیدا وانییە. من تەنها هەست بەوە دەكەم كە ژیانم بیٚ مانا بەتاڵە، چیتر كەس نیيە بۆی بژیم (بیٚ سرەوت هەڵدەسێتێتە سەرپیٚ) هەر بۆیە، لەوەزیاتر تەحەمولی ئەم جۆگەلە دابڕاوانەی ژیانم ناكەم. هیوادارم لێرە سەرقاڵ ببم و بیركردنەوەم كەمتربكاتەوە. ئەگەر خۆشبەختی ڕووی تێبكردمایە و كارێكم و دەست بكەوتایە ــــ كاری نوسینگە لەو جۆر شتانە ــــ.

**نورا:** بەڵام كریستین، ئەمە هیلاكی‌یە، تۆش ئێستا توانات نەماوە. باشتر بوو ڕووبكەیتە جێگەیەكی ئاودامێنت و پشویەك بدەیت.

**خاتولیند:** (بەرەو پەنجەرەكە دەڕوات) نورا، من باوكم نی‌یە ئەو پارەیەم بداتیٚ گەشتێك بكەم.

**نورا:**(هەڵدەستێتە سەر پیٚ) ئۆه، نابێت لێم زویر ببیت.

**خاتولیند:** (دەڕوات بۆ لای) تۆ لەمن زویر مەبە، ئازیزەكەم. ئەوە جێگاخراپەكەی منە كەسێك بێزار دەكات. كەس نیە كاری بۆ بكەم. هەر ناچارم بەدوای هەلدا بگەڕێم. ژیان وات لێدەكات خۆپەرست بیت. كاتێك پێت وتم گوزەرانتان ڕووی لەباشی كردووە ـ تۆ بەئاسانی باوەڕ ناكەیت ــ من پێم خۆش بوو لەسەر حسابی خۆم بژیم. وەك ئەوەی لەسەر حسابی ئێوە.

**نورا:** مەبەستت چی‌یە؟ ئۆه ، تێدەگەم ، مەبەستت ئەوەیە تۆرڤاڵد كارێكت بۆ بدۆزێتەوە.

**خاتولیند:** بەڵیٚ ئەوە بوو بیرم لیٚ دەكردەوە.

**نورا** : – ئەبێت شتێكت بۆ بكات، كریستین. بۆمنی بەجیٚ بهێڵە ، زۆر وریایانە ڕێگەیەك بۆ ئەمە دادەنێم، بیر لە شتێك دەكەمەوە كە زۆر دڵخۆشی بكات، زۆرم پیٚ خۆشە یارمەتیت بدەم.



www.pertwk.com

**خاتولیند:** چاكی خۆتە، نورا، كە هەوڵ دەدەیت یارمەتیم بدەیت! چونكە زۆر كەم لەخەم و باری گرانی ژیان دەزانیت . ئەمە دوو هێندە چاكی تۆ دەردەخات.

**نورا:** من ــ؟ زۆر كەم لەوشتانە دەزانم؟

**خاتولیند:** (بەخەندەیەكەوە ) ئازیزم! كاروباری ناوماڵ و لەو جۆرە شتانە! ـ تۆ منداڵیت، نورا.

**نورا:** –(سەری بادەدات و بەسەر تەختەی شانۆكەدا دەڕوات) نابێت ئەوەندە خۆت بەزل بزانیت.

**خاتولیند:** نا ؟

**نورا:** تۆش وەكو خەڵكی وایت. هەموو وا بیردەكەنەوە كەمن لەبەرامبەر ئەوشتانەی كەبەڕاستی گرنگن بێتوانام ــــ

**خاتولیند:** ئیٚ ، ئیٚ.

**نورا:** – ــــ كە من لەم دنیای پڕ ئاگایەدا هیچ گرفتێك نەهاتووەتە ڕێگەم .

**خاتولیند:** بەڵام ئازیزەكەم ، نورا، تۆ هەموو گرفتەكانی خۆتت بۆ باسكردم.

**نورا:** – پوه! ــ ئەوانە هیچ نەبوون (دەنگی نزم دەكاتەوە) شتی گرنگم بۆ باس نەكردوویت.

**خاتولیند:** شتی گرنگ؟ مەبەستت چی‌یە؟

**نورا:** – كریستین، تۆ زۆر بەكەمی سەیری من دەكەیت ــــ بەڵام نابێت وابێت. تۆ نەبوویت شانازیت بەخۆتەوە دەكرد لەبەرئەوەی كاری قورس و زۆرت بۆ دایكت كردبوو؟

**خاتولیند:** لەڕاستی‌دا من كەس بەكەم نازانم، بەڵام ڕاستە من خۆشحاڵم و شانازی بەخۆمەوە دەكەم، لەبەرئەوەی توانیم تا دواسات لەگەڵ دایكم دابم و ئێستا بیٚ خەم ببم.

**نورا:** شانازیش بەوە دەكەیت كەچیت كردووە بۆ براكانت .

**خاتوليند:** وابزانم مافی خۆمە شانازی پێوەبکەم.

**نورا:** منیش وای بۆ دەچم، بەڵام با ئێستا پێت بڵێم، منیش هەندێك شتم هەیە خۆشحاڵم بکات و شانازی پێوەبکەم.

**خاتوليند:** گومانم لەوە نییە، بەڵام ئەوەی تۆ لەچ بارەیەکەوەیە؟

**نورا:** – هێواش قسە بکە. لەوە دەچێ گوێی لێمان بێت! نابێت بەهیچ شێوەیەك بیبیستێ ـــــ کریستین. نابێت لەم دنیایەدا جگە لەتۆ کەسی تر بیزانێت.

**خاتوليند:**بەڵام چییە؟

**نورا:** – وەرە بۆ ئێرە (لەلای خۆیەوە لەسەر قەنەفەکە دایدەنیشێنێ) ئێستا پێت دەڵێم کەمنیش هەندێك شتم هەیە خۆشحاڵم بکات و شانازی پێوە بکەم. ئەوە من بووم ژیانی تۆرڤالدم ڕزگار کرد.

**خاتوليند:** "ڕزگار کرد"؟ چۆن؟

**نورا:** دەربارەی گەشتە کەمان بۆ ئیتاڵیا شتێکم بۆ باسکردیت ، گەر تۆرڤاڵد نەرۆیشتایە بۆ ئەوێ هەرگیز چاك نەدەبووەوە ـــــ

**خاتوليند:**بەڵێ، بەڵام باوکت خەرجی پێویستی دابو پێتان.

**نورا:** (زەردەخەنەیەك دەیگرێت)، بەڵێ، ئەوە شتێکە، تۆرڤاڵد و ئەوانی تریش وا دەزانن. بەڵام ـــــ

**خاتوليند:** بەڵام ـــــ؟

**نورا:** باوکم یەك شیلینگی نەداینێ. من ئەو پارەیەم پەیدا کرد.

**خاتوليند:** تۆ؟ هەموو ئەو برە زۆرە؟

**نورا:** دووسەدوو پەنجا پاوەند. چۆنە بەلاتەوە؟

**خاتوليند:** بەڵام ، نورا، چۆن توانیت ئەوە بکەیت. خەڵاتت بردەوە؟

**نورا:** (بەشێوازێکی لەخۆبایی بوونەوە) خەڵات، لەوەدا هیچ شایەنێك نییە.

**خاتوليند:**بەڵام، ئەی لەکوێ دەستت کەوت؟



www.pertwk.com

**نورا:** (هەناسەیەکی خەماوی هەڵدەکێشێت و بەزەردەخەنەیەکەوە ورتە ورت دەکات) هم !هم! ئەها!

**خاتوليند:** لەبەرئەوەی تۆ نەتتوانیوە قەرزی بکەیت.

**نورا:** نەمتوانیوە ؟ بۆ نا؟

**خاتوليند:** نەخێر ، ژن ناتوانێت بەبێ ڕازیبونی مێردەکەی قەرز بکات.

**نورا:** (سەری بادەدات) ئۆه، ئەگەر ژنێك بێت سەری لە ئیش و کار دەربچێت ــ ژنێك سەلیقەی هەبێت و کەمێك ژیر بێت ــ

**خاتوليند:** هیچ تێناگەم ، نورا.

**نورا:** –هیچ پێویست ناکات، من هیچ نەموتووە پارەم قەرز کردووە. لەرێگەیەکی ترەوە دەستم کەوتووە (لەسەر قەنەفەکە پاڵ دەکەوێت) لەوانەیە لەلایەن هەندێك لەو کەسانەوە دەستم کەوتبێت کە سەرسامم بوون، کاتێك کەسێك وەکو من سەرنج ڕاکێش بێت ـــــ

**خاتوليند:** بونەوەرێکی شێتی.

**نورا:** ئێستا تۆ دەتەوێت هەمووشتێك بزانیت، کریستین.

**خاتوليند:** گوێ بگرە، نورای ئازیز. ئایا کەمێك هەڵەشە نەبوویت؟

**نورا:** (یەکسەر هەڵدەستێتە سەر پێ) ئەگەر ژیانی مێردەکەت ڕزگاربکەیت، ئەمە هەڵەشەییە؟

**خاتوليند:**لای من هەڵەشەییە، بەبێ ئاگاداری ئەو ـــ

**نورا:** – بەڵام بەدڵنیاییەوە واپێویستی دەکرد نەیزانێ! خوایە گیان. تێناگەیت؟ دەبوایە نەیزانیبایە کەلە چ بارودۆخێکی ترسناکدایە. دکتۆرەکە هات و پێی وت ژیانی لە مەترسیدایە، تەنها شتیش کە ڕزگاری بکات مانەوەی بوو لەباشور. وا دەزانێت سەرەتادا بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتانە بەشێوەیەکی دبلۆماتیانە هەولم نەداوە؟ پێم وت چەند خۆشە وەکو هەموو ئەو ژنە گەنجانەی تر گەشتێك بکەین بەرەو

دەرەوە، لێی پاڕامەوە و فرمێسکم بۆ ڕشت، پێم وت دەبێت ئەوەت لەبیر بێت کەمن لە چ بارودۆخێکدام. دەبێت بەسۆز و دڵفراوان بیت لەگەڵمدا، بگرە ئاماژەشم بەوەکرد کەدەتوانێت قەرز بکات ، ئەمەش زۆر بە زوویی توڕەیی کرد، کریستین. ئەو دەیگوت من زۆر بێهەستم، ئەوەش ئەرکی ئەوبوو وەکو مێردی من نەئەبوایە ئەو ئارەزوو و خواستانەی من پشت گوێ بخات ـــ من باوەڕم وایە کە بەو شێوەیە لەبۆچونەکانی من تێدەگەیشت. زۆر بەباشی بیرم لەوەکردبووەوە کەدەبێت ڕزگار بکرێت ـ بۆیە بۆ ڕزگاربوون لەناهەمواری ئەو ڕێگەیەم بەکارهێنا.

**خاتولیند**: ئایا مێردەکەت لەڕێگەی باوکتەوە نەیزانیوە کە ئەو پارەیە هی ئەو نەبووە؟

**نورا**: نەخێر، هەرگیز. لەوکاتەدا بابەم مرد، مەبەستم بوو بەشاراوەیی لای ئەو بیهێڵمەوە و داواشم لێکرد ئاشکرای نەکات. بەڵام زۆر نەخۆش بوو ـــ بەداخەوە، هیچ پێویستی نەکرد پیێ بڵێم.

**خاتولیند**: تۆش لەوکاتەوە ئەو نهێنی‌یەت بەمێردەکەت نەوتووە؟

**نورا**: ئاسمانی مەزن! نەخێر. تۆ چۆن بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟ پیاوێك کە بۆچوونی توند و قورسی بەرامبەر بەو شتانە هەبێت! لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سوکایەتی یە بۆ تۆرڤاڵد. لەگەڵ ئەو سەربەخۆیی‌یە پیاوانەیەی ئەودا، بۆئەوەی بزانێت شتێکی من قەرزدارە! گەر بیزانیایە، ئەم پەیوەندیەمان بەتەواوی هەڵدەوەشایەوە و لەوە زیاتر ئەم ماڵە جوان و خۆشەشمان بەوشێوەیە نەدەمایەوە.

**خاتولیند**: مەبەستت ئەوەیە هەرگیز پیێ ناڵێیت؟

**نورا**: لەوانەیە پاش چەند ساڵێك، کاتێك لەوە زیاتر وەکو ئێستا جوانیم نامێنێ. پێم پێمەکەنە! بێگومان مەبەستم ئەوەیە کاتێك لەوە زیاتر تۆرڤاڵد گرنگیم پێ نادات. کاتێك سەماو خۆجوانکردن و هەندێك شتی



www.pertwk.com

تر لای ئەو کۆتاییان دێت ، پاشان ئەمانە باشن بۆ ئەوەی لەکاتی دژواریدا هەندێك شتت هەبێت ـــــ (کەمێك بێدەنگ دەبن)) قسەی هیچ ! کاتی وا هەرگیز نایەت. کریستین. ئێستا تۆ چۆن بیر لەو نهێنییە گەورەیەی من دەکەیتەوە؟ هەر وا دەزانیت بێکەڵکم؟ هەروەها دەتوانم بڵێم کەئەو کاروبارانە هەندێك دوودڵیان کردووم. بەبێ هۆ ئاسان نەبووە بۆ من وادەی ئەم شەڕە. دەتوانم بڵێم هەندێك شت هەیە لەئیش وکاردا پیێ دەوترێت بەرژوەندی کاتی و شتێکی تر هەیە پیێ دەوترێت پارەدانی بەش بەش، هەندێك جاریش بەکارهێنانیان ئاسان نی‌یە، لەهەرشوێنێك بمتوانیایە، لێرەو لەوێ دەبوایە پارەم پاشەکەوت بکردایە، تێدەگەیت. لەپارەی خەرجی ناوماڵ نەمتوانیوە بڕێکی زۆر بخەمە لاوە، دەبوایە تۆرڤاڵد کاری باشی هەبوایە. لەبەرئەوە نەمتوانیوە منداڵەکانیشم بە شڕو دڕی ڕاگرم، واهەستم کردووە ناچاربووم هەموو ئەو پارەیی کەدەیدا پێم بۆیان خەرج بکەم، بۆ ئازیزە شیرینە بچکۆلانەکانم!

**خاتولیند**:نورای داماو، کەواتە دەبوایە لەپێویستی‌یەکانی ژیانتانت بگرتایەتەوە؟

**نورا**: – بێگومان، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها کەس کە لێپرسراوبێت بۆ ئەو کارە من بووم. هەرکاتێك تۆرڤاڵد پارەی بدایە پێم بۆ جل و بەرگ و شتی تر، هەموویيم خەرج نەدەکرد، هەموو کاتێك شتی سادە و هەرزانم کڕیوە. سوپاس بۆ یەزدان جلەکانیش جوان بوون، تۆرڤاڵدیش تێبینی ئەوەی نەکردووە، بەڵام، کریستین، هەندێ جار ئەمە قورس بووە بۆ من ـــ چونکە، بەڕاستی خۆشە پۆشتە بیت، وانی‌یە؟

**خاتولیند**: لەڕاستیدا وایە.

**نورا**: ئێ، پاشان ڕێگەی ترم دۆزییەوە بۆ دەست کەوتنی پارە، زستانی ڕابردوو بەختەوەربووم، لەبەرئەوەی هەندێك کاری نوسینم دەست کەوت. بەو شێوەیە خۆم قفڵ دابوو هەموو ئێوارەیەك تا درەنگ دادەنیشتم دەمنووسی، هەندێك جار زۆر هیلاك دەبووم. بەڵام هەمووی خۆشییەکی گەورە بوو بۆ من دابنیشم و کاربکەم و پارە پەیدا بکەم. بەتەواوی واهەستم دەکرد وەکو پیاو وام.

**خاتولیند**: باشە بەو شێوەیە توانیت چەند لەو پارەیە بدەیتەوە؟

**نورا**: بەتەواوی ناتوانم پیتبڵێم. دەزانیت ئاسان نییە حسابی ئیش وکاری لەو جۆرە رابگریت. دەتوانم بڵێم هەموو پێنییەکی ئەو پارەیەی کۆمکردووەتەوە داومەتەوە، لەڕاستیدا هەندێك جار نەمدەزانی ڕووبکەمەوە کوێ ( زەردەخەنەیەك دەیگرێت) پاشان لێرەدا دادەنیشتم و ئەوەم دەخستە خەیاڵی خۆمەوە کە پیاوماقوڵێکی پیری دەوڵەمەند کەوتووتە داوی خۆشەویستییەوە لەگەڵمدا ـــــــــ.

**خاتولیند**: چی!! پیاوماقوڵ؟

**نورا**: بێدەنگ بە! ـــ مردووە، کاتێکیش دوا کۆچم نامەکەی دەکرێتەوە، بەپیتی گەورە نوسراوە، ڕێنمایی " خاتوو نورا هێڵمەری خۆشەویست، ئەوەی کەمن هەمە بەنەقد بیدرێتی".

**خاتولیند**: بەڵام، نورای ئازیز ــ ئەبێت ئەو پیاوە کێ بێت؟

**نورا**: خوایەگیان، تێناگەیت؟ پیاوماقوڵی پیر هەرنەبووە. کاتێك نەمدەتوانی بۆ پەیداکردنی پارە بیر لە ڕێگەیەك بکەمەوە، لێرەدا دادەنیشتم و بیرم لەوە دەکردەوە. بەڵام ئێستا هەموو شتێك چوونیەکەو ئەو پیاوە پیرە ماندووکەرەش دەتوانێت لە شوێنی خۆیدا بێت و ئەوەندەیتر دوور بێت، من گوێ بەخۆیو دوا کۆچ نامەکەشی نادەم، لەبەرئەوە من ئێستا گوێ بەهیچ شتێك نادەم! (لەجێگای خۆی بەرزدەبێتەوە) خوایەگیان،



www.pertwk.com

خۆشەوبیری لێبکەیتەوە، کریستین! بێ خەم بیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بێ خەم بیت، تەواو بێ خەم بیت!. تۆ بیر لەوە بکەرەوە، هەر زوو بەهار دێت لەگەڵ ئاسمانی شینی فراواندا. لەوانەیە ئێمە بتوانین گەشتێکی بچوك بکەین ــ لەوانەیە جارێکی تر دەریا ببینمەوە! ئۆه ، زۆر خۆشە مرۆڤ بژی و کامەران بێت ( لەهۆڵەکەدا زەنگێك دەبیسترێت).

**خاتولیند**(هەڵدەستێتە سەر پێ) زەنگە، وابزانم بڕۆشتمایە باشتر بوو.

**نورا**: نا، مەڕۆ، کەس نایەتە ئێرە. بەدڵنیاییەوە بۆ لای تۆرڤاڵد دێت.

**خزمەتکار**: –( لەناو دەرگای هۆڵەکەوە) ببەخشە، خانمەکەم ـــ بەڕێزێکە دەیەوێت مستەر هێڵمەر ببینێت ــ دکتۆریش هات.

**نورا** : – کێیە؟

**کرۆگستاد**: – (لەناو دەرکەوە) منم، خاتو هێلمەر (خاتولیند دەپەشۆکێت و ڕوودەکاتە پەنجەرەکە)

**نورا**: – ( هەنگاوێك بەرەو ڕووی دەڕوات و بەدەنگی نزم قسە دەکات) تۆیت؟ چییە؟ بۆچی دەتەوێت مێردەکەم ببینیت؟

**کرۆگستاد**: – کاروباری بانکە ـ بەشێوەیەك، من پۆستێکی بچوکم لەبانکدا هەیە، بیستومە ئێستا مێردەکەت بووەتە سەرۆکی ئێمە ـــــ

**نورا**: – پاشان ئەو ـــــ

کرۆگستاد: هیچ نییە تەنها مەسەلەی ئیش وکارە، خاتو هێڵمەر، بەدڵنیایەوە هیچیتر نییە.

**نورا**: – وەکو چۆن دەچیتە وانەوە ئەوەندە ڕێك وپێك بە، (بێ ئاگایانە سەری دادەخات و دەرگای هۆڵەکە پێوە دەدات ، پاشان دەگەڕێتەوە و ئاگری زۆپاکە دەکات).

**خاتولیند**: نورا ـــ ئەو پیاوە کێ بوو؟

**نورا**: – پارێزەرێکە ، ناوی کرۆگستادە.

**خاتوليند:** بەراست ئەو بوو!

**نورا :** – ئەو پياوە دەناسيت؟

**خاتوليند:** سالأنێك لەمەوبەر دەمناسی، كاتێك نوسەری پارێزەرێك بوو لەشارەكەی ئێمە كاری دەكرد.

**نورا:** بەڵێ، وابوو.

**خاتوليند:** زۆر گۆڕاوە.

**نورا:** – ژنێكی هێنا لەپاڵيدا نەحەسايەوە.

**خاتوليند:** ئێستا بێوەپياوە، وانیيە؟

**نورا :** – لەگەڵ چەند منداڵيكدايە. ئەوەتا ئێستا دەسوتێ (دەرگای زۆپاكە پێوەدەدات و بێشكە كورسیيەكە دەخاتە لاوە) .

**خاتوليند:** دەڵێت، چەند كارێكی جۆراوجۆر دەكات.

**نورا:** – بەڕاست ! لەوانەيە بيكات. من هيچ شتێك دەربارەی نازانم. بەلأم با ئەوەندە بير لە ئيش وكار نەكەينەوە، زۆر بێزاركەرە.

**رانك:** – ( لە ژوورەكەی هێلمەر دێتە دەرێ و پێش ئەوەی دەرگاكە دابخات بانگی هێلمەر دەكات) ، نا، هاوڕێی ئازيزم، بێزارت ناكەم، پێم باشە كەمێك چاوم بەخێزانەكەت بكەوێت (دەرگاكە پێوە دەدات و خاتوليند دەبينێت) بم بەخشن، دەترسم ئێوەشم بێزار كردبێت.

**نورا:** – نا، هەرگيز( خاتوليندی پێدەناسێنێ) دكتۆر رانك ، خاتوليند.

**رانك:** زۆرجار ناوی خاتووليندم لێرە بيستووە. وابزانم كاتێك گەيشتمە ئێرە لەسەر قادرمەكاندا بەلای تۆدا تێپەڕيم، خاتوليند؟

**خاتوليند:** بەڵێ، زۆر بەهێواشی دەڕۆيشتم، ناتوانم باش بەقادرمەدا سەر بكەوم.

**رانك:** ئاه! هەندێك لاوازی جەستەييە؟

**خاتوليند:** نا، راستيەكەی ئەوەيە من زۆر خۆم هيلاك دەكەم.



www.pertwk.com

**رانك:** لەوە زياتر هيچ شتێكی تر نييە؟ پاشان وابزانم هاتويت بۆ شار بۆ ئەوەی كاتی خۆت لەگەڵ خۆشيەكانی ئێمەدا بەسەربەريت؟

**خاتوليند:** هاتوم بە دوای كاردا بگەرێم.

**رانك:** ئايا چارەسەرێكی باشە بۆ زياد كاركردن؟

**خاتوليند:** دكتۆر رانك ئەبێت بژيت.

**رانك:** بەڵێ، بۆچونە گشتييەكان وا دەردەخەن كە ئەمە پێويستە.

**نورا:** سەيری ئێرە بكە دكتۆر رانك ـــ پێويستە خۆت بژێنيت!

**رانك:** بە دڵنياييەوە، هەرچەندە هيلاكم و بێتاقەتم. دەمەوێت هێندەی بگونجێت درێژە بەم ئازار و نالأندنەم بدەم. هەموو نەخۆشەكانم بەو شێوەيەن. وە هەروەها ئەوانەش كەلە رەوشتدا نەخۆشن، يەكێك لەوانە كە بارێكی خراپی هەيە ئا لەم كاتەدا لەگەڵ هێلمەردايە ـــ

**خاتوليند:** (بە غەمبارييەوە) ئاه!

**نورا:** مەبەستت كێيە؟

**رانك:** پارێزەرێكە بە ناوی كرۆگستادەوە، برادەرێكە تۆ هەرگيز ناييناسيت، كەسێكە لە ناخەوە بۆگەنی كردووە، خاتو هێلمەر. كەچی هەر باسی خۆی دەكات كە چەند كەسێكی گرنگە، دەبێت بژی.

**نورا:** وايە؟ دەيەوێت دەربارەی چی قسە لەگەڵ تۆرڤاڵدا بكات؟

**رانك:** نازانم، تەنها گوێم لەوە بووە كە هەندێك شت بوو دەربارەی بانك.

**نورا:** نەمزانيبوو ـــ ناوی چييە ـــ كرۆگستاد، هيچ شتێكی هەبوو لە بانك بيكات؟

**رانك:** بەڵێ، لەوێ شوێنی دەست كەوتووە (روو دەكاتە خاتوليند) نازانم، ئەگەر لەو دنيايەی تۆشدا خەڵكانێك شك ببەيت بەپەرۆشەوە بەدوای گەندەڵی رەوشتدا دەگەرێن، هەر كە دۆزييانەوە، كەسێك لەو شوێنە

سوودبەخشەدا دادەنێت تاوەکو چاوێکی لەسەر بێت. کەسێك نییە شیاو بێت لە شوێنی شیاودا.

**خاتولیند**: وابزانم ئەو کەسانە نەخۆشن کە پێویستیان بە چاودێری هەیە.

**رانك**: (شانی هەڵدەتەکێنێت) بەڵێ، وەکو ئێوە. ئەو سۆزەی کە کۆمەڵگا دەکاتە نەخۆشخانە.

(نورا، نوقمی بیرکردنەوە بووە، بە پێکەنینێکی شاراوەوە دەستی دەدات بەیەکدا).

**رانك**: بۆچی بەوە پێدەکەنیت؟ تۆ چەمکێك شك دەبەیت کە ئایا ئەم کۆمەڵگایە چییە؟

**نورا**: ئێوە چیتان داوە لەم کۆمەڵگا بێزراوە؟ من بە شتێك پێدەکەنم کە زۆر جیاوازە، شتێکی زۆر خۆشە. دکتۆر رانك پێم بڵێ، هەموو ئەو کەسانەی کە لە بانکدا دامەزراون ئێستا لەژێر دەستی تۆرڤاڵددا کار دەکەن؟

**رانك**: ئەمەیە کە تۆ بەخۆشی دەزانیت؟

**نورا**: (بە خەندەیەکەوە منگە منگێك دەکات) ئەوە کاروباری منە! (بە ژوورەکەدا پیاسە دەکات) زۆر شکۆمەندییە بیر لەوە بکەیتەوە کە ئێمە ـــ تۆرڤاڵد بەسەر ئەو هەموو خەڵکەدا ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە.

(پاکەتەکە لە گیرفانی دەردەهێنێت)دکتۆر رانك، ماکەرۆنی ناخۆیت ؟

**رانك**: چی، ماکەرۆنی؟ وام دەزانی لێرە یاساخە.

**نورا**: بەڵێ، هەندێك بوو کریستین دای پێم.

**خاتولیند**: چی! من؟ ـــ

**نورا**: ئۆه، باشە، مەترسە! نەتزانیوە تۆرڤاڵد یاساخی کردووە. با پێت بڵێم ئەو لەو دەترسێت ددانەکانم بشێوێنێت. بەڵام، باه ـــ بە شێوەیەك ـــ ئاوایە، وانییە دکتۆر رانك؟ بە خۆشی تۆوە! (ماکەرۆنییەك دەخاتە



www.pertwk.com

دەمییەوە) دەبێت، تۆش دانەیەك بخۆیت کریستین. منیش دانەیەك دەخۆم ـــ تەنها دانەیەکی بچوك ـــ یان دووان. (پیاسە دەکات) من زۆر شادمانم. تەنها یەك شت هەیە لەم دنیایەدا کە ئێستا حەز دەکەم بیکەم.

**رانك**: باشە، چییە؟

**نورا**: هەندێك شتە ئەگەر تۆرڤاڵد گوێی لێم بێت حەز دەکەم بیڵێم.

**رانك**: باشە، بۆ نایڵێیت؟

**نورا**: نا، ناوێرم، خورپەیە.

**خاتولیند**: خورپە؟

**رانك**: باشە، من ئامۆژگاریت ناکەم بیڵێیت، جاریٚ لەگەڵ ئێمەدا دەتوانیت. ئەو شتە چییە حەز دەکەیت بیڵێیت ئەگەر تۆرڤاڵد گوێی لێبێت.

**نورا**: تەنها حەز دەکەم بیڵێم ـ باشە، من نەفرەتم لێکراوە .!

**رانك**: شێتیت؟

**خاتولیند**: نورا، ئازیز ـــ !

**رانك**: دەی بیڵێ، ئەوەتا لێرەیە!

**نورا**: (پاکەتەکە دەشارێتەوە) ووس! ووس! ووس (هێڵمەر چاکەتەکەی بەسەر باڵیەوە و کڵاوەکەی بە دەستیەوەیە لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرێ)

**نورا**: رزگارت بوو لەدەستی، تۆرڤاڵدی ئازیز؟

**هێڵمەر**: بەڵێ، ئێستا رۆشت.

**نورا**: با پێت بناسێنم ـ ئەوە کریستینە، هاتووە بۆ شار ـــ

**هێڵمەر**: کریستین ـــ؟ بم بەخشە بەڵام نازانم ـــ

**نورا**: ئازیزم، خاتولیند، کریستین لیند.

**هێڵمەر**: بیگومان، وابزانم هاورێی ژنەکەم بووە لە قوتابخانە ؟

**خاتولیند:** بەڵێ، لەوکاتەوە یەکتری دەناسین.

**نورا:** ئەوەش بزانە، گەشتێکی دوورودرێژی کردووە بۆ بینینی تۆ.

**هێڵمەر:** مەبەستت چییە؟

**خاتولیند:** نا، لەڕاستیدا، من ـــ

**نورا:** کریستین لە کاروباری نوسینگەدا زۆر زیرەکە، وە زۆر تامەزرۆی ئەوەیە لەلای پیاوێکی زیرەك کار بکات، بۆ ئەوەی خۆی چاك بکات ـــ

**هێڵمەر:** زۆر ژیرانەیە خاتولیند.

**نورا:** کاتێکیش بیستبووی تۆ کراویت بە بەرێوەبەری بانك ـــ دەزانیت هەواڵەکە بڵاو ببووەوە ـــ زۆر بە خێرایی هاتووە بۆ ئێرە، تۆرڤاڵد من دڵنیام دەتوانیت شتێك بۆ کریستین بکەیت، لەبەر خاتری من، دەتوانیت؟

**هێڵمەر:** باشە، ئەوەندە شتێکی گران نییە. خاتولیند، وابزانم بێوەژنیت؟

**خاتولیند:** بەڵێ.

**هێڵمەر:** هەندێکیش ئەزمونت لە ئیش و کاردا هەیە ؟

**خاتولیند:** بەڵێ ، زۆرباش.

**هێڵمەر:** ئاها! باشە، لەوانەیە شتێکت بۆ بدۆزمەوە ـــــــ

**نورا:** (چەپڵەیەك لێدەدات) چیم پێ وتیت؟ چیم پێ وتیت؟

**هێڵمەر:** لە کاتێکی باشدا هاتیت خاتولیند.

**خاتولیند:** نازانم چۆن سوپاست بکەم؟

**هێڵمەر:** پێویست ناکات (پاڵتۆکەی لەبەر دەکات) بەڵام ئەمڕو دەبێت بمبەخشیت ـــ

**رانك:** یەك دەقە بووەستە، لەگەڵت دێم (لە هۆڵەکەدا پاڵتۆ فەروەکەی دەهێنێت و لەبەر ئاگرەکە گەرمی دەکاتەوە)

**نورا:** تۆرڤاڵدی ئازیز، زۆرت پێنەچێت.



**هێڵمەر:**تەنها کاتژمێرێکم پێ دەچێت، زۆرتر نا..

**نورا:** کریستین، تۆش دەڕۆیت؟

**خاتولیند:** (عەباکەی لەبەر دەکات) بەڵێ، دەبێت بڕۆم بەدوای ژورێکدا بگەڕێم.

**هێڵمەر:** ئۆه، باشە، بەیەکەوە بە شەقامەکەدا دەڕۆینە خوارەوە.

**نورا:** (یارمەتی خاتولیند دەدات) جێگای بەزەییە ژووری زیادەمان نییە، شوێنەکەمان زۆر تەسکە، بەڵام باشتر وایە ـــ

**خاتولیند:** تکایە بیر لەوە مەکەرەوە! خوات لەگەڵ ، نورا، زۆر سوپاس.

**نورا:** جاری خوات لەگەڵ. بێگومان ئێوارە دەگەڕێیتەوە، دکتۆر رانك تۆش، تۆ دەڵێیت چی؟ ئەگەر هەندێك باش یت؟ ئۆه! باش دەبیت! باش خۆت بپێچەرەوە (بەدەم قسە کردنەوە دەڕۆنە دەرەوە،لەسەر پلیکانەکان دەنگی منداڵەکان دێت).

**نورا:** ئەوەتان، ئەوەتان! (رادەکات دەرگاکە بکاتەوە،دایانەکە بە منداڵەکانەوە دێتە ژوورەوە.) وەرنە ژوورەوە! وەرنە ژوورەوە (دادەنەوێتەوە و ماچیان دەکات) ئۆه، خۆشەویستە شیرینەکانم ! سەیرکە کریستین ! جوان نین؟

**رانك:** لەمبەر سەرمایە رامان مەگرە.

**هێڵمەر:** وەرە خاتولیند ئێستا شوێنەکە وای لێدێت مەگەر تەنها دایك بتوانێت خۆی بۆ رابگرێت!

(رانك و هێڵمەر و خاتولیند دەڕۆنە خوارەوە، دایانەکە بە منداڵەکانەوە دێتە پێشەوە، نورا دەرگای هۆڵەکە پێوەدەدات).

**نورا:** چەند جوان و خاوێنن! ئەو ڕوومەتە جوانانە! ـــ ئەڵێی سێوە لاسورەیە (کاتێك نورا لەگەڵیان دەدوێت منداڵەکان بەیەکەوە قسە دەکەن) کاتێکی خۆشتان بەسەر برد؟ نایابە! چی، لەسەر گالیسکەکە پاڵت بە ئێمی و

www.pertwk.com

بۆبەوە ناوە ؟ ــ هەردووکیان بەیەکەوە؟ ـــ بویت بە پیاو ئیڤار، تۆ کورێکی ئازایت. ئانی، با تۆزێك ئەو کچە بگرمە باوەش، کۆرپە بوکە شوشـە جوانەکـەم (منداڵەکـە لـە کارەکەرەکـە وەردەگرێـت و هـەڵی دەپڕێنێـت) ئـا، ئـا، دایـە سـەماش لەگـەڵ بۆبـدا دەکـات. چـی! تۆپەڵـە بەفرت کردووە؟ خۆزگە منیش لەوێ بومایە! نا قەیناکە، بە یارمەتیت، ئان، من جلەکانی دادەکەنم، چەند خۆشە. تۆ بچۆرە ژوورەوە خەریکە رەق دەبیتەوە، هەندێك قاوەی گەرم لەسەر زۆپاکە هەیە بیخۆرەوە .

(دایەنەکە لەلای چەپەوە دەڕواتە ژوورەوە. کاتێك منداڵەکان بەیەکەوە قسە دەکەن، نورا شتەکانیان دادەکەنێت و فڕێیان دەدات)

**نورا:** بەڕاست! سەگێکی گەورە دواتان کەوت؟ بەڵام گازی لێنەگرتن؟ نا سەگ گاز لە منداڵی بووکە شوشەی جوان ناگرێت، ئیڤار، سەیری ئەو پاکەتە پێچراوانە مەکە. ئەوانەچین؟ ئاه، حەز دەکەیت بزانیت چییە؟ نا، نا، وریابە گـازت لێدەگرێت! وەرن بـا یارییـەك بکـەین! یـاری چـی بکـەین؟ چاوشـارکێ؟ یـاری چاوشـارکێ دەکـەین. یەکـەم جـار بـۆب خـۆی دەشارێتەوە. من یەکەم جار خۆم بشارمەوە؟ زۆر باشە، یەکەم جار من خۆم دەشارمەوە (نورا و منداڵەکان پێدەکەنن و هاوار و هەڵبەز و دابەز دەکەن بۆ ناوەوە و دەرەوەی ژوورەکە، دوا جار نورا لەژێر مێزەکەدا خۆی دەشارێتەوە، منداڵەکان رادەکەنە دەرەوە و ناوەوە بۆی دەگەڕێن. بەڵام نایبینن. گوێیان لە پرمە پرمی پێکەنین دەبێت و رادەکەن بۆ لای مێزەکە، پەڕۆکەی سەری لادەبەن و دەیدۆزنەوە، بە هاواری پێکەنین و بە گاڵگۆڵکێ دەڕوات بۆ ئەوەی بیان ترسێنێت. لەو کاتەدا لە دەرگای هۆڵەکە دەدرێت، بەڵام هیچ کەس لەوان ئاگایان لێی نییە، دەرگاکە نیمچە کراوەیەو کرۆگستاد دەردەکەوێت، کەمێك دەوەستێت، یارییەکە هەر بەردەوامە)



**کرۆگستاد:** بم بەخشە، خاتو هێڵمەر ـــ

**نورا:** (بە هاوارێکی تاساوەوە ئاوڕێك دەداتەوە و هەڵدەستێتە سەر چۆك) ئاه، چیت دەوێت؟

**کرۆگستاد:** بم بەخشە، دەرگای دەرەوە لەسەر پشت بوو، وابزانم کەسێك لەبیری چوو بوو دایبخات.

**نورا:** (هەڵدەستێتە سەر پێ) مێردەکەم لە دەرەوەیە، میستر کرۆگستاد.

**کرۆگستاد:** دەزانم.

**نورا:** ئەی چیت دەوێت لێرە؟

**کرۆگستاد:** تەنها وشەیەك لەگەڵ تۆدا.

**نورا:** لەگەڵ مندا؟ ــ ( بە هێواشی قسە لەگەڵ منداڵەکان دەکات) بڕۆنە ژوورەوە بۆ لای ئان. چی؟ نا، ئەو پیاوە نەناسە ئازاری دایە نادات، هەر کە رۆیشت یارییەکی تر دەکەین (لەلای راستەوە منداڵەکان دەکاتە ژوورەوە دەرگاکەیان لێ پێوە دەدات) دەتەوێت قسەم لەگەڵدا بکەیت؟

**کرۆگستاد:** بەڵێ، دەمەوێت.

**نورا:** ئەمڕۆ؟ هێشتا یەکەم رۆژی مانگ نەهاتووە.

**کرۆگستاد:** نەخێر، کریسمەس ئیڤە، ئەمەش دەکەوێتە سەر خۆت، چ جۆرە کریسمەسێك بەسەر ببەیت.

**نورا:** مەبەستت چییە؟ دڵنیابە ئەمڕۆ محاڵە ـــ

**کرۆگستاد:** ئێمە تا دوایی لەو بارەیەوە قسە ناکەیتن، ئەمە شتێکی جیاوازە. وابزانم بوارم دەدەیتێ.؟

**نورا:** بەڵێ ـــ بەڵێ، دەتوانم ـــ هەرچەندە ـــ

**کرۆگستاد:** چاکە، لە چێشتخانەی ئۆڵسن بووم، مێردەکەتم بینی بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتە خوارەوە.

**نورا:** ئێ؟

www.pertwk.com

**كرۆگستاد:** لەگەڵ خانمێكدا بوو؟

**نورا:** پاشان چی؟

**كرۆگستاد:** دەتوانم بپرسم كە ئایا ئەوە خاتولیند بوو لەگەڵیدا؟

**نورا:** بەڵێ.

**كرۆگستاد:** ئەمڕۆ هاتووە بۆ شار؟

**نورا:** بەڵێ، ئەمڕۆ .

**كرۆگستاد:** هاوڕێیەكی نزیكی تۆیە، وانییە؟

**نورا:** بەڵێ. بەڵام من بەو شێوەیە نایبینیم.

**كرۆگستاد:** منیش جاران دەمناسی.

**نورا:** ئاگام لێیە.

**كرۆگستاد:** – ئاگات لەوەیە؟ كەواتە دەربارەی ئەوە هەمو شتێك دەزانێت. پاشان، بەبێ ئەوەی تفەنگ بەتاریكییەوە بنێم دەتوانم بپرسم ——— خاتوو لیند بۆئەوە هاتووە ئیشی دەست بكەوێت لەبانك ؟

**نورا:** چ مافێكت هەیە ئەو پرسیارە لەمن بكەیت، مستەر كرۆگستاد:؟ ——— تۆ كەسێكیت لەژێر دەستی مێردەكەمدایت ! بەڵام دەبوایە لەوكاتەوە بتزانیایە. بەڵێ، خاتولیند لەوێ كاری دەبێت، بائەوە شت پێ بڵێم ، مستەر كرۆگستاد، من زۆر بۆی پاڕامەوە .

**كرۆگستاد:** كەواتە، ئەوەی بیرم لێدەكردەوە ڕاست بوو.

**نورا:** ( لەسەرتەختەی شانۆكە بەرە و خوارەوە بەرەو سەرەوە پیاسە دەكات) هەندێك جار كەسێك كاریگەری دەبێت، هیوام وایە، چونكە ئەو كەسە ئافرەتە، پێویست ناكات بەدوای ئەوەدا بڕۆیت ——— مستەر كرۆگستاد، كاتێك كەسێك لەشوێنێكی ئاسایی‌دادەبێت، دەبێت ئاگای لەوە بێت دڵی هیچ كەسێك نەشكێنن كە ——— كە ————

**كرۆگستاد:** كە كاریگەری هەبێت؟



**نورا:** – زۆر ڕاستە.

**كرۆگستاد:** (شێوازی قسەكردنەكەی دەگۆڕێت) خاتو هێڵمەر زۆر باشە ئەگەر ئەو كاریگەرییەی خۆت لە بەرژەوەندی مندا بەكاربهێنیت.

**نورا:** چی ؟ مەبەستت چی‌یە؟

**كرۆگستاد:** چاكی خۆتە ئەگەر بزانیت من ڕێگەم دەدرێت، لەو شوێنە ئاسایی‌یەی خۆمدا دەمێنمەوە لەبانك.

**نورا:** مەبەستت چی‌یە ؟ كێ پێشنیاری ئەوەی كردووە پۆستەكەت لێ بسەنێتەوە؟

**كرۆگستاد:** خۆت گێل مەكە. زۆر چاك دەزانم كە هاوڕێكەت شپرزەی ئەوە نی‌یە، خۆی لەو بوارەدا ببینێتەوە و شان لەشانی من بدات، زۆر باشیش دەزانم ئەوكەسە كێیە من سوپاسی دەكەم ئەگەر گوێ نەگرێت.

**نورا:** – دڵنیات دەكەمەوە ———

**كرۆگستاد:** لەوانەیە: – لەوانەیە، بەڵام بۆئەوەی بگەینە ئەنجام، كاتی ئەوەهاتووە من ئامۆژگاریت بكەم، بۆئەوەی كاریگەری خۆت بنوێنیت و ڕێگری بكەیت.

**نورا:** مستەر كرۆگستاد، بەڵام من هیچ كاریگەرییەكم نی‌یە.

**كرۆگستاد:** نیتە؟ وابزانم ئێستا خۆت باست كرد ———

**نورا:** ئاسایی مەبەستم ئەو نەبوو پێچەوانەی بكەمەوە. من! چی وات لێدەكات بیر لەوە بكەیتەوە كەمن ئەو جۆرە كاریگەرییانەم لەسەر مێردەكەم هەیە؟

**كرۆگستاد:** ئۆه، لەو ڕۆژانەوە مێردەكەتم ناسیوە كەبەیەكەوە قوتابی بووین. بڕواناكەم وەكو مێردەكانی تر نەبێت ئەوەندە بەئاسانی خۆی نەدات بەدەستەوە.

**نورا:** ئەگەر بەوشێوەیە باسی مێردەکەم دەکەیت دەتکەمە دەرەوە.

**کرۆگستاد:** تۆ زۆر چاونەترسیت خاتوو هیلمەر.

**نورا:** لە وەزیاتر لە تۆ ناترسم، هەرکەسالّی تازەهات، لەماوەیە کی کورتدا لەهەموو شتێك ڕزگارم دەبێت.

**کرۆگستاد:** (هەوڵدەدات دان بەخۆیدا بگرێت) گوێ بگرە، خاتو هێلمەر، ئەگەر پێویست بکات لەپێناوی ئەو پۆستە بچوکەمدا شەڕدەکەم، وەکو ئەوەی لەپێناوی ژیانمدا شەڕبکەم.

**نورا:** – دیارە.

**کرۆگستاد:** تەنها لەپێناوی پارەدا نییە، بەلایەنی کەمەوە کێشانەی منە لەم مەسەلەیەدا. هەروەها دەتوانم بڵێم هۆیەکی تریش هەیە ـــ باشە، شوێنی من ئەوەیە، دەتوانم بڵێم تۆش وەکو هەموو کەسێکی تر ئەوەدەزانیت، کەجارێك لەجاران چەند ساڵێك لەمەوبەر، من بەوە تاوانبار کرابووم کەدژی کۆمەڵگا وەستابوومەوە.

**نورا:** وابزانم شتێکم لەوبارەیەوە بیستووە.

**کرۆگستاد:** بەهیچ شێوەیەك کێشە کە نەهاتە دادگا، بەلاّم وا دیار بوو دوای ئەوە هەموو ڕێگەکان لەسەرم داخران، پاشان دەستم دایە ئەو کارەی کەتۆ دەیزانیت، دەبوایە شتێکم بکردایە، وە ڕاست گۆیانە وابیر ناکەمەوە کەسێك بم هێندە خراپ ، بەلاّم دەبێت ئێستا لەهەموو ئەوەشتانە خۆم ڕزگاربکەم، کوڕەکانم گەورە دەبن. دەبێت لەبەرخاتری ئەوان ئەوەندەی لەتوانامدا هەیە هەوڵ بدەم لەم شارەدا ڕێزی خۆم بگێڕمەوە. ئەو پۆستەش لەبانکدا وەك یەکەم هەنگاوم وابوو بەرە و سەرەوەـــــــ ئێستا مێردەکەت لەسەر پەیژەکە دەمخاتە خوارەوە و جارێکی تر سەرم دەکات بەقوڕدا.



www.pertwk.com

**نورا:** – مستەر کرۆگستاد، بڕوام پێبکە بەهیچ شێوەیەك ئەمە لە دەسەلاّتی مندا نی‌یە یارمەتیت بدەم.

**کرۆگستاد:** لەبەرئەوەی تۆ ناتەوێت یارمەتیم بدەیت، منیش ڕێگەی خۆم هەیە ناچارت بکەم.

**نورا:** مەبەستت ئەوە نی‌یە بەمێردەکەم بڵێیت کە قەرزارتم ؟

**کرۆگستاد:** هم! ـــ دەبوایە پێم بوتایە؟

**نورا:** ئەمە بەتەواوی شەرمەزاری یە بۆ تۆ ( کورکە کورك دەکات و هەناسەی تاساو هەڵدەکێشێت) بۆئەوەی هێلمەر ئەو نهێنییەی من بەو شێوەیە ناشیرین و قێزەونیە بزانێت کە جێگای خۆشی و سەربەرزی من بووە ـــــــ لەتۆوە دەیبیستێت! ئەمە ترسناکانە دەمخاتە جێگەیەکی ناپەسەندەوە ـــــ .

**کرۆگستاد:** تەنها ناپەسەند؟

**نورا:** – (بەشپرزەییەوە) باشە، بیکە، پاشان ـــ ئەمە خراپت بەسەر دێنیّ، مێردەکەم بۆی دەردەکەوێت کەچەند کەسێکی چەپەڵیت. بەدڵنیایەوە تۆش دوای ئەوە پۆستەکەت لەدەست دەدەیت.

کرۆگستاد:من پرسیارم لێکردیت، ئایا تەنها ئەو دیمەنە ناپەسەندەی ماڵەوەیە تۆ لێی دەترسیت؟

**نورا:** بێگومان ئەگەر مێردەکەم بزانێت یەکسەر ئەو قەرزەی کەماوە دەتداتەوە، پاشان ئێمە هیچمان لەگەڵ تۆدا نامێنیّ.

**کرۆگستاد:** (هەنگاوێك نزیك دەبێتەوە) گوێ بگرە، خاتو هیلمەر، تۆ یان بیرەوریت خراپە، یان کەم لەئیش و کار دەزانیت و منیش ناچار دەبم ڕوونکردنەوەی زیاترت بیر بهێنمەوە.

**نورا:** – مەبەستت چی‌یە؟

**کرۆگستاد:** کاتێك مێردەکەت نەخۆش بوو، تۆ هاتیت بۆلاّم و دووسەدوو پەنجا پاوەندت قەرزرکرد.

www.pertwk.com

**نورا:** کەسی ترم شك نەدەبرد بچم بۆ لای .

**کرۆگستاد:**بەڵێنم پێدایت ئەو برە پارەیەت بۆ بۆ پەیدا بکەم ـــــــــ

**نورا:** بەڵێ ، بەڵێنت پێدام.

**کرۆگستاد:** بەڵێنم پێدایت ئەو برە پاریەت بۆ پەیدا بکەم، بەچەند مەرجێکی دیاری کراو، تۆ مێشکت لای نەخۆشی مێردەکەت بوو، وە زۆر شپرزەی پەیداکردنی ئەو پارەیە بویت بۆ گەشتەکەتان، بۆ یە هیچ ئاگات لەو مەرجانە نەبوو کەلەسەری رێکەوتبووین، لەبەرئەوە هەڵە نابم ئەگەر ئێستا ئەو شتانەت بیر بهێنمەوە، بەدڵنیایی ئەو پەیوەستنامەیەی کەنوسی بووم، بەڵێنم پێدایت ئەو پارەیەت بۆ پەیدا بکەم.

**نورا:** ئا، ئەوەی کە ئیمزام کرد.

**کرۆگستاد:** باشە، لە خوار ئیمزاکەتەوە چەند دێرێك هەبوو پێك هاتبوو لە دڵنیایی باوکت بۆ ئەو پارەیە، ئەو چەند دێرە دەبوایە باوکت ئیمزای بکردایە.

**نورا:** دەبوایە؟ بەڵام ئەو ئیمزای کردبوو.

**کرۆگستاد:** من بەروارەکەم بە بۆشایی بەجێ هێشت. با بڵێین، دەبوایە باوکت خۆی لەسەر ئەو کاغەزەی کە ئیمزای کرد بەرواری دابنایە. لەبیرتە؟

**نورا:** بەڵێ، وابزانم لەبیرمە ـــــ

**کرۆگستاد:** پاشان، پەیوەستنامەکەم داپێت، بۆ ئەوەی پۆستدا بینێریت بۆ باوکت، وانییە؟

**نورا:** بەڵێ.

**کرۆگستاد:** تۆش ئاسایی ئەوەت کرد. پێنج شەش رۆژ دوای ئەوە پەیوەستنامەکەت بە ئیمزای باوکتەوە بۆ هێنامەوە. پاشان پارەکەم داپێت.

**نورا:** باشە، ئەی بەرێکوپێکی نەمداوەتەوە؟



**کرۆگستاد:** بەڵێ، تا رادەیەك وایە. بەڵام ـــــ با بگەرێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە کە مەبەستمانەو تەواو هەوڵی تۆی تێدا دەردەکەوێت، خاتو هێڵمەر.

**نورا:** لەراستیدا وابوو.

**کرۆگستاد:** باوکت زۆر نەخۆش بوو، وانەبوو؟

**نورا:** مردنی زۆر نزیك بوو.

**کرۆگستاد:** دوای ئەوە زۆر زوو مرد؟

**نورا:** بەڵێ

**کرۆگستاد:** خاتو هێڵمەر پێم بڵێ، دەتوانیت بیهێنیتەوە یادی خۆت لە چ رۆژێکدا باوکت مرد ؟ ـــ مەبەستم ئەوەیە لە چ رۆژێکی مانگدا.

**نورا:** لە 29ی ئەیلولدا باوکم مرد.

**کرۆگستاد:** راستە، خۆم لەوە دڵنیا کردبووەوە. کەواتە جیاوازیەك هەیە (پارچەیەك کاغەز لە گیرفانی دەردەهێنێت) من ناتوانم روونی بکەمەوە.

**نورا:** جیاوازی چی، من نازانم ـــ

**کرۆگستاد:** خاتو هێڵمەر جیاوازی تێدایە، لەراستیدا باوکت سێ رۆژ دوای مردنەکەی ئیمزای کردووە.

**نورا:** مەبەستت چییە؟ تێناگەم.

**کرۆگستاد:** سەیری ئێرە بکە، باوکت (29) ئەیلول مردووە، بەڵام بەرواری ئیمزاکەی لە (2) ی تشرینی یەکەم دایە، ئەمە جیاوازییە، وانییە ؟ (نورا بێدەنگ دەبێت) دەتوانیت بۆم روون بکەیتەوە؟ (نورا هەر بێدەنگ دەبێت). شتێکی ئاشکرایە، ئەو ووشانەی "(2)ی تشرینی یەکەم" هەروەها ساڵەکەش بە دەستنوسی باوکت نەنوسراوە، بەڵام لەوە دەچێ بزانم. ئێ، بێگومان ئەتوانرێت روون بکرێتەوە، باوکت لەبیری چووە بەروار لەسەر ئیمزاکەی دابنێت، وە کەسانی تر کوێرانە پێش ئەوەی بە مردنەکەی بزانن بەرواریان بۆ داناوە. هیچ زەرەدێك لەوەدا نییە، هەمووی بە ئیمزای ناوەکەوە بەستراوە. خاتو هێڵمەر، وابزانم ئەمە سەر

راستییە؟ ئەوە باوکت خۆی بووە لێرەدا ئیمزای لەسەر ناوەکەی کردووە؟

**نورا:** (دوای وەستانێکی کەم، قژی هەڵدەدات بۆ سەرەوە و نەترسانە سەیری دەکات) نا، وانەبوو، من ناوی باوکمم نوسیوە.

**کرۆگستاد:** دەزانیت ئەمە دانپێدانانێکی ترسناکە؟

**نورا:** بە چ شێوەیەك؟ تۆ بەم زووانە پارەی خۆت دەست دەکەوێتەوە.

**کرۆگستاد:** با پرسیارێکت لێبکەم، بۆچی ئەو کاغەزەت بۆ باوکت نەنارد؟

**نورا:** نەدەبوو، ئەو کاتە باوکم زۆر نەخۆش بوو، ئەگەر پرسیارم لێبکردایە بۆ ئیمزا، ئەوا دەبوایە پێشم بوتایە ئەو پارەیەم بۆ چییە. لە کاتێکدا کە خۆی زۆر نەخۆش بێت، چۆن بتوانم پێی بڵێم ژیانی مێردەکەم لە مەترسیدایە ـــــ محاڵ بوو.

**کرۆگستاد:** ئەگەر دەستت لە گەشتەکەت هەڵبگرتایە باشتر بوو.

**نورا:** ئەمەش مەحاڵ بوو، ئەو گەشتە بۆ رزگارکردنی مێردەکەم بوو، نەمدەتوانی دەستی لێهەڵبگرم.

**کرۆگستاد:** بەڵام هەرگیز ئەوە رووی نەدەدا تۆ فێڵ لە من بکەیت؟

**نورا:** نەمدەتوانی رەچاوی ئەو شتە بکەم، لەبەر خاتری تۆ کێشەم بۆ خۆم دروست نەدەکرد. خۆراگر نەبووم، چونکە چەند مەرجێکی قورس و بێرەحمانەت بۆ من دانابوو، هەرچەندە دەتزانی مێردەکەم لە چ بارودۆخێکی ترسناکدا بوو.

**کرۆگستاد:** خاتوهێڵمەر، تۆ جاریێ بۆت ئاشکرا نەبووە کە تاوانباری چیت. بەڵام دڵنیات دەکەمەوە لە یەك هەنگاوی هەڵەی خۆم کە ناو و ناوبانگی منی تێدا لەناو چوو. ئەوەی من زیاتر و خراپتر نەبووە لەوەی کە تۆ کردووتە.

**نورا:** تۆ؟ دەتەوێت ئەوەم پێبڵێیت، کە تۆ ئەوەندە ئازایت خۆت بخەیتە مەترسییەوە ژیانی ژنەکەت رزگار بکەیت؟



www.pertwk.com

**کرۆگستاد:** یاسا گوێ نادات بەوەی کە تۆ چی پاڵی پێیوە ناویت ئەوە بکەیت.

**نورا:** کەواتە ئەبێت یاسایەکی زۆر بێمانا بێت.

**کرۆگستاد:** بێمانا بێت یانا یاسایەکە، ئەگەر ئەو کاغەزە لە دادگادا دەربخەم تۆی پێ دادگایی دەکرێیت.

**نورا:** باوەڕم بەوە نییە. باشە، رێگە بە کچێك نادرێت ئاگای لەخەم و دڵەڕاوکێی ئەو باوکەی بێت کە گیان دەدات؟ رێگە نادرێت بە ژنێك ژیانی هاوسەرەکەی رزگار بکات؟ من زۆر شارەزای یاسا نیم، بەڵام دڵنیام یاسایەك هەیە رێگە بەو جۆرە شتانە بدات. تۆ هیچ زانیارییەکت لەسەر ئەو جۆرە یاسایانە نییە ـــــ تۆیەك کە پارێزەریت؟ لەوە دەچێت پارێزەرێکی زۆر داماو بیت، مستەر کرۆگستاد.

کرۆگستاد: لەوانەیە. بەڵام کێشەکە کێشەی ئیش و کارە ـــــ ئەو جۆرە ئیش و کارەی من و تۆ بەیەکەوە هەمان بووە ـــــ ئەزانیت من لەوە تێناگەم؟ زۆرباشە، چۆنت پێ خۆشە ئاوا بکە. با بۆ جاری دووەم ئەم شتەت پێ بڵێم. ئەگەر من ئەو شوێنەی خۆم لەدەست بدەم، تۆش ئەوەی خۆت لەلای منەوە دەدۆڕێنی (هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و لە هۆڵەکەوە دەڕواتە دەرەوە)

**نورا:** (بۆ ماوەیەکی کەم نوقمی بیرکردنەوە دەبێت، پاشان سەری بادەدات) هیچ و پوچ، دەیەوێت بەو شێوەیە بمترسێنێت! ـــــ ئەوەندە بێ عەقڵ نیم کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە (خۆی خەریك دەکات و شتی منداڵەکان رێك دەخات) هێشتا ـــــ ؟ نا، محاڵە! من لەبەر خاتری خۆشەویستی ئەو کارەم کردووە.

**منداڵەکان:** (لەناو دەرگای لای چەپەوە) دایە، پیاوە بێگانەکە لە دەروازەکەوە رۆشتە دەرەوە.

**نورا:** ئا، ئازیزەکانم، دەزانم، بەڵام دەربارەی ئەو پیاوە بێگانەیە هیچ بەکەس ناڵێن. گوێتان لێیە؟ بە بابەش نەڵێن.

**منداڵەکان:** نا، دایە، ئەی دێیت یاریمان لەگەڵدا بکەیتەوە؟

**نورا:** نا، نا، ئێستا نا.

**منداڵەکان:** ئەی تۆ بەڵێنت پێداین.

**نورا:** ئا، بەڵام ئێستا ناتوانم. راکەنە ژوورەوە، هەندێك کارم هەیە دەبێت بیانکەم. دەی خۆشەویستەکانم راکەنە ژوورەوە ( وردە وردە منداڵەکان دەباتە ژورەوەو دەرگاکەیان دادەخات، پاشان لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و تەشیلەیەك هەڵدەگرێت و چەند تەقەڵێك دەچنێت. دەوەستێت) نا!(تەشیلەکە فرێدەدات و هەڵدەستێتە سەر پێ. دەڕوات بۆ هۆڵەکە و بانگی دەرەوە دەکات) هێلین! دارەکە بهێنەرە ژوورەوە(دەروات بۆ لای مێزەکەی لای چەپ،چەکمەجەیەك دەکاتەوەو دووبارە دەوەستێت) نا، نا! شتی وەها هەرگیز نابێت.

**کارەکەر:** (دارکەی بەدەستەوەیە دێتە ژوورەوە) خانمەکەم لە کوێدا داینێم؟

**نورا:** ئێرە، لەو ناوەراستەدا.

**کارەکەر:** هیچی ترت ناوێت بۆت بهێنم؟

**نورا:** نا، سوپاس، هەموو شتێکم لایە.

(کارەکەرەکە دەڕواتە درەوە)

**نورا:** (دەست دەکات بە رازاندنەوەی دارەکە) مۆمێك لێرەدا ـــــ گوڵەکانیش لێرەدا ـــــ ئەو پیاوە ترسناکە! هەمووی قسەی هیچە ـــ هەڵەی تێدا نییە. دارەکە نایاب دەبێت! تۆرڤاڵد،من هەموو شتێك دەکەم و بیر لەوە دەکەمکەوە کامەرانت بکەم !ـــ گۆرانیت بۆ دەڵێم و سەمات بۆ دەکەم (هێڵمەر دێتە ژوورەوە و هەندێك کاغەز لە ژێر باڵی دایە) ئۆه، گەڕایتەوە؟

**هێڵمەر:** بەڵێ، کەس لێرە نەبوو؟

**نورا:** لێرە؟ نەخێر.

**هێڵمەر:** سەیرە. کرۆگستادم بینی لە دەروازەکەوە چووە دەرەوە.

**نورا:** بینیت؟ ئۆه، ئا، لەیادم چوو، کرۆگستاد کەمێك لێرە بوو.



**هێڵمەر:** نورا، لە روخسارتا ئەوە دەبینم، لێت پاڕاوەتەوە هەندێ قسەی باشی بۆ بکەیت.

**نورا:** بەڵێ.

**هێڵمەر:** تۆش وا خۆت دەردەخست کە بە رەزامەندی خۆت ئەمە بکەیت. ویستت ئەو راستییە لە من بشاریتەوە، وتت ئەو لێرە نەبووە. لێت نەپارایەوە؟

**نورا:** بەڵێ، تۆرڤاڵد بەڵام ـــــ .

**هێڵمەر:** نورا، نورا، تۆش لەو جۆرە شتانەدا نرخی خۆت دادەبەزێنیت! ئەگەر قسە لەگەڵ ئەو جۆرە پیاوانەدا بکەیت و هەر جۆرە پەیمانێکی بدەیتێ! چونکە لەسەر ئەوە رێکەوتون درۆیەکم بۆ بکەیت!

**نورا:** درۆیەك ـــــ ؟

**هێڵمەر:** ئەی پێت نەوتم کەس لێرە نەبووە؟ (پەنجەی بەرامبەری رادەوەشێنێ) نابێت باڵدارە دەنگ خۆشەکەم جارێکی تر شتی وەها بکات. باڵدارە دەنگ خۆشەکەم بۆ ئەوەی بەراستی بجریوێنێ،دەبێت دەندوکی پاکی هەبێت ـــــ لە نۆتەکانیدا هەڵە نەکات !(دەستی لەناو قەدی دەئاڵێنێت) ئاوایە، وانییە؟ بەڵێ،من دڵنیام وابوو (رێگەی دەدات بڕوات) ئیتر لەوە زیاتر قسەی لەسەر ناکەین (لەلای زۆپاکەوە دادەنیشێت) ئێرە چەند گەرم و خۆشە (کاغەزەکان هەڵدەگرێت)

**نورا:** (دوای وەستانێکی کەم، لەو ماوەیەدا خۆی بە داری کریسمەسەکەوە خەریك دەکات). تۆرڤاڵد!

**هێڵمەر:** بەڵێ.

**نورا:** زۆر چاوەڕوانی ئەو ئاهەنگەی جلی ئاڵو واڵایەم کە دووسبەی لە ستێنبۆرگ دەکرێت.

**هێڵمەر:** پێم خۆشە بزانم تۆ بە چی سەرسامم دەکەیت.

**نورا:** بێ عقڵییە ئەگەر شتی وا بکەم.

**هێڵمەر:** مەبەستت چییە؟

نورا: ناتوانم هیچ شتێك دیاری بکەم بیکەم. وابزانم هەموو شتێك گەوجییەو بێبایەخ دەبێت.

هێڵمەر: ئایا نورا بچکۆلانەکەم لە کۆتاییدا ئەوەی زانی؟

نورا: (لە دوای کورسیەکەوە دادەنیشێت و دەست دەخاتە سەر پشتی کورسیەکە) تۆرڤاڵد، زۆر سەرت قاڵە؟

هێڵمەر: ئێ ـ

نورا: ئەو هەموو کاغەزە چین؟

هێڵمەر: ئیش و کاری بانکە.

نورا: ئێستا؟

هێڵمەر: دەسەڵاتم لە بەڕێوبەری خانەنشینەوە وەرگرتووە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێویست لە دەستەی کارگێڕیدا بکەم و دووبارە کارەکان ڕێك بخەمەوە. دەبێت ئەم هەفتەیەی کریسمەس بۆ ئەو کارانە بەکاربهێنم، بۆئەوەی بۆ ساڵی تازە هەموو شتێك ڕێکبخەم.

نورا: پاشان هەر لەبەر ئەوە بوو ئەو کرۆگستادە داماوە ـــــ

هێڵمەر: هم!

نورا: (خۆی بەسەر پشتی کورسییەکەدا دەنوشتێنێتەوە و دەستی دەخاتە ناو قژیەوە)تۆرڤاڵد، ئەگەر ئەوەندە سەرت قاڵ نەبوایە پرسیارێکی گەورە و گرنگم لێدەکردیت.

هێڵمەر: چییە؟ پێم بڵێ.

نورا: لەم دنیایەدا کەس نییە بە وێنەی تۆ، هەروەها منیش دەمەوێت لە ئاهەنگی جلی ئاڵو واڵاکەدا قەشەنگ دەربکەوم تۆرڤاڵد. دەتوانیت دەستم بگریت و بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت چۆن بڕۆم و چ جۆرە جلێك لەبەر بکەم؟

هێڵمەر: ئەها، کەواتە ژنە کەلەرەقە بچکۆلانەکەم ناچارە کەسێکی دەست بکەوێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات؟

نورا: ئا، تۆرڤاڵد، بەبێ یارمەتی تۆ ناتوانم هیچ شتێك بکەم؟



www.pertwk.com

هێڵمەر: زۆرباشە، بیری لێدەکەمەوە، هەوڵدەدەین شتێك دیاری بکەین.

نورا: چاکی خۆتە (دەڕوات بۆ لای داری کریسمەسەکە. وەستانێکی کەم) ئەو گوڵە سورانە چەند جوانن ـــ ئەی، پێم بڵێ، هیچ شتێکی خراپ هەبوو، ئەو کرۆگستادەی پێ تاوانبار بێت؟

هێڵمەر: ناوی چەند کەسێکی ساختە کردبوو. دەزانیت مانای چییە؟

نورا: ناشێ لەبەر پێویستی ناچار بوبێت ئەو کارە بکات؟

هێڵمەر:بەڵێ، بێ شەرمانە وەکو چندین کێشە. من ئەوەندە بێ ڕەحم نیم لەبەر ئەوەی تەنها هەنگاوێکی لەو جۆرەی ناوە، پیاوێك بە تەواوی ڕیسوا بکەم.

نورا: نا،شتی وا نەکەیت. تۆرڤاڵد، وا دەکەیت؟

هێڵمەر: زۆر پیاو ئەگەر توانیبێتی دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت و سزای خۆی وەربگرێت، کەسایەتی خۆیان بەدەست دەهێنێننەوە.

نورا: سزا ـــ؟

هێڵمەر : بەڵام کرۆگستاد هیچ شتێکی لەو جۆرەی نەکردووە. زۆر فێڵبازان خۆی ڕزگار کرد ،هەر لەبەر ئەوەش بوو ئاوا خۆی نغرۆ کرد.

نورا: بەڵام وا دەزانیت کە – ؟

هێڵمەر: تەنها بیر لەوە بکەرەوە ئەو پیاوە تاوانبارانە چۆن دەبێت درۆ بکەن و لەگەڵ هەموو کەسێکدا دووڕوبن، چۆن دەبێت لە ئامادەبوونی کەسانی نزیکی خۆیدا دەمامك لەسەر بکەن، بگرە لەبەردەم ژن و منداڵەکانی خۆشیدا، ئەی منداڵەکانی ـــ ئەوە لەهەمووی ناخۆشترە.

نورا: چۆن؟

هێڵمەر: چونکە ئەو بارودۆخی درۆکردنە، هەموو ژیانی ئەو ماڵە ژەهراوی دەکات، هەر هەناسەیەك کە منداڵەکان هەڵیدەمژن لێوانلێوە لەمیکرۆبی نەگریسی.

نورا: (لێی نزیك دەبێتەوە) تۆ دڵنیایت لەوە؟

**هێڵمەر:** ئازیزەکەم،من وەکو پارێزەرێك لە بواری کارەکەمدا زۆر کێشەی لەو جۆرەم بینیوە، هەرکەسێك لە ژیانیدا بەزوویی توشی هەڵە بوو، ئەوە دایکێکی فێڵبازی هەبووە.

**نورا:**بۆچی تەنها دەڵێیت ــــ دایك؟

**هێڵمەر:** وادیارە شتێکی زۆر باوە کە کاریگەری دایك بێت، هەرچەندە باوکی خراپیش هەمان دەرئەنجامی دەبێت .هەموو پارێزەرێك ئەمە دەزانێت. ئەم کرۆگستادە بەدرۆ کردن و شاردنەوەی راستیەکان منداڵەکانی خۆی ژەهراوی کردووە، بۆیە دەڵێم رەوشتی کەسێتی روخاوە (ئاماژەی بۆدەکات)بۆیە نورا بچکۆلانەکەم دەبێت پەیمانم بداتیٚ پشگیری نەکات. لەبەر ئەوە، وەرە دەستم بدەریٚ، وەرە ئەوە چییە؟ئێستا هەموو شتێك کۆتای هات، دەی ووەرە دەستم بدەریٚ.دڵنیات دەکەمەوە محاڵە بۆ من جارێکی تر کاری لەگەڵدا بکەم. لە راستیدا هەست بە نارەحەتی دەکەم ئەگەر لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەسانەدا بم.

**نورا:**( دەستی لەناو دەستی دەردەهێنێت و دەڕواتە ئەودیوی بەرامبەری داری کریستمسەکە) ئێرە چەند گەرمە. هەندێك کارم هەیە دەبێت بییان کەم.

**هێڵمەر:** (هەڵدەستێت و کاغەزەکانی ریکدەخات) باشە، پێویستە هەوڵبدەم پێش نانی ئێوارە هەندێکیان بخوێنمەوە، هەروەها پێویستە بیر لە جل و بەرگەکانی تۆش بکەمەوە. دەبێت چەند شتێك لە کاغەزی ئاڵتونیدا ئامادە بکەم بۆ ئەوەی بەداری کریستمسەکەدا هەڵبواسرێت (دەستی دەخاتە سەرسەری نورا) ئەی باڵدارە دەنگخۆشە بەنرخەکەم (دەڕواتە ژورەکەی خۆیەوە و دەرگاکە لە دوای خۆیەوە دادەخات)

**نورا:** (دوای هەڵوێستەیەك، چرپەچرپ دەکات) نا،نا ــــ راست نییە مەحاڵە، ئەبێت مەحاڵ بێت.

(دایەنەکە لە لای چەپەوە دەرگاکە دەکاتەوە)

**دایەن:** بچکۆلەکان زۆر دەپارێنەوە بێنە ژورەوە بۆ لای دایە.



www.pertwk.com

**نورا:** نا،نا،نا! با نەیەنە ژورەوە ! ئان، تۆ لەگەڵیان بمێنەرەوە.

**دایەن:**زۆر باشە خانمەکەم (دەرگاکە دادەخات).

**نورا:** (رەنگی زەردو ترساو)منداڵە بچکۆلەکانم خراپ بکەم؟ ماڵەکەژەهراوی بکەم؟(کەمێك هەڵوێستە دەکات، پاشان سەری بادەدات)راست نییە، هەرگیز نابێت راست بێت.

www.pertwk.com

# ئاكتی دووەم

## دوانیوەڕۆی ڕۆژی کریسمەس

(**هەمان دیمەن** :داری کریسمەسە کە لە سوچێکدا لەلای پیانۆکەوە دانراوە، شتومەکەکانی رازاندنەوە لەگەڵ هەندێ مۆمی سەر تواوەدا بە لقە پەرشو بڵاوەکانیدا هەڵواسراوە، عەباو کڵاوەکەی نورا لەسەر قەنەفەکە کەوتووە.نورا لە ژورەکەدا بەتەنهایە، بێسرەوت پیاسە دەکات. لەلای ئاگردانەکەوە دەوەستێت و عەباکەی هەڵدەگرێت).

**نورا:** (عەباکەی دادەنێت) ئێستا کەسێك دێت (دەڕوات بۆ لای دەرگاکە و گوێدەگرێت)نا— کەس نییە، بێگومان ئەمڕۆ کەس نایەت، نە رۆژی کریسمەس و نە سبەینێش کەس نایەت .بەڵام، لەوانەیە—(دەرگاکە دەکاتەوەو سەیرێکی دەرەوە دەکات) نا،سندوقی نامەکە هیچ شتێکی تێدا نییە وتەواو بەتاڵە (دەرواتە پێشەوە) قسەی بێمانا، بێگومان دەربارەی ئەو شتە بەراستی نییە .نابێت شتی وا رووبداتومەحاڵە— منداڵەکانم وردن.

(دایەنەکە بە بوخچەیەکی گەورەوە لە ژورەکەی لای چەپەوە دێتە ژورەوە)

**دایەن:** دواجار بوخچەی جلە ئاڵو واڵاکانم دۆزیەوە؟

**نورا:** سوپاس، لەسەر مێزەکە دایبنیٚ.

**دایەن:** (لەسەر مێزەکە دایدەنێت)بەڵام پێویستییان بە چاککردن هەیە.

**نورا:** حەزدەکەم بیانکەم بە هەزار پارچەوە.



www.pertwk.com

**دایەن:** چ بیرکرنەوەیەکە! تۆزێك ئارام بە— ئاسان رێك دەخرێن.

**نورا:** ئا، دەڕۆم خاتولیند دەهێنم یارمەتیم بدات.

**دایەن:** چی، جارێکی تر دەڕۆیتە دەرەوە؟ بەم کەش و هەواساردە؟ خانمەکەم.سەرمات دەبێت و خۆت نەخۆش دەخەیت.

**نورا:** باشە، ئەی لەوە خراپترە کە رودەدات ــ. منداڵەکان چۆنن؟

**دایەن:** رۆحە بچکۆلانەکان یاری بە دیاری کریسمەسەکانیانەوە دەکەن.

**نورا:** زۆر پرسیاری من ئەکەن؟

**دایەن:** دەزانیت، راهاتون دەبێت دایکیان لەگەڵدا بێت.

**نورا:** ئا، بەڵام ئێستا من ناتوانم وەك جاران لەگەڵیاندا بمێنمەوە.

**دایەن:** ئۆه، باشە منداڵی بچوك زوو لەسەر شت رادێن.

**نورا:** بڵێی وابێت؟ تۆ باوەڕت وایە دایکیان زوو لەبیر بچێتەوە ئەگەر بەیەکجاری بڕوات.

**دایەن:** ئاسمانی مەزن! — بۆبە یەکجاری بروات؟

**نورا:** ئان، دەمەوێت ئەو پرسییارەت لێ بکەم کە هەموو کات ویستومە بیزانم ــ تۆ چۆن دڵت هات منداڵەکانت لەناو بێگانەدا بەجێبهێڵیت؟

**دایەن:** ناچاربووم، لەبەرئەوەی دەمویست ببمە دایەنی نورای بچکۆلانە.

**نورا:** بەڵێ، بەڵام چۆن پێتخۆش بوو ئەوە بکەیت.

**دایەن:** چی، کاتێك بەهۆی ئەوەوە شوێنێکی باشم دەستبکەوێت؟ کچێکی هەژار کە توشی کێشە بوو،دەبێت رازی بێت پێی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوە لاوازە هیچ شتێکی بۆ نەکردم.

**نورا:** بەڵام، وابزانم کچەکەت بەتەوای تۆی لەبیرچووەتەوە.

**دایەن:** نا، لەراستیدا منی لەبیر نەچووەتەوە. کاتێك بوو بە مەسیحی نامەی بۆ نوسیم، هەروەها کاتێکیش شوی کرد.

**نورا:** (باوەشی پیادا دەکات) پیرە ئانی ئازیز،کاتێك منداڵ بووم دایکێکی باش بووی بۆ من.

**دایەن:** نورای بچکۆلانە ،جگە لەمن دایکی تری نەبوو.

**نورا:** ئەگەر بچکۆلانەکانی منیش دایکیان نەبوایە ،دڵنیام تۆ دەبویتە دایکیان ــ قسەی هیچ، ئەوە من باسی چی دەکەم (بوخچەکە دەکاتەوە) بڕۆرە ژورەوە بۆ لایان، ئێستا دەبێت منیش ــ . سبەینێ دەبینیت چەند سەرنج ڕاکێش دەبم.

**دایەن:** خانمەکەم، دڵنیام لە ئاهەنگەکەدا کەس نابێت هێندەی تۆ سەرنج راکێش بێت.(دەڕوات بۆ ژوورەکەی لای چەپ)

**نورا:** (دەست دەکات بە کردنەوەی بوخچەکە ،بەلاّم پالّی پێوە دەنێت و لەخۆی دوردەخاتەوە) مەگەر تەنها من وێرابێم بڕۆمە دەرەوە.ئەگەر کەس نەهاتایە ئەگەر تەنها دڵنیا بومایە ئا لەم کاتەدا هیچ شتێك لێرە روو نادات .قسەی هیچ! کەس نایەت. نابێت تەنها هەر بیر لەوە بکەمەوە. دسگۆرکەکەم پاك دەکەمەوە، دەستکێشە جوانەکانم ! لەبیر بچێتەوە، لەبیرم بچێتەوە! یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش ــ (هاوار دەکات) ئاه ! کەسێك هات ـ (بەرەو دەرگاکە دەڕوات ،بەلاّم بە دودڵیەوە رادەوەستێت)

(خاتولیند لە هۆڵکەوە دێتە ژورەوە، لەوێدا عەبا و کلاّوەکەی داناوە)

**نورا:** ئۆه، کریستین ئەوە تۆیت. کەسی تر لە دەرەوە نەبوو، ها کەسی لێبوو؟ باش بوو هاتیت!

**خاتولیند:** بیستم هەواڵی منت پرسیبوو.

**نورا:** بەڵێ، بە رێکەوت بوو. لەڕاستیدا شتێکە تۆ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت. با لێرەدا لەسەر قەنەفەکە دانیشین. سەیری ئێرە بکە. سبەی ئێوارە ئاهەنگی جل و ولاّیە لە ستێنبۆرگس.لەسەرو ئێمەوە دەژین. تورڤاڵد،



www.pertwk.com

پێی خۆشە وەکو کچە ماسیگری ناپڵی دەربکەوم و ئەو سەمای تارانتێلایەی بۆ بکەم کە لە کاپری فێر بووم.

**خاتولیند:** دەزانم، دەتەوێت کەسایەتی خۆت بەرز ڕابگریت.

**نورا:** بەڵێ، تۆرڤاڵدیش ئەوەی دەوێت. سەیرکە، ئەوە جلەکەیە، تۆرڤاڵد لەوێ بۆی بەکرد داوم، بەلاّم زۆر دڕاون، من نازانم ــ .

**خاتولیند:**بەئاسانی دەتوانین چاکی بکەینەوە. هەندێك شتی نەچنراوە. دەرزی و دەزوو؟ ئێستا ئەوە هەموو شتێکە کە ئێمە دەمانەوێت.

**نورا:** ئۆه، چەند باشیت.

**خاتولیند:** (دەچنێت) کەواتە، نورا، تۆ سبەینێ خۆت دەڕازێنیتەوە. پێت دەڵێم کە ــ بۆ ساتێك دێمە ژورەوەو بە پەڕوباڵی جوانەوە دەتبینم، بەلاّم لەبیرم چوو بۆ ئەو ئێوارە خۆشەی دوێنێ سوپاست بکەم

**نورا:** (هەڵدەستێتە سەرپێ و لەسەر شانۆکە دەجولێت). باشە، خۆ من نەمزانیوە دوێنێ ئەوەندە خۆش بووە. دەبوایە زوتر بهاتیتایە بۆ شار، بەدڵنیایەوە تۆرڤاڵد دەزانێت چۆن ماڵەکە جوان و سەرنج راکێش بکات.

**خاتولیند:** هەروەها تۆش، وابزانم تۆ لە هیچ شتێکدا لە باوکت ناچیت. ئەی پێم بڵێ،هەموو کاتێك دکتۆر رانك ئاوا غەمبارە وەکو دوێنێ؟

**نورا:** نا، دوێنێ زۆر پێوەی دیار بوو، باپێت بڵێم دووچاری نەخۆشیەکی ترساك بووە، نەخۆشی بربرەی هەیە، داماوە باوکی پیاوێکی خراپ بوو، ببورە هۆی هەموو ئەو جۆرە خۆ هیلاکردنانە. هەر لەبەرئەوەشە کوڕەکەی هەر لە منداڵیەوە نەخۆشە. تێدەگەیت؟

**خاتولیند:** (چنینەکەی دادەنێت)باشە، نورا، تۆ چۆن هەموو شتێك دەربارەی ئەو دەزانیت؟

**نورا:** (بە ژورەکەدا پیاسە دەکات)ئۆه، کاتێك سێ منداڵت هەبێت، ژنان زۆر سەردانت دەکەن،ئەوانەی هەنێك زانیاری دەربارەی مەسەلەی پزیشکی دەزانن. ئەوانە دەربارەی زۆر شت دەدوێن.

**خاتولیند:** (بەردوام دەبێت لەسەر چنین، بێدەنگیەکی کەم) هەموو رۆژێك دکتۆر رانك دێت بۆ ئێرە؟

**نورا:** ئاسایی هەموو رۆژێك دێت. هاورێیەکی نزیکی تۆرڤاڵدە و هەروەها هاورێیەکی باشی منیشە. وەکو ئەندامێکی خێزانەکە وایە.

**خاتولیند:** ئەی پێم بڵێ ـــ زۆر دڵسۆزە؟ مەبەستم ئەوەیە، ئایا لەو جۆرە پیاوانە نییە خۆی بهێنێتە پێشەوە؟

**نورا:** نا، هەرگیز. چی واتلێدەکات بەو شێوەیە بیربکەیتەوە.

**خاتولیند:** دوێنێ کە بە منت ناساند، پێی وتم زۆر جار بیستومە لێرە باسی تۆ کراوە. بەڵام دوای ئەوە تێبینی ئەوەم کرد مێردەکەت نەیدەزانی من کێ بووم. باشە دکتۆر رانك چۆن توانی ـــ ؟

**نورا:** زۆر راستە، کریستین، تۆرڤاڵد، وەکو خۆی دەڵێت، ئەوەندە عاشقی منە دەیەوێت بەتەواوی بۆ ئەو بم. سەرەتا وا دەرکەوت دڵی پیسبێت کە من لە ماڵەوە باسی ئەو خەڵکە ئازیزانە بکەم. پاشان منیش وازم لەوە هێنا. بەڵام لەگەڵ دکتۆر رانکدا زۆر جار باسی ئەو شتانە دەکەین، چونکە زۆر حەز دەکات دەربارەی ئەوان ببیستێت.

**خاتولیند:** گوێبگرە نورا، تۆ لەزۆر شتدا هەر لە منداڵ دەچیت، منیش ئەزمونم لە تۆ زیاترەو بەتەمەنتریشم. باشتێکت پێبڵێم ـــ دەبێت لەگەڵ دکتۆر رانکدا کۆتایی پێبهێنیت.

**نورا:** ئەبێت کۆتایی بەچی بهێنم؟



www.pertwk.com

**خاتولیند:** وابزانم بە دوو شت. دوێنێ باسی هەندێ شتی بێمانات کرد. دەربارەی ئەو دەوڵەمەندەی کە سەرسامت بووە و پارەی بۆ بەجێ دەهێشتیت ـــ

**نورا:** مەخابن، کەسێك کەبونی نییە! ئەی چی تر؟

**خاتولیند:** ئایا دکتۆر رانك کەسێك نییە مەبەستی هەبێت؟

**نورا:** بەڵێ وایە.

**خاتولیند:** کەسێکیش نییە بۆی دابین بکات ؟

**نورا:** نا، کەس نییە،بەڵام ـــ

**خاتولیند:** هەموو رۆژێکیش دێت بۆ ئێرە؟

**نورا:** بەڵێ پێم وتیت.

**خاتولیند:** باشە ئەو پیاوە وەجاخ زادەیە بۆ ئەوەندە نەزانە؟

**نورا:** هیچ لەتۆ تێناگەم .

**خاتولیند:** بەهەڵمدا مەبە، نورا. پێت وایە نازانم کێ ئەو دووسەدو پەنجا پاوەندەی داوە پێت.

**نورا:** تۆ ئاگات لەخۆتە؟ چۆن بیر لەشتی وا دەکەیتەوە! هاورێیەکی ئێمە کەهەموو رۆژێك دێتە ئێرە! دەزانیت چەند بارێکی ناخۆش و ترسناکە گەر وابێت؟

**خاتولیند:** ئەی خۆی نییە لەراستیدا؟

**نورا:** نا، بەدڵنیاییەوە وانییە، هەرگیز بۆ ساتێکیش شتی وا بەمێشکمدا نەهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پارەی نەبووە تاکو بە قەرزی بدات. لەو کاتە بە دواوە ئەو پارەی هەبوو.

**خاتولیند:** باشە، وابزانم خۆشبەختی بووە بۆ تۆ، نورای ئازیز.

**نورا:** نەخێر، هەرگیز ئەوە بە مێشکمدا نەهاتووە داوا لە دکتۆر رانك بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر دڵنیم ئەگەر داوام لێبکردایە ـــ

www.pertwk.com

**خاتولیند:** بەڵام من دڵنیام تۆ شتی وا ناکەیت .

**نورا:** بێگومان نەخێر. هیچ هۆیەکم نییە تا بەو شێوەیە بیر بکەمەوە کە ئەو شتە پێویست بوبێت .بەڵام زۆر دڵنیام ئەگەر بە دکتۆر رانکم بوتایە ـــ

**خاتولیند:** لە پشتی مێردەکەتەوە؟

**نورا:** پێویستە لەگەڵ ئەو کەسەی تردا کۆتایی پێبهێنم، ئەمەش هەر لە پشتی ئەوەوە دەبێت، پێویستە لەگەڵ ئەودا کۆتایی پێبهێنم.

**خاتولیند:** بەڵێ، ئەمە ئەوە کە دوێنێ پێم وتیت، بەڵام ـــ

**نورا:** (لەسەرەوە بۆ خوارەوە پیاسە دەکات)پیاو لە توانایدا هەیە لە ژن باشتر ئەو شتە پشتڕاست بکاتەوە ـــ

**خاتولیند:** بەڵێ، مێردی کەسێك.

**نورا:** قسەی هیچ! (هێشتا هەر بە پێوەیە) باشە، کاتێك قەرزێك دەدەیتەوە پەیوەستنامەکەت دەست دەکەوێتەوە، وا نییە؟

**خاتولیند:** بەڵێ بێگومان.

**نورا:** وە دەتوانیت بیکەیت بە هەزار پارچەوەو بیسوتێنیت ـــ ئەو کاغەزە پیسە ناشرینە!

**خاتولیند:** (چاوی تێدەبڕێت، چنینەکە دادەنێت و بەهێواشی هەڵدەستێتە سەرپێ)نورا، تۆ شتێك لەمن دەشاریتەوە.

**نورا:** لەوە ئەچێت شاردبێتمەوە؟

**خاتولیند:** لە دوێنێ بەیانییەوە شتێك لەتۆدا رویداوە. نورا،چییە؟

**نورا:** (لێی نزیك دەبێتەوە)کریستین! (گوێدەگرێت)ووس بە، ئەوە تۆرڤاڵد هاتەوە ماڵەوە. دەتوانیت جارێ بچینە لای منداڵەکان؟ تۆرڤاڵد پێی خۆش نییە جل دوورین هەر بەردەوام بێت. با، ئان یارمەتیت بدات.



**خاتولیند:** (هەندێك شت کۆدەکاتەوە)بە دڵنیاییەوە، بەڵام لەم ماڵە ناڕۆم تاکو هەموو شتێکم بۆ باس نەکەیت(دەڕواتە ژورەکەی لای چەپ، لەو کاتەدا هێڵمەر لە هۆڵەکەوە دێتە ژورەوە )

**نورا:** (دەڕواتە سەرەوە بۆ لای هێڵمەر) زۆر پێویستم پێتە تۆرڤاڵدی ئازیز .

**هێڵمەر:** ئەوە بەرگ درووەکە بوو؟

**نورا:** نا،کریستین بوو، یارمەتیم دەدات جلەکان رێکبخەم، دوایی دەبینیت چەند جوان دەبم.

**هێڵمەر:** باشە، ئەوە بیرکردنەوەیەکی باش نەبوو کەمن بیرم لێکردەوە؟

**نورا:** نایابە! ئەی دەزانیت چاکی منیشە بە دڵی تۆ دەیکەم؟

**هێڵمەر:** جوانە؟ـــ لەبەرئەوەی بە دڵی مێردەکەت دەیکەیت؟ ئێ، ئێ لاساری بچکۆلانە، دڵنیام مەبەستت ئەوە نەبوو. بەڵام بێزارت ناکەم. وابزانم دەتەوێت خۆت لەگەڵ جلەکانتدا خەریك بکەیت.

**نورا:** وابزانم دەڕۆیت بۆ کار؟

**هێڵمەر:** بەڵێ (دەستەیەك کاغەزی پیشان دەدات) سەیری ئەوە بکە. لە بانك بووم (رودەکاتە ئەودیو و دەڕواتە ژورەکەی خۆی).

**نورا:** تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** بەڵێ.

**نورا:** ئەگەر سمۆرە بچکۆلانەکەت زۆر زۆر بە جوانی داوای شتێکت لێبکات؟

**هێڵمەر:** پاشان چی؟

**نورا:** ئەگەر نەرمو نیان بیت و ئەوەی ئەو دەیەوێت بیکەیت، ئەوا سمۆرەکەت رادەکات و هەموو فێڵەکانی خۆی دەکات.

**هێڵمەر:** بەڕوونی قسە بکە.

**نورا:** کلاوکوڕەکەت لە هەموو ژوورەکاندا دەجریوێنێ و گۆرانییەکانی بەرز دەبێتەوە نزم دەبێتەوە ـــ

www.pertwk.com

**هێڵمەر:** دەی بەهەر حاڵ کلاوکوڕەکەم ئەوە دەکات.

**نورا:** لەبەر تیشکی مانگە شەودا یاری پەریت بۆ دەکەم و سەمات بۆ دەکەم ،تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** نورا ــ بە دڵنیاییەوە مەبەستت لەو داواکارییە نییە کە ئەم بەیانییە پێت وتم؟

**نورا:** (لێی نزیك دەبێتەوە)با، تۆرڤاڵد، بەراستی لێت دەپاڕێمەوە ـــ

**هێڵمەر:** زاتی ئەوەت هەیە جارێکی تر ئەو پرسیارەم لێ بکەیتەوە؟

**نورا:** بەڵێ، ئازیز، داوای هەرچییەکم لێکردیت دەبێت بیکەیت. دەبێت ڕێگە بە کرۆگستاد بدەیت لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە لە بانك.

**هێڵمەر:** نورای ئازیز ئەوە کارەکەی ئەوە بۆ خاتولیندم ڕێکخستووە.

**نورا:** بەڵێ، پیاوەتی خۆتە، بەڵام دەتوانیت لە جیاتی کرۆگستاد فەرمانبەرێکی نوسین دەربکەیت.

**هێڵمەر:** ئەمە کەلە ڕەقییە! پەیمانێکی بێمێشکانەت داوە پێی تاکو هەوڵێکی بۆ بدەیت. من چاوەڕوانم لێدەکرێت ـــ

**نورا:** لەبەر ئەو هۆیە نییە، تۆرڤاڵد، ئەمە لەبەر خاتری خۆتە، تۆ بۆخۆت پێت وتم ئەو بڕادەرە لە ڕۆژنامە گاڵتەجاریەکاندا دەنوسێت، دەتوانێت زیانی هێندە خراپت پێبگەیەنێت کە قسەی لەسەر ناکرێت. من هێندەی مردن لێی دەترسم.

**هێڵمەر:** ئاه، تێدەگەم، ئەو شتانەی ڕابردووت بیر دێتەوە و دەتترسێنێ.

**نورا:** مەبەستت چییە؟

**هێڵمەر:** ئاسایی تۆ بیر لە باوکت دەکەیتەوە.

**نورا:** ئا ــ ئا، بێگومان، تۆ بیبهێنەرەوە یادی خۆت کە ئەو بونەوەرە چەتونە لە ڕۆژنامەکاندا دەربارەی باوکم چی دەنوسی و چۆن ترسناکانە بوختانیان بۆ کردبوو. من باوەڕم وایە ئەگەر وەزارەت تۆی نەناردایە



لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەیت و ئەگەر تۆ خۆت یارمەتیدەر نەبویتایە بۆی، هەر زوو دەریان دەکرد.

**هێڵمەر:** نورا بچکۆلانەکەم، لەنێوان من و باوکتدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، ئەوەی باوکت هیچ گومانێکی تێدا نەبوو. هیوادارم ئەوەی من تاکو شوێنی خۆم دەگرم هەروا بەردەوام بێت.

**نورا:** تۆ نازانیت، ئەو پیاوە نەگریسانە توانای دۆزینەوەی هەموو پلانێکیان هەیە. ئەبێت ئێمە لەم ماڵە خۆش و پڕ ئاشتیەماندا کامەران بین و بێ خەم بین ـــ من و تۆو منداڵەکان، تۆرڤاڵد، لەبەر ئەوەیە ئەوەندە لێت ئەپاڕێمەوە ـــ

**هێڵمەر:** تەنها بەهانە بۆ ئەوە دەهێنیتەوە دەبێت هەر بمێنێتەوە و دەری نەکەم. ئێستا لە هەموو بانکدا ئاشکرایە کە من مەبەستمە کرۆگستاد دەربکەم. تۆ دەتەوێت خەڵك وا تێبگات کە بەڕیوبەرە تازەکە بە فەرمانی ژنەکەی ڕای خۆی گۆڕیوە.

**نورا:** جا چییە ئەگەر وابێت؟

**هێڵمەر:** بێگومان! ـــ ئەگەر تەنها ئەو کەسە بچکۆلە لاسارە ڕێگەی خۆی بگرێت ! تۆ وا دەزانیت لەبەردەم دەستەی کارگێڕیەکەمدا خۆم دەکەم بە گاڵتەجاڕ. بۆ ئەوەی خەڵکی وا تێبگات کە من بە هەموو جۆرە کاریگەریەکانی دەرەوە ئەمسەرو ئەوسەرم پێدەکرێت ؟ دەبێت زۆر بەزوویی لە ئاکامەکەی تێبگەم . با ئەوەشت پێ بڵێم، تەنها شتێك هەیە وام لێدەکات هەتاکو من بەڕێوەبەر بم لە بانکدا مانەوەی کرۆگستاد مەحاڵبێت.

**نورا:** چی وات لێدەکات؟

**هێڵمەر:**لەوانەیە چاوپۆشیم لە ڕمانی ڕەوشتی ئەو کردبێت، ئەگەر پێویست بکات ـــ

www.pertwk.com

**نورا:** بەڵێ، چاوپۆشیت لێکردووە ـــ وانییە؟

**هێڵمەر:**دەبیستم ئیشکەرێکی باشە ، بەڵام کاتێك کە کوڕ بوین ناسیومە. یەکیك بوو لەو هاوڕیٚ هەڵەشانەی کە ببوە مۆتەکەی ژیان. دەتوانم ئەوەش بڵێم کە ئێمە رۆژێك لە رۆژان هاوڕێیەکی گیان بەگیانی یەکتر بوین. ئەم برادەرە بیٚ فێڵە کاتێك خەڵکی دیاربوایە دانی بەخۆیدا دەگرت. بە پێچەوانەوە ئەو وا بیریدەکردەوە کە مافی ئەوەی هەیە لێزانانە خۆی لەگەڵ مندا بگونجێنیٚ، هەموو کاتێك دەیگوت "ئەڵێم هێڵمەر، هاوڕێی دێرین" هەندێك شتی لەو جۆرە. دڵنیات دەکەمەوە ئەوە زۆر ئازاری دەدام. پێی خۆش بوو شوێنم لە بانکدا نابوت بکات .

**نورا:** تۆرڤاڵد، باوەڕ ناکەم بەڕاستت بێت.

**هێڵمەر:** باوەڕ ناکەیت؟ بۆ باوەڕ ناکەیت؟

**نورا:** چونکە بیرتەسکییە ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە.

**هێڵمەر:**ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ بیر تەسکی ؟ تۆ وا دەزانیت من بیر تەسکم؟

**نورا:** نا، بە پێچەوانەوە، ئازیز ـــ تەنها لەبەر ئەو هۆیە .

**هێڵمەر:** جا جیاوازی چییە، تۆ دەڵێیت ئەو بۆچونەی من بیر تەسکییە. کەواتە دەبێت وا بم. بیر تەسك! زۆر باشە ـــ پێویستە کۆتایی بەمە بهێنم (دەڕوات بۆ لای دەرگای هۆڵەکە و بانگ دەکات) هێڵین!

**نورا:** چی دەکەیت؟

**هێڵمەر:** (سەیری ناو کاغەزەکان دەکات) چاکیان دەکەم. (کارەکەرەکە دێتە ژوورەوە) سەیرکە، ئەو نامەیە ببەو هەر ئێستا بیگەنیەنە جیٚ. خێراکە، ناونیشانی لەسەرە و ئەوەش پارەیە.

**کارەکەر:** زۆر باشە گەورەم(بە نامەکەوە دەڕواتە دەرەوە)

**هێڵمەر:** (کاغەزەکان بە یەکەوە دادەنێت) ئێستا، دەی خانمە کەلە رەقە بچکۆلانەکە.



**نورا:** (بە هەناسە بڕکێوە) تۆرڤاڵد ئەو نامەیە چی بوو؟

**هێڵمەر:** دەرکردنەکەی کرۆگستادە.

**نورا:** بانگی بکەرەوە، تۆرڤاڵد ! کات ماوە. ئۆه، تۆرڤاڵد، بانگی بکەرەوە ! لەبەر خاتری ـــ لەبەر خاتری خۆت ـــ لەبەر خاتری منداڵەکان! گوێت لێمە تۆرڤاڵد؟ بانگی بکەرەوە! تۆ نازانیت ئەو نامەیە چیمان بەسەر دێنێت.

**هێڵمەر:** تازە ڕۆیشت.

**نورا:** ئا، تازە ڕۆیشت.

**هێڵمەر:** نورای ئازیزم، هەرچەند سوکایەتیە بۆ من، دەتوانم لەو دڵەراوکێیە کە تۆی تێدایت خۆش ببم . لە راستیدا وایە . ئایە ئەمە سوکایەتی نییە لە تۆڵەی کۆلکە نوسەرێکی لەبرسا مردوو بترسم؟ سەرەڕای ئەوەش لێت خۆش دەبم. چونکە ئەو قسە شیرینانەت شایتحاڵی خۆشەویستی گەورەی تۆیە بۆ من (هەردوو باڵی دەگرێت) ئازیزەکەم نورا، دەبێت ببێت .رەنگە بۆ خۆت دڵنیا بیت ئەگەر پێویست بکات ئەوەندە جوامێرم تێدایە. دەبینیت ئەوەندە پیاوم بۆ خۆم هەموو شتێك دەکەم.

**نورا:** (بە دەنگێکی ترساوەوە)مەبەستت چییە؟

**هێڵمەر:** هەموو شتێك، ئەڵێم ـــ

**نورا:** (ترس لەخۆی دەبڕێت) هەرگیز نابێت شتی وا بکەیت.

**هێڵمەر:** راستە. باشە، هەردوکمان وەکو ژن و مێردێك بەشدار دەبین، نورا. چۆنە (باوەشی پێدا دەکات) ئێستا رازی بویت، دەی! ئەوەتا! وەکو کۆتری ترساو مەبە ! هەموو شتێك تەنها خەیاڵێکی دژوارە ! ـــ ئێستا بڕۆ بەناو تارانتێلاکەدا گەمە بکەو مەشق بە دەفەکەت بکە، من دەڕۆمە نوسینگەکەی خۆم و دەرگاکە دادەخەم و گوێم لە هیچ شتێك نابێت،

www.pertwk.com

چەندت پێخۆشە ئەوەندە دەنگە دەنگ بکە (روو دەکاتە دەرگاکە) ئەگەر رانك هات ، پێی بڵێ لە کوێ بمدۆزێتەوە(سەری بۆ دەلەقێنێت و کاغەزەکان هەڵدەگرێت، دەڕواتە ژورەوە و دەرگاکە لە دوای خۆیەوە پێوە دەدات)

**نورا:** (وەکو ئەوەی لەو جێگەیەدا رەگی داکوتا بێت دەحەپەسێت و دەچرپێنێ) توانی ئەوە بکات . سەرەڕای هەموو شتێك وا دەکات. ــــ نا، نا، هەرگیز، هەرگیز، لەوە زیاتر هەر شتێکی تر ! ئۆه، بۆ تۆزێك یارمەتی، رێگەیەك دەرباز ببم (زەنگی دەرگاکەکە لێدەدات) دکتۆر رانك ! هەر ئەو نەبێت ــــ هەر شتێك، هەر چییەك بێت! (دەستی دەخاتە سەر دەم و چاوی و خۆی گرمۆڵە دەکات، دەڕواتە لای دەرگاکەوەو دەیکاتەوە، رانك بە تەنها وەستاوە و چاکەتەکەی هەڵدەواسێت، لە ماوەی ئەو ووتو ویژەیاندا تاریك دادێت)

**نورا:** رۆژێکی شاد، دکتۆر رانك. زەنگەکەتم ناسیەوە، بەڵام جارێ نابێت بچیتە ژورەوە بۆ لای تۆرڤاڵد، وابزانم کەمێك سەری قاڵە.

**رانك:** ئەی تۆ؟

**نورا:** (رانك دەهێنێتە ژوورەوەو دەرگاکە لە دوایەوە دادەخات) ئۆه، زۆر باش دەزانیت بۆ تۆ کاتم هەیە.

**رانك :** سوپاس، ئەوەندەی بتوانم هەوڵ دەدەم بەکاری بهێنم.

**نورا:** مەبەستت چییە؟ ئەوەندەی بتوانیت؟

**رانك:** چییە ترسایت ؟

**نورا:** شێوازێکی زۆر نامۆ بوو، ئەگەری شتێك هەیە روو بدات؟

**رانك:** هیچ، تەنها شتێکە لە مێژەوە خۆم بۆ ئامادە کردووە، بەڵام لە راستیدا چاوەڕوانی ئەوەم نەکردبوو ئەوەندە بە زوویی رووبدات.



**نورا:** (باڵی دەگرێت) چیت بینیوە لە دەرەوە ؟ دکتۆر رانك، پێویستە پێم بڵێیت.

**رانك:** (لەلای زۆپاکەوە دادەنیشێت)لەلای من کۆتایی هاتووە. ناشتوانرێت یارمەتی بدرێت.

**نورا:** (بە غەمباریەوە هەناسەیەك هەڵدەکێشێت)دەربارەی خۆتە؟

**رانك:** کێی تر هەیە؟ بێکەڵکە درۆ لەگەڵ خۆتدا بکەیت، تەواو کەساسی دەستی نەخۆشەکانم، خاتو هێلمەر ،پێشتر من لەسەر ئابوری چەشپاوی خۆم ژیاوم ــ نابوت بووم ! لەوانەیە لەم مانگەدا لە حەوشەی کڵێسایەکدا بڕزێم.

**نورا:** ئۆه، بە شێوازێکی ناخۆش قسە دەکەیت!

**رانك:** شتەکە خۆی ناخۆش و نەفرەت لێکراوە. بەڵام ناخۆشیەکەی ئەوەیە کە دەبێت روو بەرووی شتی لەوە خراپتر ببمەوە. پێویستە جارێکی تر خۆم تاقی بکەمەوە. هەر کاتێکیش ئەوەم کرد، ئەو کاتە دڵنیا دەبم کە ترسی بێچارەیی دەست پێدەکات. هەندێك شت هەیە دەمەوێت پێت بڵێم. ئەو سروشتە پوختەی هێلمەر خۆیەتی قێزەونیەکی سەرسەختی پێدەبەخشێت دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە ناشرینن، نابێت لە نەخۆشخانەکەی مندا بێت.

**نورا:** ئۆه، بەڵام، دکتۆر رانك ــــ

**رانك:** نامەوێت لەوێ بێت . بێ هیچ رونکردنەوەیەك دەرگای لێدادەخەم. هەر کە دڵنیا بووم خراپی رووی تێکردم، کارتەکەی خۆمت بۆ دەنێرم هێڵێکی راستوچەپی رەشی لەسەر دەبێت. ئەو کاتە تۆ دەزانیت کە ئەو رقە کۆتایی هاتووە.

**نورا:** ئەمرۆ تەواو تێك چوویت، من ویستم لە بارێکی باشدا بیت.

**رانک:** لەگەڵ ئەو مردنەدا کە بێ چرپە لە تەنیشتمەوە دێت ! تاکو سزای تاوانباریێ تر من بیدەم ! ئایا ئەمە هیچ دادپەروەرییەکی تێدایە؟ لە هەموو خێزانێکدا بە ڕێگەی جیاواز هەندێ تەمێ کردنی بێ بەزەییانە بونی هەیە ـــ

**نورا:** (دەستی دەخاتە سەر گوێی) قسەی بێ مانا! باسی شتێکی خۆش بکە .

**رانک:** ئۆه، تەنها بۆ پێکەنین بوو. بڕبڕەی داماوم دەبێت توشی کەیف و خۆشیە گەنجانەکانی باوکم ببێت.

**نورا:** (لەلای چەپەوە لەسەر مێزەکە دادەنیشێت) وابزانم مەبەستت ئەوەیە زۆر حەزی لە(هیلیون)[1] و(سرێشی جگەری قاز)[2] بووە، مەبەستت ئەوەیە؟

**رانک:** بەڵێ، قارچکە دومەڵانیش.

**نورا:** قارچکە دومەڵان، ئا، وابزانم گوێجکە ماسیش.

**رانک:** گویجکە ماسی، بێگومان. بەبێ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین بۆ خۆی درێژە دەکێشێت.

**نورا:** وە(پۆرت)[3]ی زۆرو شەمپانیاش، خۆش نییە ئەو شتە چاکانە تۆڵەی خۆیان لە ئێسکەکانمان بکەنەوە .

**رانک:** بە تایبەتی تۆڵەی خۆیان لەو ئێسکە بەدبەختانە بکەنەوە کە رازی نابن چێژی لێوەربگرن.

**نورا:** بەڵێ، زۆر ناخۆشە.

**رانک:** (چاوێکی پێدادەگرێت) هم! ـــ

[1] (هیلیون) بە ئینگلیزی (asparagus) درەختێکە لاسکەکەی دەخورێت.
[2] (سرێشی جگەری قاز) بە زمانی فەرەنسی (pate de foie gras)
[3] (پۆرت) شەرابی خەستی پرتوگالییە. بە ئینگلیزی "port"



www.pertwk.com

**نورا:** (دوای وەستانێکی کەم) بۆ بزە دەتگرێت؟

**رانک:** نا، تۆ پێدەکەنیت.

**نورا:** نا، تۆ بزە گرتیتی، دکتۆر رانک!

**رانک:** (هەڵدەستیتە سەر پێ) تۆ زۆر لەوە لاسارتریت کە من دەمزانی.

**نورا:** ئەمڕۆ لە هەوەسێکی شێتانەدام.

**رانک:** دیارە.

**نورا:** (دەستی دەخاتە سەر شانی دکتۆر رانک)دکتۆر رانکی ئازیز، نابێت مردن دوورت بخاتەوە لە من و تۆرڤاڵد.

**رانک:** ئەو زەرەرێکە بە ئاسانی رزگارت دەبێت لە دەستی. ئەوانەی دەڕۆن زوو لە بیر دەچنەوە.

**نورا:** (بە شڵەژاویەوە سەیری دەکات)باوەڕت بەوە هەیە؟

**رانک:** خەڵکی پەیوەندیەکی نوێ پێك دەهێنن، وە پاشان ـ

**نورا:** کێ پەیوەندیەکی نوێ پێکدەهێنێت؟

**رانک:** تۆو هێڵمەر هەردوکتان ـــ کاتێك من دەڕۆم ـ وابزانم ئێستا بۆ خۆت لەسەر ئەو شارێیەدایت بۆ ئەو پەیوەندیە نوێیە. ئەو خاتولیندە دوێنێ شەو چی دەویست لێرە؟

**نورا:** ئۆ هۆو! وابزانم حەسودی بەو کریستینە داماوە دەبەیت؟

**رانک:** بەڵێ، من وام. دەبێتە شوێنکەوتوی من لەمماڵەدا. کاتێك من تەواو دەبم، ئەم ژنە دەبێتە ـ

**نورا:** ووس! دەنگ بەرز مەکەرەوە، لەو ژورەیە.

**رانک:** دووبارە ئەمرۆش. ئەوەتا، دەبینیت.

**نورا:** هاتووە جلم بۆ بدورێت. خوایە رەحمم پێبکەیت، چەند نەگونجاویت. (لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت) پیاوی چاك بە دکتۆر رانك! سبەینێ دەبینیت چەند بە جوانی سەما دەکەم. دەتوانیت وای دابنێیت کە سەما

بۆ تۆ دەکەم ــ هەروەها بۆ تۆرڤاڵدیش، بێ گومان. (چەند شتێك لەناو بوخچەکەدا دەردەهێنێت) دکتۆر رانك وەرە دانیشە با چەند شتێکت نیشاندەم.

**رانك:** (دادەنیشێت) چییە؟

**نورا:** تەنها سەیری ئەوانە بکە.

**رانك:** گۆرەوی ئاوریشیمی!

**نورا:** رەنگی گۆشتییە، جوان نین؟ ئێستا ئێرە زۆر تاریکە. بەڵام سبەینێ ـــ .نا، نا،نا! تەنها سەیری پێیەکان بکە. ئۆه، باشە،دەتوانیت سەیری لاقەکانیش بکەیت.

**رانك:** هم! ـــ

**نورا:** بۆ ئەوەندە بە شڵۆقی سەیر دەکەیت؟ وا دەزانیت لێم نایەت؟

**رانك:** دەربارەی ئەوە هیچ بۆچونێکم لا دروست نەبووە.

**نورا:** (کەمێك سەیری دەکات) شورەییە! (بە هێواشی گۆرەوییەکانی دەکێشێ بە گوێیدا) ئەمە بۆ ئەوەی سزات بدەم.(جارێکی تر شتەکانی قەد دەکاتەوە).

**رانك:** هیچ شتێکی جوانترت هەیە بتوانم سەیریان بکەم؟

**نورا:** لەبەر ئەوەی زۆر سەرەڕۆیت، لەوە زیاتر هیچ شتێکی ترم نییە (سەیری ناو شتەکان دەکات و لەبەرخۆیەوە منگە منگ دەکات)

**رانك:** (دوای بێدەنگیەکی کەم) کاتێك من لێرەدا دادەنیشم و بەو شێوەیە لە نزیکەوە قسەت بۆ دەکەم. ناتوانم ئەو بهێنمە پێش چاوی خۆم کە ئایا چیم بەسەر دەهات ئەگەر هەرگیز نەهاتمایە بۆ ئەم ماڵە.

**نورا:** (بزەیەك دەیگرێت) باوەڕم وایە تۆ واهەست دەکەیت لە ماڵی خۆتدایت لەگەڵ ئێمەدا.



www.pertwk.com

**رانك:** (بە دەنگێکی نزم راستەوخۆ سەیری دەکات) بۆ ئەوەی ناچار بیت هەموو شتێك بەجێبهێڵیت. ــ

**نورا:** قسەی هیچ، بەجێمان ناهێڵیت.

**رانك:** (وەکو پێشوو) ناتوانیت لە دوای کەسێکەوە بڕۆیت کە بچوکترین بەڵگەی بەوەفایی بێت، بگرە ئەگەر پەشیمان بونەوەیکی خێرا ـــ هیچ تەنها ئەو کەسەی یەکەم جار هاتووە و جێگەکەی چۆڵە، کەسانی تر جێگەی دەگرنەوە.

**نورا:** ئەی ئەگەر ئێستا پرسیاری شتێکم لێبکردیتایە بۆ ـــ؟ نا!

**رانك:** بۆچی؟

**نورا:** بۆ ئەوەی هاوڕییەتی خۆت بسەلمێنی ـــ

**رانك:**ئا، ئا!

**نورا:** مەبەستم چاکەیکی گەورەیە.

**رانك:** دەتەوێت بۆ تەنها جارێك بەڕاستی دڵخۆشم بکەیت؟

**نورا:** ئاه، بەڵام جارێ تۆ نازانیت چییە.

**رانك:** نەخێر ــ بەڵام پێم بڵێ.

**نورا:** دکتۆر رانك، لە راستیدا ناتوانم، شتێکە لەدەرەوەی هەموو مەبەستێکە، مانای ئامۆژگاری و یارمەتی و چاکەیەــ

**رانك:** گۆم تا قوڵ بێت مەلەی خۆشترە، ناتوانم بیهێنمە پێش چاوی خۆم کە مەبەستت چییە. پێم بڵێ، داخۆ متمانەم پێناکەیت؟

**نورا:** لە هەموو کەسێکی تر زیاتر. دەزانم تۆ هاوڕێیەکی راست و ئازیزی منیت. پاشان پێت دەڵێم چییە. ئێ، دکتۆر رانك، شتێکە پێویستە یارمەتیم بدەیت بۆ ئەوەی رێگری بکەم. تۆ دەزانیت کە تۆرڤاڵد چەند منی خۆش دەوێت و چەند خۆی تەرخان کردووە بۆ من. بۆ تەنها ساتێکیش دودڵ نەبووە لەوەی ژیانی خۆیم پێ ببەخشێت.

**رانك:** (بەرەوڕووی دەچەمێتەوە) نورا ــ وا دەزانیت تەنها کەسە ـــ ؟

**نورا:** (بە هێواشی) تەنها کەس ــ؟

**رانك:** تەنها کەسێك کە بە خۆشحاڵیەوە ژیانی خۆی ببەخشێتە تۆ.

**نورا:** (بە غەمباریەوە) ئۆه!

**رانك:** من سور بووم لەسەر ئەوەی کە پێش ئەوەی بڕۆم بیزانیت. هەرگیز هەلی لەمە باشترم دەست ناکەوێت. نورا، ئێستا زانیت، پاشان ئەوەش بزانە دەتوانیت متمانەم پێبکەیت وەك ئەوەی متمانەت بە کەسی تر نییە.

**نورا:** (بە هێمنیەوە هەڵدەستێتە سەر پێ)بە یارمەتی، ڕێگەم بدە بڕۆم.

**رانك:** (ڕێگەی دەدات بڕوات. بەڵام جاری خۆی دانیشتووە). نورا!

**نورا:** (لە دەرگای هۆڵەکەوە) هێڵین، چراکە بهێنە (دەرواتە سەرەوە بۆ لای زۆپاکە) دکتۆر رانکی ئازیز، بەڕاستی ئەمە ناجۆریە بۆ تۆ.

**رانك:** لەبەر ئەوەی هێندەی کەسانی تر خۆشم ویستویت؟ ئایا ئەمە ناجۆریە؟

**نورا:** نا، بەڵام تۆ ئاوا بە من دەڵێیت، بە راستی پێویست نەبوو ــ

**رانك:** مەبەستت چییە؟ زانیبووت ــ ؟ (کارەکەرەکە بە چراکەوە دێتە ژورەوە، لەسەر مێزەکە دای دەنێت و دەرواتە دەرەوە) نورا ـــ خاتو هێڵمەر ــ پێم بڵێ، وتم زانیبووت؟

**نورا:** ئۆه، چۆن بزانم؟ لە راستیدا ناتوانم پێت بڵێم ـــ بیر لەوە بکەرەوە کە تۆ زۆر نەزان بوویت، دکتۆر رانك! ئێمە زۆر بە باشی بەردەوام بووین.

**رانك:** باشە، ئێستا دەزانیت لە هەموو کاتێکدا دەتوانیت فەرمانم پێبدەیت بە رۆح و گیانم لەگەڵتدام. دەی قسە بکە.

**نورا:** (سەیری دەکات) پاش ئەوەی کە روویدا؟

**رانك:** لێت دەپاریمەوە با بزانم چییە؟



www.pertwk.com

**نورا:** ئێستا ناتوانم هیچ شتێکت پێ بڵێم.

**رانك:** با، با، نابێت بەو شێوەیە سزام بدەیت. ڕێگەم بدە شتێکت بۆ بکەم کە پیاو دەتوانێت بیکات.

**نورا:** ئێستا ناتوانیت هیچ شتێکم بۆ بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا من هیچ پێویستیەکم بە یارمەتی نییە. لەلای من هەموو شتەکان لە جێگەی خۆیدایە. لە راستیدا بەو شێوەیەیە ــ بێ گومان وایە! (لەسەر بێشکە کورسیەکە دادەنیشێت و بە خەندەیەکەوە سەیری دەکات) تۆ پیاوێکی باشیت دکتۆر رانك! ـــ ئەوە چراکە هاتووە، شەرم لە خۆت ناکەیت؟

**رانك:** یەکتۆز شەرم ناکەم، بەڵام وابزانم برۆشتمایە باشبوو ـ بۆ هەتا هەتایە؟

**نورا:** نا، لە راستیدا نابێت بڕۆیت. بە دڵنیایەوە ئەبێت وەکو جاران سەرمان لێبدەیت، دەزانیت بەبێ تۆ تۆرڤاڵد ناتوانێت هیچ شتێك بکات.

**رانك:** بەڵێ، ئەی تۆ؟

**نورا:** کاتێك دێیت من زۆر دڵخۆش دەبم.

**رانك:** تەنها ئەوەیە تۆ منت خستۆتە سەر ئەم ڕێگە هەڵەیە. وات لێکردم زۆر شت بڵێم، زۆر جار وامزانیوە زۆر بە زوویی وەك چۆن لەگەڵ هێڵمەر دایت ئاواش لەگەڵ مندا دەبیت

**نورا:** بەڵێ ـــ تۆ دەزانیت یەکێك هەیە، کەسێك زۆر خۆشی دەوێت وە کەسانی تریش پێیان خۆشە ببنە هاورێی.

**رانك:** لەوەدا چەند شتێك هەیە.

**نورا:** کاتێك کچ بووم، بێگومان بابەم زۆر خۆش دەویست. بەڵام هەموو کات وام دەزانی زۆر خۆشە ئەگەر بە دزییەوە بچمە ژووری کارەکەرەکانەوە، لەبەرئەوەی هیچیان فێرنەدەکردم تەنها باسی شتی خۆیان بۆ یەکتری دەکرد.

**رانك:** دەزانم ــ من جێگەکەی ئەوانم گرتووەتەوە.

www.pertwk.com

**نورا:** (هەڵدەستێت و دەروات بۆ لای)، ئۆه، دکتۆر رانکی ئازیز، بە هیچ شێوەیەك مەبەستم ئەوە نەبوو. بەڵام بە دڵنیایەوە ئەوە دەزانیت کە بوونم لەگەڵ تۆرڤاڵدا تۆزێك وەکو ئەو وایە کە لەگەڵ بابەمدا بووم ــ (کارەکەرەکە لە هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە)

**کارەکەر:** بە یارمەتیت خانمەکەم. (دەچرپێنێت بە گوێیدا و کارتێك دەداتە دەستی)

**نورا:** (چاوێك بە کارتەکەدا دەخشێنێ) ئۆها! (دەیخاتە گیرفانیەوە)

**رانك:** هیچ گرفتێك هەیە؟

**نورا:** نا، نا، هیچ نییە ــ تەنها ــ جلە تازەکانمە ــ

**رانك:** چی؟ جلەکانت؟ ئەوە جلەکانتە لەوێدا کەوتووە.

**نورا:** ئۆه، ئەوەیان، نا، بەڵام ئەمە دانەیەکی ترە. خۆم بەکردم داوە. نابێت تۆرڤاڵد بیزانێت ــ

**رانك:** ئۆ هۆو! ئەمە نهێنیە گەورەکە بوو.

**نورا:** بێ گومان. بڕۆرە ژوورەوە بۆ لای تۆرڤاڵد، لە ژوورەکەی ناوەوە دانیشتووە، مەیەڵە بێتە دەرەوە، هەتاکو ــ

**رانك:** وەرەوە سەرخۆت نایەڵم رابکات (دەڕواتە ژوورەوە بۆ لای هێڵمەر)

**نورا:** (بۆ کارەکەرەکە) لە موبەقەدا وەستاوەو چاوەڕێیە؟

**کارەکەر:** بەڵێ، لە قادرمەکانی دواوە هاتووەتە سەرەوە.

**نورا:** ئەی پێت نەوت کەس لە سەرەوە نییە؟

**کارەکەر:** با، بەڵام سودی نەبوو.

**نورا:** ناڕوات؟

**کارەکەر:** نەخێر خانمەکەم، ناڕوات تاکو قسەت لەگەڵ نەکات.

**نورا:** باشە با بێتە ژوورەوە ــ بەڵام بەبێ دەنگ. هێڵێن، دەربارەی ئەمە هیچ شتێ بە کەس ناڵێیت.



**کارەکەر:** بەڵێ، خانمەکەم، تێدەگەم (دەڕواتە دەرەوە)

**نورا:** شتە ترسناکەکە بەرەو ئەوە دەڕوات رووبدات! بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت روودەدات! نا، نا، نابێت رووبدات ــ محاڵە رووبدات! (دەرگای ژوورەکەی هێڵمەر سورگی دەکات. کارەکەرەکە دەرگای هۆڵەکە لە گرۆستاد دەکاتەوە و لە دوایەوە دای دەخات. کرۆگستاد بە پاڵتۆیەکی فەرویی و پوتێکی بەرزی و کلاوێکی لەسەر دایە، دێتە ژوورەوە)

**نورا:** (بەرەو رووی دەروات) هێواش قسە بکە ــ مێردەکەم لە ماڵەوەیە .

**کرۆگستاد:** گرنگ نییە.

**نورا:** چیت لێم دەوێت؟

**کرۆگستاد:** روونکردنەوەی چەند شتێك.

**نورا:** خێراکە دەی ، چییە؟

**کرۆگستاد:** وابزانم ئاگات لەوەیە کە دەرکراوم.

**نورا:** نەمتوانی رێگری بکەم، مستەر کرۆگستاد. هێندەی تۆ شەڕم کرد، بەڵام بێکەڵك بوو.

**کرۆگستاد:** ئایا، مێردەکەت هیچ خۆشی ناوێیت؟ دەیزانی تۆ دەخەمە بەر ئەو کارە، کەچی هەر سەرەرۆیی دەکات ــ

**نورا:** چۆن دەزانیت بەو چەشنە زانیاری هەیە؟

**کرۆگستاد:** من وای دانانێم، من وەکو تۆرڤاڵد هێڵمەری ئازیزمان نیم ئەوەندە ئازایەتی بنوێنم ــ

**نورا:** مستەر کرۆگستاد، تکایە تۆزێك رێز بۆ مێردەکەم دابنێ.

**کرۆگستاد:** بە دڵنیاییەوە ــ ئەوەندەی شایستەی بێت رێزی بۆ دادەنێم. بەڵام لەو کاتەوەی تۆ ئەم کێشەیەت زۆر بە وریاییەوە هێشتوەتەوە، منیش خۆم ئازا دەکەم بۆ ئەوەی بزانم دەربارەی ئەو شتانەی کە بەڕاستی کردووتن، بۆچونەکانت روونە و لەوەی دوێنێ باشترە؟

**نورا:** زۆر لەوە زیاتر کە تۆ فێرم دەکەیت.

**کرۆگستاد:** ئا، پارێزەرێکی هێندە خراپی وەکو من.

**نورا:** چیت لە من دەوێت؟

**کرۆگستاد:** تەنها دەمەوێت بزانم چۆن بویت، خاتو هێڵمەر، بە درێژایی ئەمرۆ بیرم لە تۆ کردۆتەوە، تەنها خەزنە دارێك! کۆلکە نوسەرێك، تەنها — ئێ، پیاوێکی وەکو من. بگرە ئەگەر تەنها تۆزێك لەوەی هەبوایە کەپێی دەڵێن هەست، خۆت دەزانیت.

**نورا:** ئاشکرای بکە، پاشان بیر لە منداڵە بچکۆلەکانم بکەرەوە.

**کرۆگستاد:** تۆ و مێردەکەت بیرتان لە من کردۆتەوە؟ بەڵام من هەرگیز گوێی پێنادەم، تەنها ویستم پێت بڵێم کە ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بە گرنگی وەرمەگرە لەبەر ئەوەی من کەسم تاوانبار نەکردووە

**نورا:** نا، بێگومان نا، من دڵنیام لەوە.

**کرۆگستاد:** هەموو شتەکان بە شێوەیەکی دۆستانە رێکخراون. پێویست ناکات کەس بزانێت، شتەکە لە نێوان هەرسێکماندا دەمێنێتەوە.

**نورا:** بە هیچ شێوەیەك نابێت مێردەکەم بیزانێت.

**کرۆگستاد:** چۆن دەتوانیت رێگری بکەیت؟ دەتوانم بزانم، ئایا لە تواناتدایە میزانیەی قەرزەکەت بدەیتەوە؟

**نورا:** نا، ئێستا نا.

**کرۆگستاد:** یان لەوانەیە هەندێك شتی بەکەڵکت هەبێت تاکو بە زوویی پارەکە بدەیتەوە؟

**نورا:** هیچ شتێکی بەکەڵك نییە مەبەستم بێت بەکاری بێنم.

**کرۆگستاد:** ئێ، بەهەرحاڵ، ئێستا کەڵکی نییە بۆ تۆ. ئەگەر لەوێدا بوەستیت و پارەیەکی زۆریشت پێ بێت، من پەیوەستنامەکەت بۆ ناگێڕمەوە.

**نورا:** پێم بڵێ بۆ چ مەبەستێك بەکاری دەهێنیت.



www.pertwk.com

**کرۆگستاد:** تەنها دەیهێڵمەوە — لای خۆم دەیهێڵمەوە، نابێت کەس لەم کێشەیەدە گرنگی هەبێت و تێبینی هەبێت. لەم کێشەیەدا نابێت کەس هیچ شتێك بزانێت. ئەگەر چارەسەرێکی بێ هیوایانە لە مێشکدا هەبێت —

**نورا:** ئەگەر شتی وا لە مێشکمدا هەبێت چییە.

**کرۆگستاد:** ئەگەر بیرت لەوە کردبێتەوە منداڵەکان و مێردەکەت بەجێ بهێڵیت.

**نورا:** ئەگەر بەجێی بهێڵم چییە؟

**کرۆگستاد:** یان ئەگەر بیر لە شتی لەوە خراپتر کردبێتەوە —

**نورا:** چۆن دەزانیت بیرم لە شتی وا کردۆتەوە؟

**کرۆگستاد:** زۆر کەس لە ئێمە لە سەرەتادا بیر لەوە دەکەنەوە — منیش وا بووم — بەڵام نەموێرا —

**نورا:** (بە کزییەوە) منیش ئەوەندە زاتم نەبوو.

**کرۆگستاد:** (بە دەنگێکی خەفەتاوییەوە) نا، کەس ناوێرێ، تۆش نەتوێرا، وانییە؟

**نورا:** نا، نەموێرا.

**کرۆگستاد:** لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بێ عەقڵییە. جارێ زریانی یەکەم لە ماڵکەدا کۆتایی هاتووە — لە گیرفانمدا نامەیەکم پێیە بۆ مێردەکەت.

**نورا:** هەموو شتێکی پێ دەڵێیت؟

**کرۆگستاد:** ئەوەندەی توانیبێتم بە شێوازێکی نەرم و نیانانە.

**نورا:** (بە خێرایی) نابێت ئەو نامەیەی بەردەست بکەوێت. بیدڕێنە، رێگەیەکی تر دەدۆزمەوە ئەو پارەیە پەیدا دەکەم.

**کرۆگستاد:** بم بەخشە، خاتو هێڵمەر، وابزانم ئێستا پێم وتیت —

**نورا:** باسی ئەوە ناکەم کە چەند قەرزدارتم. پێم بڵێ ئەو بڕە چەندە کە لە مێردەکەم داوا دەکەیت، من ئەو پارەیە پەیدا دەکەم.

**کرۆگستاد:** داوای یەك پێنی لە مێردەکەت ناکەم.

**نورا:** باشە ئەی چیت دەوێت ؟

**کرۆگستاد:** خاتو هێڵمەر، ئەڵێم، دەمەوێت ناوبانگی خۆم بهێنمەوە، دەمەوێت بەردەوام بم، لەمەدا مێردەکەت دەتوانێت یارمەتیم بدات. لەم ساڵ و نیوەی دواییدا هیچ کارێکی بێڕێزیم نەکردووە و زۆر کات لە باروو دۆخێکی دیاریکراودا هەوڵم داوە. من رازیبووم لەو رێگەیدا هەنگاو بە هەنگاو کار بکەم. ئێستا دەورم لێگۆڕاوە، جارێکی تر چی دی لەگەڵ چاکەدا ناگونجێم، ئەڵێم دەمەوێت بەردەوام بم. دەمەوێت جارێکی تر بچمەوە ناو بانك و لە شوێنێکی بەرزدا بم. پێویستە مێردەکەت شونێکم بۆ دروست بکات ــ

**نورا:** هەرگیز شتی وا ناکات!

**کرۆگستاد:** دەیکات، من دەیناسم، ناوێرێت ناڕازی بێت. پاشان دەیبینیت لەوێ لەگەڵیدا دەبم! لە ماوەی ساڵێکدا دەبمە بەڕێوبەری دەستە راست. ئەوە نایلڵ کرۆگستادە نەك تۆرڤاڵد هێڵمەر کە بانك بەرێوە دەبات.

**نورا:** ئەوە شتێکە هەرگیز بە چاو نایبینیت!

**کرۆگستاد:** مەبەستت ئەوەیە کەتۆ ــ ؟

**نورا:** ئێستا ئازایەتی تەواوم تێدای بۆ ئەوە.

**کرۆگستاد:** ئۆه! ناتوانیت بمترسێنیت. خانمێکی چاك و نازداری وەك تۆ ــ

**نورا:** دەیبینیت، دەیبینیت!



www.pertwk.com

**کرۆگستاد:** لەوانەیە لەژێر سەهۆڵدا؟ لەژێر ئاوی ساردی رەشی خەڵوزیدا؟ پاشان لە بەهاری داهاتودا دەکەوێتە سەر ئاو، بێ موو، ناشرین، ناناسرێتەوە ـ

**نورا:** ناتوانیت بمترسێنیت ـ

**کرۆگستاد:** تۆش ناتوانیت بمترسێنی. خاتو هێڵمەر، خەڵکی ئەو جۆرە شتانە ناکەن. لەگەڵ ئەوەشداچی بەکاربهێنی دەبێت؟ ئەبێت بە توانای خۆم بەسەریدا سەر بکەوم.

**نورا:** ئەی دوای ئەوە؟ کاتێك چیتر من ـ ؟

**کرۆگستاد:** لەبیرت چووەتەوە ئەوە منم ناوبانگی تۆم پاراستووە. (نورا بێ قسە دەوەستێت و سەیری دەکات) ئێ، ئەوە ئێستا ئاگادرم کردیتەوە، هیچ شتێکی بێ عەقڵی مەکە. کاتێك هێڵمەر نامەکەی بەر دەست دەکەوێت، منیش چاوەروانی وەڵام دەکەم. دڵنیاش بە دەبێت ئەوەت لەبیر بێت کە مێردەکەت ناچاری کردوم جارێکی تر ئەو رێگایە بگرمەبەر لەبەر ئەوە هەرگیز لێی خۆش نابم. خوات لەگەل خاتو هێڵمەر (لە هۆڵەکەوە دەرواتە دەرەوە)

**نورا:** (دەڕواتە لای دەرگای هۆڵەکە و وردەوردە دەیکاتەوە و گوێ دەگرێت).دەڕوات، نامەکەی نەخستە ناو سندوقەکەوە، ئۆه، نا، نا! مەحاڵە! (وردە وردە دەرگاکە دەکاتەوە) ئەوە چییە؟ لە دەرەوە وەستاوە. ناڕواتە خوارەوە. دوودڵە؟ دەتوانێت ـ ؟ (نامەیك دەکەوێتە ناو سندوقەکەوەو دەنگی پێی کرۆگستاد دەبیسترێت تاکو وندەبێت و دەڕواتە خوارەوە. نورا هاوارێکی خنکاوانە دەکات و بە ژوورەکەدا رادەکات بۆ لای مێزێك لەلای قەنەفەکەدا. وەستانێکی کەم)

**نورا:** لەناوسندوقەکەدایە! (بەبێ چرپە دەڕوات بۆ لای دەرگای هۆڵەکە) ئەوەتا لەوێدا کەوتووە ـ تۆرڤاڵد، تۆرڤاڵد، ئێستا هیچ هیوایەك بۆ ئێمە نەماوە!

(خاتولیند جلەکانی بەدەستەوەیە و لە ژوورەکەی لای چەپەوە دێتە ژوورەوە)

**خاتولیند:** ئەوەتا، ئێستا لەوە زیتر هیچ شتێکی تر نابینم چاکیبکەمەوە. پێت خۆشە تاقی بکەیتەوە ـ ؟

**نورا:** (بە دەنگێکی نوساوەوە دەچرپێنێ) وەرە بۆ ئێرە کریستین.

**خاتولیند:** (جلەکە فڕێ دەداتە سەر قەنەفەکە) ئەوە چییە؟ زۆر پەشۆکاویت.

**نورا:** وەرە بۆ ئێرە، ئەو نامەیە دەبینیت؟ ئەوەتا، سەیرکە، لە شوشەی سندوقی نامەکەوە دیارە.

**خاتولیند:** ئا، دەیبینم.

**نورا:** ئەو نامەیە هی کرۆگستادە.

**خاتولیند:** نورا ـ کرۆگستاد پارەکەی دابوو پێت؟

**نورا:** بەڵێ، ئێستاش تۆرڤاڵد هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا دەبێت.

**خاتولیند:** نورا، بڕوام پێبکە، ئەوە باشترین شتە بۆ هەردووکتان.

**نورا:** تۆ هەموو شتێك نازانیت. من ناوێکم ساختە کردووە ـ

**خاتولیند:** ئاسمانی مەزن ـــ !

**نورا:** کریستین، تەنها ئەوە دەڵێم ـ دەبێت ببیتە شایەتم.

**خاتولیند:** شایەتی تۆ؟ مەبەستت چییە؟ من چیم بۆ ـــ

**نورا:** ئەگەر هاتوو من ئاگام لە خۆم نەبوو ـــ لەوانەشە ئاسان رووبدات ـــ

**خاتولیند:** نورا!

**نورا:** یاخود ئەگەر هەر شتێکی تر لە من رووبدات ـــ هەر شتێك، بۆ نموونە، ئەگەر رێگەم لە مانەوە بگرێت لێرە ـ

**خاتولیند:** نورا، نورا، بەتەواوەتی ئاگات لە خۆت نەماوە.



www.pertwk.com

**نورا:** ئەگەر رووبدات کەسێك هەموو لێپرسراویەك بگرێتە ئەستۆ، هەموو گلەییەك ـــ خۆ تێدەگەیت ـ

**خاتولیند:** ئا، ئا ـــ بەڵام چۆن دەتوانیت وای دابنێیت ــــ ؟

**نورا:** پاشان دەبێت شایەتی ئەوەم بۆ بدەیت کە ئەمە راست نییە. بە هیچ شێوەیەك من بێئاگا نیم! زۆر باش دەزانم چی دەڵێم. شتێکت پێ دەڵێم کە کەسی تر نایزانێت، لە یادت نەچێت، هەموو ئەو شتانە خۆم بە تەنها کردوومن.

**خاتولیند:** لە راستیدا لەبیرم دەبێت، بەڵام تێناگەم مەبەستت چییە ـ

**نورا:** چۆن بتوانیت تێبگەیت؟ (پەرجو)[4] روودەدات.

**خاتولیند:** پەرجو؟

**نورا:** ئا، پەرجو! ـــ بەڵام زۆر ناخۆشە کریستین، نابێت روو بدات. بۆ هەموو دنیا نابێت روو بدات.

**خاتولیند:** هەر ئێستا دەڕۆم بۆ لای کرۆگساد و قسەی لەگەڵدا دەکەم.

**نورا:** مەچۆ بۆ لای زیانت پێ دەگەیەنێت.

**خاتولیند:** سەردەمانێك هەبوو لەبەر خاتری من هەموو شتێکی دەکرد.

**نورا:** ئەو؟

**خاتولیند:** لەکوێ دەژی؟

**نورا:** چۆن بزانم ـــ ؟(دەست لە گیرفانی دەدات) ئەوە کارتەکەیەتی، بەڵام نامەکە، نامەکە ـــ !

**هێڵمەر:** (لە ژوورەکەی خۆیەوە بانگ دەکات و لە دەرگاکە دەدات) نورا!

**نورا:** (بە شپرزەییەوە هاوار دەکات) ئۆه، چییە؟ چیت دەوێت؟

**هێڵمەر:** مەترسە نایەینە ژوورەوە، دەرگاکەت داخستوە. جلەکەت تاقی دەکەیتەوە؟

---

[4] (پەرجو) لە زمانی ئینگلیزیدا (miracle) وە لە زمانی عەرەبیدا (معجزە)یە

www.pertwk.com

**نورا:** ئا، تاقی دەکەمەوە، زۆر جوانە، تۆرڤاڵد.

**خاتولیند:** (کارتەکەی خوێندەوە) دەزانم لەو کۆڵانەی ئێرەدا دەژی.

**نورا:** ئا، بەڵام کەڵکی نییە، هیوام پێی نییە، نامەکە لەناو سندوقەکەدایە.

**خاتولیند:** مێردەکەت کلیلەکانی پێیە؟

**نورا:** بەڵێ، هەموو کاتێك پێیەتی.

**خاتولیند:** پێویستە کرۆگستاد داوای نامەکەی بکات نەخوێنرێتەوە، پێویستە بەهانەیەك بدۆزێتەوە.

**نورا:** بەڵام ئەمە ئەو کاتەیە کە تۆرڤاڵد بە زۆری —

**خاتولیند:** پێویستە دوای بخەیت، ئێستا بچۆرە ژورەوە بۆ لای. ئەوەندەی بتوانم زوو دەگەڕێمەوە (بە خێرایی بەناو هۆڵەکەدا دەڕوات)

**نورا:** (دەڕوات بۆ لای ژوورەکەی هێڵمەر، دەرگاکە دەکاتەوە و بە تیلەی چاو سەیری ژوورەوە دەکات) تۆرڤاڵد!

**هێڵمەر:** (لە ژوورەکەی ناوەوە) ئێ؟ دواجار دەتوانم سەرکێشی بکەم و بچمە ژوورەکەی خۆمەوە؟ وەرە رانك ، ئێستا سەیرێك دەکەین — (لەناو دەرگاکەدا هەڵوێستەیەك دەکات) ئەی ئەوە چییە؟

**نورا:** چی چییە، ئازیز؟

**هێڵمەر:** رانك وای لێکردوم چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی گەورە بکەم.

**رانك:** (لەناو دەرگاکەدا) بەو شێوەیە تێگەشتوم، بەڵام لەوانەیە بە هەڵەدا چووبێتم.

**نورا:** بەڵێ، نابێت تاکو سبەینێ هیچ کەسێك بە جلەکانمەوە بمبینێت.

**هێڵمەر:** نورای ئازیز، بەڵام زۆر هیلاك دیاریت. مەشقت زۆر کردووە؟

**نورا:** نا، هیچ مەشقم نەکردووە.

**هێڵمەر:** بەڵام پێویستە —



**نورا:** ئا، راستە بەڵام بەبێ تۆ ناتوانم، بە دڵنیاییەوە هەموو شتێکم بیرچووەتەوە.

**هێڵمەر:** ئۆه، بەم زووانە جارێکی تر لەگەڵیدا خەریك دەبین.

**نورا:** ئا، یارمەتیم بدە هێڵمەر، بەڵێنم بدەرێ، زۆر بەڕاستمە — پێش ئەوەی هەموو خەڵك — پێویستە ئەم ئێوارەیە واز لە کاری خۆت بهێنیت لەگەڵ مندا بیت. ئیش و کاری بچوکیش نەکەیت — نابێت پێنوسیش بە دەستەوە بگریت. تۆرڤاڵدی ئازیز، بەڵێنم دەدەیتێ؟

**هێڵمەر:** بەلێنبێت، ئەم ئێوارەیە بە دڵنیاییەوە لە خزمەتی تۆدا دەبم، ئەی بچکۆلانەی بێ توانا. ئاه، بەو بۆنەیەوە پێش هەموو شتێك، من تەنها — (بەرەو دەرگای هۆڵەکە دەڕوات)

**نورا:** دەتەوێت چی بکەیت لەوێ؟

**هێڵمەر:** دەمەوێت بزانم هیچ نامەیەك هاتووە.

**نورا:** نا، نا! شتی وا مەکە تۆرڤاڵد!

**هێڵمەر:** بۆ نا؟

**نورا:** تکایە شتی وا مەکە هیچی لێ نییە.

**هێڵمەر:** باشە، با سەیرێك بکەم (روودەکاتە سندوقی نامەکە. نورا لەسەر پیانۆکە یەکەم ئاوازی تارانتێلا لێدەدات، هێڵمەر لەناو دەرگاکەدا رادەوەستێت) ئەها!

**نورا:** ئەگەر لەگەڵ تۆدا مەشق نەکەم، سبەینێ ناتوانم سەما بکەم.

**هێڵمەر:** (دەڕوات بۆ لای) بەڕاست ئەوەندە لێی دەترسیت، ئازیزم؟

**نورا:** بەڵێ، زۆر لێی دەترسم، با یەکسەر مەشق بکەین، ئێستا کات هەیە پێش ئەوەی بڕۆین بۆ نانی ئێوارە. تۆرڤاڵدی ئازیز دانیشە پیانۆم بۆ لێبدە، رەخنەم لێبگرە، راستم بکەرەوە.

**هێڵمەر:** بە خۆشحاڵییەوە ئەگەر پێت خۆش بێت (لەسەر پیانۆکە دادەنیشێت)

**نورا:** (دەفێك و شاڵێکی رەنگاورەنگ لە سندوقەکەدا دەردەهێنێت، بە خێرایی شاڵەکە لەخۆی دەئاڵێنێت و رادەکاتە لای سەرەوەی تەختەی شانکە و هاوار دەکات)ئێستا لێیبدە، سەما دەکەم!

(هێڵمەر پیانۆ لێدەدات و نوراش سەما دەکات. رانك لە پشتی هێڵمەرەوە لەلای پیانۆکەوە راوەستاوە و سەیر دەکات)

**هێڵمەر:** (لە کاتی پیانۆ لێدانەکەدا)هێواشتر، هێواشتر!

**نورا:** بە هێواشی ناتوانم.

**هێڵمەر:** ئەوەندە بە خێرایی نا، نورا!

**نورا:** ئەمە شێوەیەکە.

**هێڵمەر:** (لە پیانۆ لێدان دەوەستێت) نا، نا ـــ ئەوە هیچ راست نییە.

**نورا:** (پێدەکەنێت و دەفەکەی دەلەرزێنێت) پێم نەوتیت؟

**رانك:** با من پیانۆ لێبدەم.

**هێڵمەر:** (هەڵدەستێت) باشە دەی منیش راستی دەکەمەوە.

(رانك لەسەر پیانۆکە دادەنیشێت و پیانۆ لێدەدات. نورا زۆر بە سەختی سەما دەکات. هێڵمەر لە تەنیشتی زۆپاکەوە وەستاوە و زوو و زوو رێنمایی دەکات. نورا وادەرناکەوێت گوێی لێبێت، قژی بە سەر شانیدا پەخش دەبێت، ئاگای لە هیچ نییە بە بەردەوامی سەما دەکات. خاتولیند دێتە ژوورەوە).

**خاتولیند:** (لەناو دەرگاکەدا رادەوەستێت و دەحەپەسێت) ئۆه! ـــ

**نورا:** (لەگەڵ سەما کردندا) چەند خۆشە، کریستین!

**هێڵمەر:** نورای ئازیز، بە شێوەیەك سەما دەکەیت وەکو ئەوە وایە ژیانتی لەسەر بەند بێت.



www.pertwk.com

**نورا:** وایە.

**هێڵمەر:** رانك، بوەستە، ئەمە زۆر شێتییە، پێت ئەڵێم بووەستە! (رانك دەوەستێت و نورا لەپڕ بێدەنگ رادەوەستێت، هێڵمەر دەڕوات بۆ لای) هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەوەی فێرم کردبویت لەبیرت چووبێتەوە.

**نورا:** (دەفەکە فڕێ دەدات) ئەوەتا، خۆ دەیبینیت.

**هێڵمەر:** تۆ پێویستت بە کەمێك راهێنان هەیە.

**نورا:** بەڵێ، ئەزانیت چەند پێویستم پێیەتی، پێویستە تا دوا سات راهێنانم پێ بکەیت. بەڵێنم بدەرێ، تۆرڤاڵد!

**هێڵمەر:** دەتوانیت پشتم پێ ببەستیت.

**نورا:** ئەمڕۆ و سبەینێ لە من زیاتر نابێت بیر لە هیچ شتێکی تر بکەیتەوە، نابێت تەنها نامەیەکیش بکەیتەوە ـــ نابێت سەیری سندوقی نامەکەش بکەیت ـــ

**هێڵمەر:** ئۆه! هێشتا هەر لەو برادەرە دەترسیت ـــ

**نورا:** بەڵێ، لەراستیدا دەترسم.

**هێڵمەر:** نورا، بە سەیرکردنتا دەتوانم بڵێم نامەی ئەوی تێدایە.

**نورا:** نازانم، وابزانم تیایەتی. بەڵام ئێستا نابێت هیچ شتێك بخوێنیتەوە. تاکو هەموو ئەمانە تەواو نەبن نابێت هیچ شتێکی خراپ لە ئێمە رووبدات.

**رانك:** پێویست ناکات رووبەڕووی ببیتەوە.

**هێڵمەر:** (باوەشی پێدا دەکات) مندالەکە شێوازی خۆی دەبێت. بەڵام سبەی شەو پاش ئەوەی سەما کردن تەواو دەبێت ـــ

**نروا:** ئەو کاتە تۆ سەربەستیت.

(لەلای راستەوە کارەکەرەکە لەناو دەرگاکەدا دەردەکەوێت)

**کارەکەر:** نانی ئێوارە ئامادەیە، خانمەکەم.

**نورا:** شامپانی دەخۆینەوە، هێلین.

**کارەکەر:** زۆر باشە، خانمکەم. (دەرواتە دەرەوە)

**هێلمەر:** هەلەو! ــ نانخواردنێکی تایبەتیمان دەبێت؟

**نورا:** بەڵێ، پاش کاتژمێرێکی بچکۆلانە شامپانیای تایبەتیمان دەبێت (بانگ دەکات بۆ دەرەوە) هەندێکیش ماکەرۆنی. هێلین ــ کەمێك، تەنها بۆ یەك ژەم!

**هێلمەر:** (دەستی دەگرێت) وەرە، وەرە، ئەوەندە سەرسەختمەبە، تەنها کلاّو کوڕە بچکۆلانەکەی خۆم بە، وەکو هەر وابوویت.

**نورا:** بەڵێ، ئازیزم، دەزانم. بەلاّم بڕۆرە ژوورەوە، تۆش دکتۆر رانك. کریستین، پێویستە یارمەتیم بدەیت قژم ڕێك بخوم.

**رانك:** (کاتێك دەڕۆنە دەرەوە، دەچرپێنێ بۆ هێلمەر) وابزانم هیچ شتێك نییە ــ چاوەڕێی هیچ شتێك ناکات؟

**هێلمەر:** هاورێی ئازیزم، جگە لەو تورەییە منداڵانەیە نەبێت کە بۆم باس کردیت هیچ شتێکی تر نییە.

(دەڕۆن بۆ ژوورەکەی لای راست)

**نورا:** ئێ!

**خاتولیند:** لە شار چووەتە دەرێ.

**نورا:** لە دەم و چاوتا خوێندمەوە.

**خاتولیند:** سبەی ئیوارە دەگەرێتەوە ماڵەوە. نوسینێکم بۆ بەجێ هێشت.

**نورا:** دەبوایە لێی بگەڕایتایە. نابێت ڕێگری لە هیچ شتتێك بکەیت. پاش ئەمانە، زۆر خۆشە چاوەڕێی پەرجو بکەیت رووبدات.

**خاتولیند:** ئەوە چییە کەتۆ چاوەڕێی دەکەیت؟

**نورا:** ئۆه، تێناگەیت. بڕۆرە ژوورەوە بۆ لایان، ئێستا منیش دێم، (خاتولیند دەڕوات بۆ ژووری نانخواردن، نورا کومێك بێدەنگ دەوەستێت. وا



www.pertwk.com

دەردەکەوێت خۆی هێمن بکاتەوە. پاشان سەیری کاتژمێرەکەی دەکات). کاتژمێر پێنجە، حەوت کاتژمێری ماوە بۆ نیوە شەو، وە پاشان چوار ــ و ــ بیست کاتژمێری ماوە بۆ نیوە شەوی دوایی. دوای ئەوە تارانتێلاکە کۆتایی دێت. بیست و چوار و حەوت؟ سی و یەك کاتژمێرم ماوە لە ژیاندا.

**هێلمەر:** (لەناو دەرگاکەدا لەلای راستەوە) کلاّو کوڕە بچکۆلانەکەم لە کوێیە؟

**نورا:** (دەڕوات بۆ لایی و دەستی درێژ دەکات) ئەوەتا لێرە!

www.pertwk.com

# ئاكتی سێهەم

## رۆژی دوایی شەوی کریسمەس

(هەمان دیمەن: مێزەکە لە ناوەڕاستی شانۆکەدا دانراوە و چەند کورسییەك بە دەوریدا ریزکراوە. چرایەك لەسەر مێزەکە دەسوتێت. ئەو دەرگایەی کە بەرەو هۆڵەکەیە کراوەتەوە. لە ژورەکەی سەرەوە دەنگی مۆسیقای سەماکردن دێت. خاتولیند لەسەر مێزەکە دانیشتووە و بەتەنهایە، پەرەی کتێبێك هەڵدەداتەوە. هەوڵدەدات بیخوێنێتەوە بەڵام دیارە ناتوانێت بیری کۆبکاتەوە. هەر بە وریاییەوە گوێ دەگرێت بۆ دەنگێك لە دەرگای دەرەوە)

**خاتولیند:** (سەیری کاتژمێرەکەی دەکات) جارێ نا ـــ کاتیش نزیك بووەتەوە. ئەگەر ئەو نە ـــ (جارێکی تر گوێ دەگرێت) ئاه، ئەوەتا. (دەڕوات بۆ هۆڵەکە و بە وریاییەوە دەرگاکە دەکاتەوە. لەسەر قادرمەکان دەنگی پێ دێت، دەچرپێنێ) وەرە ژوورەوە کەس لێرە نییە.

**کرۆگستاد:** (لەناو دەرگاکەدا) لە ماڵەوە نوسینێکتم دۆزیەوە، مانای چییە؟

**خاتولیند:** پێویستە قسەت لەگەڵدا بکەم.

**کرۆگستاد:** بەڕاست؟ بە دڵنیاییەوە پێویست بوو لێرە بێت؟

**خاتولیند:** لەو شوێنەی کە لێی دەژێم مەحاڵە، هاتنە ژوورەوەی تایبەتی بۆ ژوورەکانم نییە. ئێستا بە تەنهاین، کارەکەرکان خەوتوون، هێڵمەرەکانیش لەسەرە سەما دەکەن.



www.pertwk.com

**کرۆگستاد:** (دێتە ژوورەوە) بەڕاست؟ هێڵمەرەکان ئەمشەو سەما دەکەن؟

**خاتولیند:** بەڵێ، بۆ نا؟

**کرۆگستاد:** بە دڵنیییەوە ـــ بۆ نا؟

**خاتولیند:** نیلز، ئێستا.

**کرۆگستاد:** هیچ شتێك هەیە من و تۆ قسەی لەسەر بکەین؟

**خاتولیند:** زۆرمان هەیە قسەی لەسەر بکەین.

**کرۆگستاد:** وام نەزانیوە.

**خاتولیند:** لەبەر ئەوەی هەرگیز تۆ بە شێوەیەکی گونجاو لە من تێنەگەیشتویت.

**کرۆگستاد:** هیچ شتێکی تر هەبوو تێیبگەین جگە لەوەی کە بۆ تەواوی دنیا ئاشکرا بوو ـــ ئافرەتێکی بێبەزەیی حاشا لە پیاوێك بکات لە کاتێکدا هەلی زۆر باش رووی تێبکات؟

**خاتولیند:** تۆ باوەڕت وایە من بەو شێوەیە بێ بەزیی بم؟ باوەڕدەکەیت بە دڵێکی خاکییەوە ئەوەم کردووە؟

**کرۆگستاد:** پێت وایە حاشات نەکردبوو؟

**خاتولیند:** بەڕاستی تۆ بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟

**کرۆگستاد:** ئەگەر وەکو خۆت دەڵێیت بەو شێوەیە بووبێتی. باشە کاتێك ئەو کارەت کرد. بۆچی نامەت بۆ نوسیم؟

**خاتولیند:** ئەو کاتەی کە دەبوایە لەگەڵ تۆدا جیا ببومایەتەوە، توانای هیچ شتێکی ترم نەبوو. ئەوەش ئەرکی من بوو کۆتایی بەو هەست و خۆشەویستیە بهێنم کە بەرامبەری من هەتبوو.

**کرۆگستاد:** (دەستی خۆی دەگوشێت) کەواتە وا بوو. هەموو ئەو شتانە ـــ تەنها لەبەر خاتری پارە!

www.pertwk.com

**خاتولیند:** نابێت ئەوەت لەیاد بچێت کە من دایکێکی بێ توانا و دوو برای بچوکم هەبوو. نەمانەدەتوانی چاوەڕوانی تۆ بکەین، نیلز. ئەو کاتە گوزەرانی تۆ بێ ئومێد بوو.

**کرۆگستاد:** لەوانەیە وا بێت، بەڵام حەق نەبوو لەبەر خاتری کەسێکی تر من بەجێ بهێڵیت.

**خاتولیند:** لە راستیدا نازانم. زۆر جار بیر لە خۆم دەکەمەوە، کە ئایا حەقم بوو ئەوە بکەم یان نا.

**کرۆگستاد:** (زۆر بە هێواشی) کاتێك تۆم لەکیس چوو وەکو ئەوە وابوو هەموو ئەم خاکە پتەوە لەژێر پێیەکانمدا بڕوات. ئێستا سەیرم بکە ــ پیاوێکم کەشتیەکەم شکاوە و خۆم بە پارچە شکاوەکانییەوە دەگرمەوە.

**خاتولیند:** بەڵام لەوە دەچێت یارمەتی نزیك بێت.

**کرۆگستاد:** نزیك بوو بەڵام تۆ هاتیت و لەسەر رێگەم وەستایت.

**خاتولیند:** بێ ئاگا بووم، نیلز. تەنها ئەمڕۆ زانیومە کە شوێنەکەی تۆیە لە بانکدا من کاری تێدا دەکەم.

**کرۆگستاد:** باوەڕت پێ دەکەم گەر وا بێت، بەڵام خۆ ئێستا دەیزانیت. ئایا وازی لێدەهێنیت؟

**خاتولیند:** نەخێر چونکە بە هیچ شێوەیەك قازانجی تۆی تێدا نییە.

**کرۆگستاد:** ئۆه، قازانج، قازانج، ــ

**خاتولیند:** من وا فێربووم کە زۆر بە عاقڵانە هەڵس و کەوت بکەم. ژیان و پێویستی دژوار و تاڵ ئەوەی فێر کردووم.

**کرۆگستاد:** منیش ژیان فێری کردووم کە باوەر بە قسەی باق و بریق نەکەم.

**خاتولیند:** کەواتە ژیان فێری شتێکی باشی کردویت. بەڵام پێویستە باوەڕت بە کردەوە هەبێت؟



**کرۆگستاد:** مەبەستت چییە؟

**خاتولیند:** وتت وەکو پیاوێکیت کەشتیەکەت شکاوە و خۆت بە هەندێ لە پارچە شکاوەکانییەوە دەگریتەوە.

**کرۆگستاد:** هۆیەك هەیە وا بڵێم.

**خاتولیند:** ئێ منیش وەك ئافرەتێکم کەشتیەکەم شکاوە و خۆم بە هەندێ لە پارچە شکاوەکانیەوە دەگرمەوە ــ کەس نییە بۆی بگریم، کەس نییە گرنگی پێبدەم.

**کرۆگستاد:** خۆت ئەوەت هەڵبژارد.

**خاتولیند:** هیچ چارێکی ترم نەبوو ـــ ئەوکاتە.

**کرۆگستاد:** باشە، ئێستا چییە؟

**خاتولیند:** نیلز، ئەبێت چۆن بێت، ئەگەر ئێمە دوو کەسی کەشتی شکاو هێزمان بکەین بە یەك؟

**کرۆگستاد:** تۆ دەڵێی چی؟

**خاتولیند:** ئەگەر دوان لەسەر هەمان پارچە شکاو بن هەلی باشتریان بۆ دەرەخسێت، وەك لەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەوەی خۆی بێت.

**کرۆگستاد:** کریستین!

**خاتولیند:** تۆ وا دەزانیت چی منی هێناوە بۆ شار؟

**کرۆگستاد:** مەبەستت ئەوەیە بیرت لەمن کردووەتەوە؟

**خاتولیند:** بەبێ کار ژیان هەڵناکەم، ئەوەندەی بیرم بێت لەهەموو ژیانمدا کارم کردووە و ئیشیش تەنها خۆشیم بووە. بەڵام ئێستا لەم دنیایەدا تەواو تەنهام. ژیانم زۆر ترسناکانە چۆڵە، هەست دەکەم زۆر جێماوم، ئەگەر تەنها کار بۆ خۆت بکەیت هیچ خۆشییەکی تێدا نییە. نیلز، کەسێك و شتێکم بدەرێ کاری بۆ بکەم.

www.pertwk.com

**کرۆگستاد:** متمانە بەو قسەیە ناکەم، هیچ نییە، ئاسایی رۆمانسیەتی ژنە، پەرۆشی ئەوەیە خۆی بکاتە قوربانی.

**خاتولیند:** قەت تێبینی رۆمانسیەتت کردووە لە مندا؟

**کرۆگستاد:** بەڕاستی دەتەوێت ــ ؟ پێم بڵێ ــ دەربارەی ژیانی رابردووی من هیچ شتێك دەزانیت؟

**خاتولیند:** بەڵێ.

**کرۆگستاد:** ئەوەش دەزانیت، خەڵكی دەربارەی من چی دەڵێن؟

**خاتولیند:** پێم وایە دەتەوێت وا خۆت دەربخەیت پیاوێكی تریت لەگەڵ مندا.

**کرۆگستاد:** دڵنیام.

**خاتولیند:** زۆر درەنگە؟

**کرۆگستاد:** کریستین، لە ناخی دڵەوە وا دەڵێیت؟ ئا، من دڵنیم لە دەم و چاوتا دەیبینم، بەڕاستی زاتی ئەوە دەکەیت دوایی ــ ؟

**خاتولیند:** دەمەوێت ببمە دایكی چەند كەسێك، منداڵەكانی تۆش پێویستیان بە دایكێك هەیە. هەردووكمان پێویستیمان بە یەكتری هەیە. نیلز، من باوەڕم بە كەسایەتی راستەقینەی تۆ هەیە. لەگەڵ تۆدا دەتوانم ڕووبەرووی هەموو شتێك ببمەوە.

**کرۆگستاد:** (دەستی دەگرێت) سوپاس، سوپاس، کریستین! ئێستا هەوڵدەدەم ڕێگەیەك بدۆزمەوە لە چاوی دنیادا خۆم پاك بكەمەوە. ئاه، لەبیرم چوو ــ

**خاتولیند:** (گوێ دەگرێت) ووس! تارانتێلاكە! بڕۆ، بڕۆ!

**کرۆگستاد:** بۆچی؟ چییە؟

**خاتولیند:** گوێت لێیانە لە سەرەوە؟ هەر كە سەماكردن تەواو بوو دێنە خوارەوە.



**کرۆگستاد:** ئا، ئا ــ دەڕۆم. بەڵام سودی نییە. بێگومان تۆ ئاگات لەوەیە کە دژی هێڵمەرەکان چیم کردووە.

**خاتولیند:** ئا، دەربارەی ئەوە هەموو شتێ دەزانم.

**کرۆگستاد:** هەر لەبەر ئەوەشە تۆ وێراوتە ــ ؟

**خاتولیند:** زۆر باش تێدەگەم کە پیاوێکی وەك تۆ لە چ پانتایەکەوە نائومێدی پاڵی پێوە دەنێت.

**کرۆگستاد:** ئەگەر بتوانم ئەوەی کردوومە هەڵی بوەشێنمەوە!

**خاتولیند:** ناتوانیت، ئێستا نامەکە لە سندوقەکەدایە.

**کرۆگستاد:** دڵنیایت؟

**خاتولیند:** زۆر دڵنیام، بەڵام ــ

**کرۆگستاد:** (چاوێکی پێدا دەگێڕێت) هەموو مەبەستەکەت ئەوە بوو ؟ ــ دەتەوێت بەهەر بەهانەیك بێت هاوڕێکەت رزگار بکەیت؟ بە راستی پێم بڵێ، وایە ؟

**خاتولیند:** نیلز، کە جارێك ئافرەتێك لەبەر خاتری کەسێکی تر خۆی فرۆشت، جارێکی تر هەڵەی وا ناکاتەوە.

**کرۆگستاد:** داوای نامەکە دەکەم بۆم بگێڕێتەوە.

**خاتولیند:** نا، نا.

**کرۆگستاد:** با، بێگومان داوای دەکەمەوە. لێرە چاوەڕێ دەکەم تاکو هێڵمەر دێت، پێی دەڵێم دەبێت نامەکەم بداتەوە ــ تەنها پەیوەندی بە دەرکردنەکەمەوە هەیە ــ نابێت بیخوێنێتەوە ـ

**خاتولیند:** نا، نیلز، نابێت داوای بکەیتەوە.

**کرۆگستاد:** باشە پێم بڵێ. هەر لەبەر ئەوە بوو منت هێنا بۆ ئێرە؟

**خاتولیند:** لەیەکەم چرکە ساتی ترسەکەمدا وابوو، وا بیست و چوار کاتژمێر بەسەریدا تێپەڕیوە، لەو کاتەدا شتێکی باوەڕپێنەکراوم لەم ماڵەدا

بینی، پێویستە هێلمەر هەموو شتێك بزانێت، پێویستە ئەو نهێنیە ناخۆشە ئاشکرا ببێت . پێویستە تێگەیشتنێکی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت . پێویستە ئەو فێڵ و تەڵەکەبازییە کۆتایی پێ بێت.

**کرۆگستاد:** ئەگەر تۆ لێپرسراوی ئەوە هەڵبگریت . زۆر باشە، بەلام شتێك هەیە بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت بیکەم . هەر ئێستاش دەیکەم.

**خاتولیند:** (گوێ دەگرێت)پێویستە خێرا بکەیت بڕۆیت! ــ سەماکردن تەواو بوو، یەك چرکەی تر ئێمە سەلامەت نابین.

**کرۆگستاد:**لەسەر شەقامەکە چاوەڕێت دەکەم.

**خاتولیند:** باشە، دەی .دەبێت لە ماڵەوە بمبینیت.

**کرۆگستاد:** هەرگیز لە ژیانمدا ئەوەندە بەختەوەر نەبووم .(لە دەرگاکەوە دەڕواتە دەرەوە، دەرگای نێوان ژوورو هۆڵەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە)

**خاتولیند:** (ژوورەکە ڕێك دەخات و کلاو عەباکەی بە ئامادەیی دادەنێت) چ جیاوازییەك هەیە! چ جیاوازیەك هەیە! کەسێك هەیە کاری بۆ بکەم و بۆی بژیم ــ ماڵێك تێیدا بحەسێمەوە، لەڕاستیدا دەیکەم . خوازیارم هەموو ئەو شتانە بەخێراییی بێت ــ (گوێ دەگرێت) ئاه، ئەوەتان، پێویستە شتەکانم بکەمە بەرم .(کلاو و عەباکەی هەڵدەگرێت. دەنگی هێلمەر و نورا لە دەرەوە دەبیسترێت . کلیلی دەرگاکە دەسووڕێت و هێلمەر بە زۆر نورا دەهێنێتە هۆڵەکەوە . نورا جل و بەرگی ئیتاڵی لەبەردایە و شاڵێکی ڕەشی گەورەی لەخۆیەوە ئاڵاندووە. هێلمەر جل و بەرگی نوستنی لەبەردایە، ڕۆبێکی ڕەشی داوە بە سەر شانیدا)

**نورا:** (لەناو دەرگاکەدا دەوەستێت و چەلەحانێی لەگەڵدا دەکات) نا، نا، نا! ــ نایەمە ژوورەوە، دەڕۆمە سەرەوە، نامەوێت ئەوەندە زوو بڕۆم!

**هێلمەر:** بەلام، ئازیزەکەم، نورا ــ !



www.pertwk.com

**نورا:** تکایە، تۆرڤاڵدی ئازیز ــ تکات لێدەکەم . تکایە ـ تەنها یەك کاتژمێری تر .

**هێلمەر:** تەنها چرکەیەکیش نا، شیرینەکەم . خۆمان بەو شێوەیە ریکنەکەوتبووین . وەرە ژوورەوە، دەی وەرە لێرەدا سەرمات دەبێت (هەرچەندە ناڕازی دەبێت بەلام بە نەرمی دەیهێنێتە ژوورەوە)

**خاتولیند:** ئێوارە باش.

**نورا:** کریستین!

**هێلمەر:** خاتولیند، بەم درەنگە لێرەیت؟

**خاتولیند:** بەڵێ، بمبەخشە، زۆر بە پەرۆشەوە بووم نورا بە جل و بەرگەکانیەوە ببینم.

**نورا:** لێرەدا دانیشتویت چاوەڕێی من دەکەیت؟

**خاتولیند:** بەڵێ، بەداخەوە درەنگ هاتم، تۆ ڕۆشتبویتە سەرەوە. بیرم لەوە کردەوە تاکو نەتبینم ناتوانم بڕۆم.

**هێلمەر:** (شاڵەکەی نورا دادەکەنێت) ئێ، جوان سەیری بکە، وابزانم ئەوە دەهێنێت تەماشای بکەیت . خاتولیند، سەرنج ڕاکێش نییە؟

**خاتولیند:** بەڵێ، بەراستی سەرنج ڕاکێشە.

**هێلمەر:** قەشەنگ نییە؟ لە سەما کردنەکەدا هەموو کەس وا هەستی دەکرد . بەلام ئەم بونەوەرە بچکۆلانە ئازیزە زۆر سەرەڕۆیە، چی بکەین لەگەڵیدا؟ ڕەنگە باوەڕنەکەیت کە بە زۆر دوورم خستۆتەوە.

**نورا:** تۆرڤاڵد پەشیمان دەبیتەوە نەتهێشت بمێنمەوە . هەتا ئەگەر بۆ نیو کاتژمێریش بووایە .

**هێلمەر:** گوێی لێبگرە خاتولیند ! سەمای بە تارانتێلاکەی کردووە و ئەوەندەی شایستە بێت سەرکەوتو بووە ــ هەرچەندە نواندنەکەی کەمێك سەرکەوتو بوو ــ مەبەستم، تۆزێك بەو شێوەیە بوو، وەك ئەوەی

www.pertwk.com

به تەواوی لەگەڵ ڕادەی هونەریدا گونجاو بوبێت . بەڵام گوێ مەدەرێ ! گرنگ ئەوەیە سەرکەوتو بووە ـــ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. وات دەزانی لەوێ بەجێم دەهێشت ئەنجامەکەی تێك بدات ؟ لەڕاستیدا نەخێر! ئەم خانمە هەوەس بازە بچکۆلانە کاپرییەم هێنا ـــ خانمە هەوەزبازە بێ پەیمانەکەم، دەتوانم بڵێم ـــ بە باوەش هێناومە، سورێکی تەواوم بە ژوورەکەدا خوارد، بە قوژبنی هەردوولادا، وەکو لە رۆمانەکاندا دەڵێن، ئەو سیما جوانە وونبوو . دەبێت دەروازەیەك هەبێت، خاتولیند، بەڵام ئەمەشتێکە کە ناتوانم نورا تێبگەیەنم . پوها! ئەم ژوورە گەرمە (رۆبەکەی فرێ دەداتە سەر کورسیەك و دەرگای ژوورەکەی خۆی دەکاتەوە) ئەو چییە روناکی لێ نییە، ئۆه بیگومان ـــ بم بەخشە ـــ . (دەڕواتە ژوورەوە و چەند مۆمێك دادەگیرسێنێت)

**نورا:** (بەخێرایی بێ هەناسە دەچرپێنێ) ئێ!

**خاتولیند:** (بە دەنگێکی نزم) قسەم لەگەڵیدا کرد.

**نورا:** باشە، ئەی ـــ

**خاتولیند:** نورا، پێویستە هەموو شتێك بە مێردەکەت بڵێیت.

**نورا:** (بە دەنگێکی تاساوەوە)دەمزانی !

**خاتولیند:** ئەوەندەی پەیوەندی بە کرۆگستادەوە هەبێت هیچ شتێك نییە لێی بترسیت بەڵام پێویستە پێی بڵێیت.

**نورا:** پێی ناڵێم.

**خاتولیند:** پاشان ئەی نامەکە .

**نورا:** سوپاس، کریستین . ئێستا دەزانم دەبێت چی بکەم . وس ـــ !

**هێڵمەر:** (جارێکی تر دێتە ژوورەوە) ئێ ، خاتولیند، سەرسامی نەکردویت؟

**خاتولیند:** بەڵێ، ئێستاش ئەڵێم شەو شاد.

**هێڵمەر:** چی، ئێستا؟ ئەو چنینە هی تۆیە؟



**خاتولیند:** (هەڵی دەگرێت)بەڵێ، سوپاس، خەریك بوو لەبیرم بچێت.

**نورا:** کەواتە دەچنیت؟

**خاتولیند:** بێ گومان .

هێڵمەر: دەزانیت دەبێت لەجیاتی ئەوە نەخش بچنیت.

**خاتولیند:** بەراست! بۆچی؟

**هێڵمەر:** لەبەرئەوەی زۆر جوانترە، با پیشانت بدەم. چنراوەکە بەو شێوەیە بە دەستی چەپ هەڵدەگریت، دەرزییەکەش بە دەستی ڕاست بەکاربهێنە ـــ بەراستی شەمپانیایەکی باشیان داپێمان.

**خاتولیند:** باشە، ـ شەو شاد .نورا، ئەوەندە کەلە ڕەق مەبە.

**هێڵمەر:** دەم خۆش، خاتولیند!

**خاتولیند:** شەو شاد مستەر هێڵمەر.

**هێڵمەر:** (تاکو دەرگاکە لەگەڵی دەڕوات) شەوشاد، شەو شاد، هیوادارم بە سەلامەتی بگەیتەوە ماڵەوە. خۆشحاڵ دەبوم گەر ـــ بەڵام ڕێگەکەت ئەوەندە دوور نییە . شەو شاد، شەو شاد (خاتولیند دەڕواتە دەرەوە و هێڵمەر دەرگاکە لە دوایەوە پێوە دەدات و دووبارە دێتە ژوورەوە) ئاه ! ـــ دواجار ڕزگارمان بوو لە دەستی ئەو ژنە، زۆر بێزارکەرە .

**نورا:** تۆرڤاڵد، هیلاك نیت؟

**هێڵمەر:** نا، هبچ هیلاك نیم.

**نورا:** خەویشت نایەت؟

**هێڵمەر:** هیچ، بە پێچەوانەوە، نائاسایی هەست بە چالاکی دەکەم. ئەی تۆ؟ ـــ لەوە دەچێت بەراستی هیلاك بیت و خەویشت بێت.

**نورا:** بەڵێ، زۆر هیلاکم، دەمەوێت یەکسەر بنوم.

**هێڵمەر:** ئەوەتا، دەبینیت زۆر ڕاست بووم نەمهێشت ئەوەندە لەوێ بمێنیتەوە.

**نورا:** هەرچییەك تۆ بیکەیت راستە، تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** (ناوچەوانی ماچ دەکات) کلاو کورە بچکۆلانەکەم ئێستا عاقڵانە قسە دەکات . تێبینی ئەوەت کردبوو ئەم ئێوارەیە رانك لە چ دەرونێکی باشدا بوو؟

**نورا:** بە راست؟ وابوو؟ من قسەم لەگەڵدا نەکرد.

**هێڵمەر:** منیش زۆر کەم . بەڵام ماوەیەکی زۆرە بەو شێوەیە نەمبینیبوو (چەند ساتێك سەیری دەکات، پاشان لێی نزیك دەبێتەوە) چەند خۆشە جارێکی تر بۆ خۆمان بە تەنها بین لە ماڵەوە، تەنها لەگەڵ تۆدا ـــ ئەی ئازیزە سەرنج راکێشە دڵخۆشەکەم !

**نورا:** بەو شێوەیە سەیرم مەکە، تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** بۆ، نابێت سەیری ئەم گەوهەرە ئازیزەم بکەم؟ ـــ ئەو هەموو جوانییەی هی خۆمە، کە هەر هی خۆمە؟

**نورا:** (دەڕواتە ئەولای مێزەکەوە) نابێت ئەمشەو ئەو شتانە بە من بڵێیت.

**هێڵمەر:** (دوای دەکەوێت) دەزانم، هێشتا تارانتێلاکە لەناو خوێنتایە، لە هەموو کات زیاتر سەرنج راکێشی کردویت. گوێبگرە ـــ وا میوانەکان دەڕۆن . (بە دەنگی نزم) ـــ بەم زووانە هەموو ماڵەکە بێدەنگ دەبێت .

**نورا:** ئا، هیوام وایە.

**هێڵمەر:** بەڵێ، ئازیزەکەم نورا، دەزانیت کاتێك لە ئاهەنگێکی دەرەوە لەگەڵ تۆدا دەبم وەکو ئەمە، لەبەر چییە کەم قسەت لەگەڵدا دەکەم و لێت دوور دەکەومەوە، تەنها بە دزییەوە بە تیلەی چاو سەیری لای تۆ دەکەم؟ ـــ دەزانیت بۆچی وا دەکەم ؟ بۆئەوەی ئەو بڕوایە بە خۆم بدەم کە من و تۆ بە نهێنی لەگەڵ یەکتردابن و یەکترمان خۆش دەوێت، وە تۆ بوکی نهێنی پەیمانی منیت و کەس گومانی ئەو ناکات شتێك لە نێوانماندا هەیە.



www.pertwk.com

**نورا:** ئا، ئا ـــ زۆر باش دەزانم هەموو کات بیرت لای منە.

**هێڵمەر:** کاتێکیش شاڵەکە دەدەم بەسەر شانی ناسك و جوانتا و دەڕۆین ـــ بەسەر گەردنی جوانتا ـــ پاشان ئەو دەهێنمە بەرچاوی خۆم کە تۆ بوکی تازەی منیت، ئێستا لە ئاهەنگ گەڕاوینەتەوە و بۆ یەکەم جارە دەتهێنم ماڵی خۆم ـــ بۆ ئەوەی بۆ یەکەم جار بەتەنها بم لەگەڵ تۆدا ـــ تەواو بەتەنها بم لەگەڵ ئازیزە شەرمنە بچکۆلانەکەم ! هەموو ئەم ئێوارەیەم لەبەر هیچ شتێك دریژ نەکردەوە تەنها لەبەر تۆ. کاتێك تەماشای شێوە لە خشتەبەرەکانی تارانتێلاکەم کرد خوێنم لەسەر ئاگر بوو، لەوە زیتر نەمتوانی ئارام بگرم . هەر لەبەر ئەوەش بوو ئاوا زوو هێنامیتە خوارەوە ـــ

**نورا:** لاچۆ، تۆرڤاڵد! رێگەم بدە بڕۆم، من نا ـــ

**هێڵمەر:**ئەوە چییە؟ نورا بچکۆلانەکەم، گاڵتە دەکەیت! تۆ نا ـــ تۆ نا؟ من مێردی تۆ نیم ـــ ؟(لە دەرگای دەرەوە دەدرێت)

**نورا:** (رادەمێنێ) گوێت لێ بوو ـــ ؟

**هێڵمەر:** (دەڕواتە هۆڵەکەوە) کێیە؟

**رانك:** (لە دەرەوە) منم، دەتوانم بۆ ساتێك بێمە ژوورەوە؟

**هێڵمەر:** (بە تورەییەوە دەچرپێنێ) ئۆه، ئێستا چی دەوێت؟ (بە دەنگی بەرز) یەك دەقە بووەستە! (دەرگاکە دەکاتەوە) وەرە، چاکی خۆتە سەرێکمان لێبدەیت.

**رانك:** وا بزانم گوێم لە دەنگتان بوو، پێم خۆش بوو سەیرێکی ژوورەوە بکەم (چاوێکی خێرا بە دەوریدا دەگێرێت) ئاه، بەڵێ! ـ ئەم ژوورە ئاشنا خۆشانە. ئێوە هەردوکتان زۆر کامەرانن لێرەدا.

**هێڵمەر:** وابزانم سەرەوەش زۆر خۆش بوو بەلاتەوە.

www.pertwk.com

**رانك:** ئافەرم، بۆ، نابێت؟ بۆ نابێت کەس لە دنیادا چێژ لە هەموو شتێك ببینێت؟ ـــ ئەوەندەی بتوانیت بە هەر نرخێك بێت و هەر چەندێك بخایەنێت. شەرابەکە باش بوو ـــ

**هێڵمەر:** بە تایبەتی شامپانیاکە.

**رانك:** کەواتە تۆش تێبینی ئەوەت کردبوو؟ ڕەنگە باوەڕ نەکەیت هەوڵمدا چەند بخۆمەوە!

**نورا:** تۆرڤاڵدیش ئەمشەو شەمپانیای زۆر خواردەوە.

**رانك:** زۆری خواردبووەوە؟

**نورا:** بەڵێ، هەموو کات دوای خواردنەوە ڕۆحیەتێکی باشی دەبێت.

**رانك:** باشە، بۆ نابێت کەس چێژ لە ئێوارەیەکی پیرۆز ببینێت، پاش ئەوەی ڕۆژێکی خۆش بەسەر برد؟

**هێڵمەر:** خۆش بەسەر بردن؟ بم بەخشە متمانە بەو قسەیە ناکەم.

**رانك:** (دەکێشێت بە پشتیدا) بەڵام من دەتوانم ، خۆت دەزانیت؟

**نورا:** دکتۆر، لەوە دەچێت ئەمڕۆ سەرقاڵی هەندێ پشکنینی زانستی بوو بێت.

**رانك:** زۆر ڕاستە.

**هێڵمەر:** گوێبگرە! ـ نورای بچکۆلانە باسی پشکنینی زانستی دەکات !

**نورا:** دەتوانم پیرۆزبایی ئەنجامەکەی بکەم؟

**رانك:** بێگومان دەتوانیت.

**نورا:** ئەی گونجاو بوو؟

**رانك:** زۆر شیاو بوو، هەم بۆ دکتۆر و هەم بۆ نەخۆش ـــ دڵنیایی .

**نورا:** (بە خێرایی دەیەوێت بزانێت) دڵنیایی؟

**رانك:** دڵنیایی تەواو. ئایا پاش ئەوە ماڤی ئەوەم نەبوو ئێوارەیەکی خۆش بەسەربەرم؟



**نورا:** با، زۆر ڕاستە دکتۆر رانك.

**هێڵمەر:** منیش وای بۆ دەچم، ئەوەندە درێژە بخایەنێت، بەیانی نەتوانێت پارەکەی بدەیت.

**رانك:** ئۆه، ئاوا، لەم دنیایەدا ئەگەر پارەت نەبێت ناتوانیت هیچ شتێکت هەبێت.

**نورا:** دکتۆر رانك ـــ حەزت لە ئاهەنگی جلی ئاڵو واڵا هەیە؟

**رانك:** بەڵێ، ئەگەر پۆشاکی باش و جوان هەبێت.

**نورا:** پێم بڵێ ـــ لە ئاهەنگی داهاتودا ئێمە هەردوکمان چی لەبەر بکەین؟

**هێڵمەر:** بێ عەقڵ! ـــ ئێستا بیر لە دوایی دەکەیتەوە؟

**رانك:** هەردوکمان؟ بەڵێ، دەتوانم پێت بڵێم . دەتوانیت وەکو پەرییەکی خانومان بچیت ـــ

**هێڵمەر:** بەڵێ، ئەی بۆ ئەوە چ پۆشاکێك دەگونجێت؟

**رانك:** ئاسایی با جل و بەرگی ڕۆژانەی لەبەر بکات.

**هێڵمەر:** بەراستی ئەمە وەرچەرخانێکی باشە. ئەی ناتوانیت پێمان بڵێیت تۆ دەبیتە چی؟

**رانك:** ئا، هاوڕێ ئازیزم، دەربارەی ئەوە، من بە تەواوی بڕیاری خۆم داوە.

**هێڵمەر:** ئاوا؟

**رانك:** لە ئاهەنگی جلی ئاڵو واڵای داهاتوودا من نەبینراو دەبم .

**هێڵمەر:** نوکتەیەکی خۆشە!

**رانك:** کڵاوێکی ڕەشی گەورە هەیە ـــ دەربارەی ئەو کڵاوانە نەتبیستووە کە وات لێدەکات نەبینرێیت؟ ئەگەر دانەیەك لەسەر بکەیت کەس ناتوانێت بتبینێت.

**هێڵمەر:** (بزەیەك دەشارێتەوە) بەڵێ، ڕاست دەکەیت.

www.pertwk.com

**رانك:** بەلأم لەبیرم چووەتەوە بۆچی هاتوم .هێڵمەر، چروتێکم بدەرێ ـــ دانەیك لە هاڤانا تۆخەكە.

**هێڵمەر:** بە خۆشحاڵییەوە (پاکەتەکەی دەداتێ).

**رانك:** (چروتێك هەڵدەگرێت و سەری دەقرتێنێت) سوپاس.

**نورا:** (شقارتەیەك دادەگیرسێنێت) با من ئاگرت بدەمێ.

**رانك:** سوپاس (شقارتەکەی بۆ دەگرێت و چروتەکەی دادەگیرسێنێت) ئێستاش خواتان لەگەڵ.

**هێڵمەر:** خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ، پیرە پیاوی ئازیز!

**نورا:** خەوێکی شاد، دکتۆر رانك.

**رانك:** سوپاس بۆ ئەو خواستە.

**نورا:** هەمان خواستیش بۆ من بخوازە.

**رانك:** تۆ؟ باشە ئەگەر بتەوێت من باش بنوم! سوپاسی بۆ ئاگرەکەش (سەری بۆ هەردووکیان دەلەقێنێت و دەڕواتە دەرەوە)

**هێڵمەر:** (بە دەنگێکی نەرمەوە) زۆری خواردووەتەوە.

**نورا:** (بە شاراوەیی) لەوانەیە. (هێڵمەر دەستەیەك کلیل لە گیرفانی دەردەهێنێت و دەڕواتە هۆڵەکەوە) تۆرڤاڵد! چی دەکەیت لەوێ؟

**هێڵمەر:** سندوقی نامەکە بەتاڵ دەکەمەوە، تەواو پر بووە، جێگە نەماوە بۆ بەیانی رۆژنامەی تێبکرێت.

**نورا:** ئەمشەو کار دەکەیت؟

**هێڵمەر:** زۆر باش دەزانیت کار ناکەم .ئەوە چییە؟ کەسێك لەلای قفڵەکەدا بووە.

**نورا:** لای قفڵەکە ـــ ؟

**هێڵمەر:** بەڵێ، کەسێك . مانای چییە؟ بڕوام نییە کارەکەرەکە ـــ ئەوە تەوقەیەکی شکاوە، نورا، دانەیەکە لەوانەی تۆ.



**نورا:** (بە خێرایی) لەوە دەچێت منداڵەکان بووبن ـــ

**هێڵمەر:** باشە، دەبێت بەو شێوەیە دەریان بهێنێ . ئەوەتا، دواجار کردمەوە (هەموو شتەکانی ناو سندوقەکە دەردەهێنێت و بانگی ناو موبەقەکە دەکات) هێلین! ئەو روناکییە بهێنە بۆ دەرەوە (دەڕوات بۆ ژوورەکە و دەرگای هۆڵەکە پێوە دەدات، دەوەستێت و دەستی پڕە لە نامە) سەیری ئەوانەبکە ـــ سەیرکە چەند زۆرن.(هەڵیان دەداتەوە) ئەی هاوار ئەوە چییە؟

**نورا:** (لە پەنجەرەکەوە) نامەکە ـ نا! تۆرڤاڵد، نا!

**هێڵمەر:** دووکارت ـ هی رانکە .

**نورا:** هی دکتۆر رانکە؟

**هێڵمەر:** (سەیریان دەکات) دکتۆر رانك . لەسەرەوە بوون، لەوە دەچێت ئێستا کردبێتیە ناوی.

**نورا:** هیچ شتێکیان لەسەر نەنوسراوە؟

**هێڵمەر:** هێڵێکی راست و چەپ لەسەر ناوەکەیەتی .سەیری ئێرە کە ـــ چ بیرۆکەیکی ناخۆشە! وا دەردەکەوێت بانگەوازی مردنی خۆی بکات.

**نورا:** کەواتە بانگەوازی مردنی خۆی دەکات.

**هێڵمەر:** چی؟ هیچ دەزانیت دەربارەی ؟ هیچ شتێکی بە تۆ وتووە؟

**نورا:** بەڵێ پێی وتم کاتێك کارتەکە هات، ئەوە ماڵئاواییمان لێدەکات، مەبەستی ئەوەیە دەمی دادەخات و دەمرێت.

**هێڵمەر:** ئەی هاوڕێ دێرینە داماوەکەم! بە دڵنیاییەوە دەمزانی تا سەر لەگەڵمان نابیت بەلأم زۆر زوو ئاوا وەکو گیاندارێکی بریندار خۆی دەشارێتەوە.

**نورا:** ئەگەر هەر دەرۆشتت، باشتر وابوو بێدەنگ برۆشتایە و قسەی نەکردایە، وا نییە تۆرڤاڵد؟

**هێڵمەر:** (بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە پیاسە دەکات) ئەو بەو شێوەیە هاتبووە ناو ژیانی ئێمەوە . ناتوانم وا بیر بکەمەوە کە ڕۆشتووە. ئەو لەگەڵ ئازارەکانی و تەنیاییدا وەکو هەورێك وابوو خۆشیەکانی ئێمەی لە تیشکی خۆر دەپاراست. باشە، لەوانەیە ئاوا باشتر بێت بۆ ئەو، بەهەر حاڵ (بێ جوڵە بە پێوە دەوەستێت) هەروەها بۆ ئێمەش، نورا. ئێمە هەردووکمان ئێستا بە تەنهاین (باوەشی پێدا دەکات) ژنە ئازیزەکەم. هەست ناکەم بە تەواوی لە باوەشم گرتبێتی. نورا. دەزانیت زۆر جار هیوای ئەوەم خواستووە کە تۆ هەرەشەی مەترسیەکی گەورەت لێبکرێت تاکو بتوانم ژیانم لە پێناوی تۆدا بەخت بکەم. لەبەر خاتری تۆ هەموو شتێك دەکەم.

**نورا:** (گوێی پێنادات و بە توڕەییەوە بە بڕیارەوە)ئێستا پێویستە نامەکانت بخوێنیتەوە، تۆرڤاڵد.

**هێڵمەر:** نا، نا، ئەم شەو نا، دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بم، ژنە ئازیزەکەم.

**نورا:** لەگەڵ بیرکردنەوە لە مردنی هاوڕێکەت ـ ؟

**هێڵمەر:** ڕاست دەکەیت، شتێکی ناخۆش و ترسناك هاتۆتە نێوان من و تۆوە و کاری لەهەردووکمان کردووە ـــ بیرکردنەوە لە ترسناکی مردن، پێویستە ئەو شتە لە مێشکی خۆماندا دەربکەین، تاکو دوایی ـــ . هەریەکەمان دەڕۆین بۆ ژوورەکەی خۆی.

**نورا:** (دەست دەخاتە سەر گەردنی خۆی) شەو شاد، تۆرڤاڵد ـ شەو شاد!

**هێڵمەر:** شەو شاد کلاو کوڕە دەنگ خۆشە بچکۆلانەکەم، تێر بخەوە، نورا، ئێستا من هەموو نامەکان دەخوێنمەوە (نامەکان هەڵدەگرێت و دەڕوات بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگا لە دوای خۆیەوە پێوە دەدات)

**نورا:** (بە سەرقاڵیەوە دەست دەگێرێت، ڕۆبەکەی هێڵمەر هەڵدەگرێت و دەیئاڵێنێ لە خۆیەوە، لەوکاتەدا بە دەنگێکی نوساوەوە دەچرپێنێ )



www.pertwk.com

هەرگیز جارێکی تر نایبینمەوە! هەرگیز! (شاڵەکە دەدات بەسەری خۆیدا) هەرگیز جارێکی تر منداڵەکانیشم نابینمەوە! هەرگیز! هەرگیز ــ ئاه! ئەو ئاوە ڕەشە ساردە ـــ ئەو قوڵاییە نەزانراوە ــ ئەگەر کۆتایی بهاتایە. ئێستا بە دەستییەوەیە ــ ئێستا دەیخوێنێتەوە. خوات لەگەل تۆرڤاڵد، خواتان لەگەڵ منداڵەکانم! (خەریکە بە ناو هۆڵەکەدا رادەکاتە دەرەوە لەو کاتەدا هێڵمەر بە خێرایی دەرگاکە دەکاتەوە، نامەیەکی بەدەستەوەیەو دەوەستێت)

**هێڵمەر:** نورا!

**نورا:** ئاه! ــ

**هێڵمەر:** ئەمە چییە؟ دەزانیت ئەمە چییە لەم نامەیەدا؟

**نورا:** بەڵێ، دەزانم، ڕێگەم بدە بڕۆم! ڕێگەم بدە بڕۆمە دەرەوە!

**هێڵمەر:** (پشتی دەگرێت)بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**نورا:** (هەوڵدەدات دەرباز بێت) تۆ ناتوانیت ڕزگارم بکەیت!

**هێڵمەر:** (دەشڵەژێت) ڕاستە؟ ئەمەڕاستە کەمن لێرەدا دەیخوێنمەوە؟ ترسناکە! نا، نا ـــ مەحاڵە، ڕاست نییە.

**نورا:** ڕاستە، لەم دنیایەدا لە هەمووشتێك زیاتر خۆشم ویستویت.

**هێڵمەر:** ئۆه، کارێکی وا مەکە بەهانەی بێ عەقڵانە بۆ یەکتری بهێنینەوە.

**نورا:** (هەنگاوێك بەرەوڕووی دەڕوات)تۆرڤاڵد ـــ !

**هێڵمەر:** جانەوەری داماو، چیت کردووە؟

**نورا:** با بڕۆم تۆ ناتەوێت لەبەر خاتری من ئازار بچێژیت، تۆ ناتوانیت بۆ خۆت ئەو ئەرکە بگریتە ئەستۆ.

**هێڵمەر:** تکایە، ناتوانم گوێ لە تراژیدیا بگرم. (دەرگای هۆڵەکە دادەخات) پێویستە لێرە بمێنیتەوە ڕونکردنەوەم بدەیتێ . تۆ دەزانیت چیت کردووە؟ وەڵامم بدەرەوە! دەزانیت چیت کردووە؟

**نورا:** (بە بەردەوامی سەیر دەکات، سەیرکردنێکی سارد لە دەم و چاویدا دەردەکەوێت بە غەمبارییەوە دەدوێت) ئا، ئێستا خەریکە تێدەگەم.

**هێڵمەر:** (بە ژوورەکەدا پیاسە دەکات) چ بەئاگاهێنانەوەیکی ترسناکە! هەموو ئەم هەشت ساڵە ـــ ئەو کە جێگەی خۆشی و شانازی من بووە ـــ دووڕوویەك، درۆزنێك ـــ خراپتر ـــ تاوانبارێك! هەموو ئەو قێزەونیانەی کە دەرنابڕدرێ ! ـــ شورەییە! شورەیی (نورا بێدەنگ دەبێت و بەبەردەوامی سەیر دەکات، هێڵمەر لەبەردەمیدا رادەوەستێت) دەبوایە گومانی ئەوەم بکردای کە شتێکی لەو جۆرە روودەدات، دەبوایە پێشبینی ئەوەم بکردایە، هەموو ئەو بنەمایانەی کەباوکت دەیویست لە تۆ دەرکەوتووە ــ بێ دینی ــ بێڕەوشتی ــ هەست نەکردن بە لێپرسراوێتی ــ لەبەر ئەوەی چاوپۆشیم کردووە ئاوا سزا دراوم، لەبەر خاتری تۆ چاوپۆشیم کردووە، تۆش بەو شێوەیە پاداشتم دەدەیتەوە.

**نورا:** بەڵێ، بەو شێوەیە.

**هێڵمەر:** ئێستا تۆ هەموو خۆشییەکانی منت تێك شکاندووە، ئایندەی منت کاول کردووە. ئۆه، ترسناکە بیری لێبکەیتەوە! من ئێستا لەژێر دەسەڵاتی پیاوێکی ناڕاست و نادروستدام، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیکات لەگەڵ مندا. هەرچییەکی بوێت دەتوانێت داوام لێبکات، فەرمانی هەرشتێکم پێبکات کە دڵخۆشی بکات ناتوانم رەتی بکەمەوە. منیش بەهۆی ژنێکی بێ هزرەوە ئەم کارەساتەم بەسەردا هاتووە!

**نورا:** کاتێك من لێرە دەچمە دەرێ تۆ ئازادیت.

**هێڵمەر:** قسەیەکی جوان نییە، تکایە، باوکیشت هەموو کات لەو جۆرە ئامادەییانەی تێدا بوو. باشە وەکو خۆت دەڵێیت تا چ رادەیەك بۆ من باش دەبێت ئەگەر تۆ لەم رێگەیە بچیتە دەرێ؟ هیچ باش نابێت، ئەو دەتوانێت ئەم کارە لە هەموو شوێنێك باس بکات. ئەگەر بیکات، من بە



www.pertwk.com

هەڵە گومانی ئەوەم لێدەکرێت کە لەم تاوانەی تۆدا هاوبەش بووم. زۆر لە خەڵکی وا هەست دەکەن کە من لە پشتی هەموو ئەو شتانەوە بووم ـــ کە من بووم هانی تۆم داوە! پێویستیشە سوپاسی تۆ بکەم بۆ ئەو هەموو شتە ـــ تۆیەك کە لە ژیانی هاوسەریدا بە سۆزەوە گرنگیم پێداویت. ئێستا تێدەگەیت چیت کردووە بۆ من ؟

**نورا:** (بە ساردییەوە و بە هێمنیەوە) بەڵێ.

**هێڵمەر:** ئەوەندە باوەڕ پێنەکراوە ناتوانم بەڕاستی بزانم. بەڵام پێویستە لە یەکتری تێبگەین. ئەو شاڵە دابکەنە. پێت دەڵێم دایبکەنە. پێویستە هەوڵ بدەم بەهەر شێوەیەك بێت بێدەنگی بکەم، ئەم کێشەیە بەهەر رێگەیەك بێت پێویستە کپ بکرێت. من و تۆش ئەبێت وا خۆمان دەربخەین کە هەموو شتێك لە نێوانماندا وەکو پێشووە. بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی تەنها لە چاوی دنیادا. وەکو مەسەلەیەکی گرنگ تەنها لە ماڵەکەی مندا دەمێنیتەوە. بەڵام رێگەت پێنادەم منداڵەکان پەروەردە بکەیت، ناتوانم متمانەت پێبکەم. بیر لەوە بکەرەوە چۆن ناچار بووم ئاوا بە کەسێك بڵێم کە زۆر خۆشم ویستووە. ئەو کەسەی کە هێشتا ـــ نا، ئەوە کۆتایی هات. لەم چرکە ساتە بەدواوە چیتر کامەرانی نابێتە پرسیارێك، ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە رزگار کردنی ئەوەیە کە ماوە، پارچەکان و روخسارەکان ـــ (زەنگی دەرگاکە لێدەدات)

**هێڵمەر:** (بە تێرامانەوە) ئەوە چییە؟ زۆر درەنگە! بڵێی خراپتر ــ ؟ دەتوانێت ـ ؟ خۆت بشارەوە نورا، بڵێ نەخۆشم.

(نورا بێ جوڵە دەوەستێت، هێڵمەر دەڕوات دەرگای هۆڵەکە دەکاتەوە)

**کارەکەر:** (نیوە پۆش دێت بۆ لای دەرگاکە)**خانمەکەم، نامەیەکت بۆ هاتووە.**

**هێڵمەر:** بیدە بە من (نامەکە وەردەگرێت و دەرگاکە پێوە دەدات) ئا، ئەمە ئەو ناردویەتی، تۆ نایبینیت، من خۆم دەیخوێنمەوە.

**نورا:** باشه، بیخوێنەرەوە.

**هێڵمەر:** (لەلای چراکەوە رادەوەستێت) بە دەگمەن وێراومە ئەمە بکەم، ئەمە نامەی تێکشکاندنی من و تۆیە. نا، دەبێت بزانم (زەرفی نامەکە دەدرێنێت و نامەکە دەکاتەوە، چاوی بە سەر چەند دێرێکدا دەڕوات، بەقەد کراوی سەیری نامەکە دەکات و هاوارێکی خۆش دەکات) نورا! ــ نا، با جارێکی تر بیخوێنمەوە ــ بەڵێ، راستە! رزگارم بوو، نورا، رزگارم بووە!

**نورا:** ئەی من؟

**هێڵمەر:** بێگومان تۆش، من و تۆ هەردووکمان، هەردووکمان رزگارمان بووە. سەیرکە، پەیوەستنامەکەی بۆ ناردویتەوە و بەڵێنی نەکردنی دەدات، دەڵێت پەشیمانم ــ ئەمە گۆڕانکاریەکیەکی خۆشە لە ژیانی ئەودا ــ گوێ مەدەرێ چی دەڵێت! رزگارمان بووە، نورا! کەس ناتوانێت هیچ شتێکت لێبکات. ئۆه، نورا، نورا! ــ نا، پێش هەموو شتێك پێویستە ئەم شتە ناشرینە تێك بشکێنم. با بزانم ــ (سەیری پەیوەستنامەکە دەکات) نا، نا، سەیری ناکەم. هەموو ئەمانە شتێك نابن تەنها خەونێکی ناخۆشن بۆ من (پەیوەستنامەکە و هەردوو نامەکە دەدرێنێت و فڕێیان دەداتە ناو زۆپاکەوە و سەیریان دەکات تاکو دەسوتێن) ئێستا لەوە زیاتر بوونیان نابێت. دەڵێت لە رۆژی کریسمەس ئیڤەوە تۆ ـــ پێدەچێت رۆژانێکی ناخۆش بووبن بۆ تۆ ، نورا .

**نورا:** ئەو سێ رۆژە، شەڕێکم کردووە شەڕێکی قورس.

**هێڵمەر:** ئازارێکی زۆرت چەشتووە، هیچ رێگەیەکت نەبوو بۆ دەرباز بوون ـــ نا، ئێمە ئەو شتە ناخۆشانە بە بیری خۆمان ناهێنینەوە. تەنها لە خۆشیدا هاوار دەکەین و دەلێین "بەتەواوی کۆتایی هات! بەتەواوی کۆتایی هات" گوێبگرە نورا، لەوە دەچێت باوەڕنەکەیت کە بەتەواوی





کۆتایی هاتووە، ئەوە چییە؟ ــ ئەو دەم و چاوە سارد و بێزارە چیە! نورا ئازیزە بچکۆلانە داماوەکەم. من باش تێدەگەم تۆ هەست بەوە ناکەیت لە هەموو شتێکی تۆ خۆش بووبێتم. دەزانم ئەوەی کە کردوتە لەبەر خاتری خۆشەویستی کردوتە.

**نورا:** راستە.

**هێڵمەر:** وەکو ژنێك کە دەبێت هاوسەرەکەی خۆش بوێت منت خۆش ویستووە. بەتەنها تۆ نیت زانیاری پێویستت پێ نەبێت بڕیار لەسەر ئەو شتانە بدەیت کە بەکارت هێناوە. وا دەزانیت کە ببێ دەسگیرۆیی و بەبێ رێنمایی هیچ شتێکت بۆ نەکرێت ئیتر من خۆشم ناوێیت؟ نا، تەنها پشت بە من ببەستە، من ئامۆژگاریت دەکەم و فرمانت پێدەدەم. من پیاوێکی راست نیم ئەگەر ئەو لاوازی و بێتواناییە ژنانەیەت دووجار خۆشەویستی نەکردبێتی لە چاوی مندا. پێویست ناکات ئەوەندە بیر لەو شتە ناخۆشانە بکەیتەوە کە لە یەکەم چرکە ساتی ترس و تورە بوونمدا پێم وتیت، ئەو کاتەی کە وا هەستم دەکرد هەموو شتێك تێکم دەشکێنێت. من لە تۆ خۆش بووم، نورا. سوێندت بۆ دەخۆم کە لێتخۆش بووم .

**نورا:** سوپاس بۆ ئەو لێخۆشبوونەت (بەناو دەرگای لای راستدا دەڕواتە دەرەوە).

**هێڵمەر:** نا، مەڕۆ ــ (سەیرێکی ژوورەوە دەکات) چی دەکەیت لە ژوورەوە؟

**نورا:** (لەو نێوەندەدا) جلە ئالۆ والآکنم دادەکەنم .

**هێڵمەر:** (لەناو دەرگاکەدا رادەوەستێت) باشە دەی . هەوڵ بدە خۆت هێمن بکەرەوە . جارێکی تر مێشکت ئاسای بکەرەوە، کڵاو کوڕە دەنگ خۆشە ترساوەکەم . پشوو بدە، وا هەست بکە پارێزراویت. من باڵی گەورەو فراوانم هەیە بۆ ئەوەی پەنای تۆی پێبدەم (سەرەو ژوورو

سەرەو خوار لەلای دەرگاکەوە پیاسە دەکات)ماڵەکە چەند گەرم و خۆشە، نورا، ئێرە پەنایە بۆت . ئەوەتا من دەتپارێزم وەکو ئەو کۆترە راوکراوەی کە لە چنگی هەڵۆ رزگارم کردووە، پشوو دەهێنمەوە بۆ لایدانی دڵە داماوەکەت، وورده ورده ئەمە روودەدات، نورا. بڕوام پێبکە سبەینێ هەموو شتێك بە جیاوازی دەبینیت، بەم زوانە هەموو شتێك دەگەرێتەوە دۆخی جاران، زۆر بەزوویی پێویستت بەوە نابێت من دڵنیات بکەمەوە کە لێت خۆش بووم، خۆت هەست بەو دڵنیاییە دەکەیت. چۆن دەبێت بیر لەوە بکەیتتەوە کە من سەرزەنشتت دەکەم و خۆشەویستی تۆ لە دڵی خۆم دەردەکەم؟ تۆ نازانیت پیاوی راست دڵی وەکو چی وایە. نورا،پیاوێك کە لە ژینیدا لە ژنەکەی خۆی خۆش بووبێت ئەوەندەشتێکی خۆشە لە باسکردن نایەت ـــ راستگۆیانە لە قوڵایی دڵیەوە لێیخۆش بووە، وەکو ئەوە وایە دووجار بۆ خۆی درستی کردبێت و ژیانێکی نوێی پێ ببەخشێت . ئەوەندەی قسەی لەسەر بکەین، لەیەك کاتدا دەبێتە ژن و دەبێتە منداڵیش بۆی .کەواتە دوای ئەوە تۆ دەبیتە هی خۆم، بچکۆلانەترساوەکەم، ئازیزە بێ تواناکەم. نورا، شتێك نییە لە دڵەڕاوکێدا بی بۆی ، تەنها راست و کراوە بە لەگەڵمدا . منیش خزمەتت دەکەم و بەویژدان دەبم لەگەڵتدا ـــ ئەوە چییە؟ نەرۆشتویتە ناو جێگاکەت؟ جلەکانت گۆڕیوە؟

**نورا:** (بە جل وبەرگی رۆژانەیەوە) بەڵێ، تۆرڤاڵد، ئێستا جلەکانم گۆڕیوە.

**هێڵمەر:** بەڵام بۆچی؟ ئاوا بەو درەنگە.

**نورا:** من ئەمشەو نانوم.

**هێڵمەر:** بەڵام ئازیزم نورا ـــ



www.pertwk.com

**نورا:** (سەیری کاتژمێرەکەی دەکات) ئەوەندە درەنگ نییە، دانیشە تۆرڤاڵد، من و تۆ زۆر شت هەیە بەیەکتری بڵێین (نورا لە لایەکی مێزەکەوە دادەنیشێت)

**هێڵمەر:** نورا ـ ئەوە چییە ؟ ـ ئەو دەم و چاوە بێزار و ساردو سرە چییە؟

**نورا:** دانیشە، چەند ساتێکی پێ دەچێت، زۆر شتم هەیە لەگەڵ تۆدا باسی بکەم.

**هێڵمەر:** (لەلای بەرامبەری مێزەکەوە دادەنیشێت) دەمترسێنی، نورا ! ـــ لێت تێدەگەم.

**نورا:** نا، تەنها ئەوەیە . تۆ لەمن تێناگەیت و منیش هەرگیز لە تۆ تێنەگەیشتووم ـــ بەر لە ئەمشەو . نا، نابێت قسەم پێببڕیت، پێویستە زۆر بە سادەیی گوێم بۆ بگریت چی دەڵێم . ئەمە روونکردنەوەی بڕیار دانە .

**هێڵمەر:** مەبەستت چییە؟

**نورا:** (دوای بێدەنگیەکی کەم) ئایا سەیر نییە بەلاتەوە کە من و تۆ بەو شێوەیە بەیەکەوە دادەنیشین؟

**هێڵمەر:** بۆچی سەیرە؟

**نورا:** ئێمە هەشت ساڵە هاوسەری یەکترین، سەیر نییە بەلاتەوە کە ئەمە یەکەم جارە هەردووکمان، من و تۆ وەکو ژن و مێردێك ئاوا بە جیدی قسەبکەین؟

**هێڵمەر:** مەبەستت چییە لە جیدی؟

**نورا:** لە هەموو ئەو هەشت ساڵەدا ـــ لەوە دورو درێژ تر ـــ لە سەرەتای یەکتر ناسینمانەوە ئێمە هەرگیز تەنها وشەیەکی گرنگمان لەسەر بابەتێکی گرنگ نەگۆڕیوەتەوە.

**هێڵمەر:** دەبێت هەموو کاتێك لەگەڵ ئەو ئیش و کارانەی خۆمدا کە تۆ نەتتوانیوە یارمەتیم بدەیت و جێبەجێیان بکەم، گرفتت بۆ دروست بکەم ؟

**نورا:** من قسه لەسەر کێشەی ئیش و کار ناکەم . دەڵێم ئێمە هەرگیز بە جیدی بەیەکەوە دانەنیشتوین بۆ ئەوەی بگەینە لوتکوی شتێك.

**هێڵمەر:** بەڵام، ئازیزەکەم نورا، ئایا ئەمە شتێکی باش بووە بۆ تۆ ؟

**نورا:** تەنها ئەوەیە، تۆ هەرگیز لە من تێنەگەیشتویت، تۆرڤاڵد، من بەتەواوی بەهەڵەدا براوم ـ یەکەم لەلایەن باوکمەوە و دووەمیش لەلایەن تۆوە.

**هێڵمەر:** چی! لەلایەن هەردووکمانەوە ــ لەلایەن هەردووکمانەوە . لەم دنیایەدا کێ هەیە لە من زیاتر تۆی خۆش ویستبێت؟

**نورا:** (سەری رادەوەشێنێت) تۆ هەرگیز منت خۆش نەویستووە، تەنها بیرت لەوە کردۆتەوە خۆشە پەیوەندیت لەگەڵ مندا هەبێت.

**هێڵمەر:** نورا، ئەوە تۆ ئەڵێی چی!

**نورا:** ئەمە راستە، تۆرڤاڵد. کاتێك لەسەر ماڵ بووم لەگەڵ باوکمدا، باوکم هەموو بۆچونەکانی خۆی پێدەوتم منیش هەمان بۆچونم دەبوو . ئەگەر جیاوازیش بوومایە ئەوا باسی هیچم نەدەکرد. چونکە پێی ناخۆش بوو. ئەو راهاتبوو بانگی دەکردم منداڵە بووکە شوشەکەم و وەکو من چۆن یاریم لەگەڵ بوکە شوشەکانمدا دەکرد ئەویش ئاوا یاری لەگەڵ مندا دەکرد . کاتێکیش هاتم و لەگەڵ تۆدا ژیام ـ

**هێڵمەر:** ئەمە چ جۆرە دەربرینێکە دەربارەی هاوسەرێتیەکەمان بەکاری دەهێنی؟

**نورا:** (خۆی تیك نادات) مەبەستم ئەوەیە زۆر ئاسایی لەناو دەستی باوکمەوە گواسترامەوە ناو دەستی تۆ، تۆ هەموو شتەکان بە گویرەی ئارەزوی خۆت رێکخستووە، هەروەها منیش هەمان چێژم لێوەرگرتووە وەکو تۆ ــ یان بەو شێوەیە خۆم دەرخستووە کە ئارەزووم لێیەتی ـ نازانم کامەیان ـ هەردوو شێوەکە یاخود هەندێك جار دانەیەك و هەندێك جار دانەیەکی تر. ئێستا، کاتێك بەو رۆژانەدا دەچمەوە پێم وایە وەکو



www.pertwk.com

سواڵکەرێك ژیاوم ــ تەنها لە دەستەوە بۆ دەم . من لەسەر ئەو یاری و فێڵکردنانە ژیاوم کە بۆ تۆم کردووە، تۆرڤاڵد . تۆو باوکم تاوانێکی گەورەتان بەرامبەر بە من کردووە . هەڵەی تۆیە کە ئێستا ژیانی من هیچ مانایەکی نییە.

**هێڵمەر:** چەند سپڵەو بێ عەقڵیت، نورا! ئایا کامەران نەبویت لێرە؟

**نورا:** نەخێر، هەرگیز کامەران نەبوم، وام زانیووە بەو شێوەیە بووم، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز کامەرانیم بە خۆمەوە نەبینیوە.

**هێڵمەر:** نا ــ دڵخۆش نەبویت!

**نورا:** نەخێر، تەنها بەزەیی بووە، تۆش هەموو کات بەخشندە بوویت لە ئاستی مندا. بەڵام ماڵەکەمان جگە لە ژووری گەمە کردن هیچ شتێکی تر نەبووە . من ژنی بوکە شوشەی تۆ بووم، وەکو چۆن لە ماڵەوە منداڵی بوکە شوشەی بابە بووم، لێرەش منداڵەکان بوکە شوشەی من بوون. وام زانیوە زۆر خۆش بووە کە تۆ یاریت لەگەڵ مندا کردووە، وەك چۆن منداڵەکان پێیان خۆش بووە کاتێك کە یاریم لەگەڵ کردون . تۆرڤاڵد، ژن و مێردایەتیەکی من و تۆ بەو شێوەیە بووە.

**هێڵمەر:** هەندێك راستی لە قسەکانتدا هەیە ــ زیادەگۆیی وتوڕەیی بە بۆچونەکانتەوە دیارە . بەڵام بۆ داهاتوو ئەمەجیاواز دەبێت، کاتی گەمە کردن کۆتایی دێت و کاتی وانە دەستپێدەکات.

**نورا:** وانەی کێ ؟ هی من، یان هی منداڵەکان؟

**هێڵمەر:** هی تۆ و هی منداڵەکان، نورای ئازیزم.

**نورا:** ئەفسوس، تۆرڤاڵد، تۆ پیاوێك نیت بە شێوەیەك پەروەردەم بکەیت ببمە ژنێکی گونجاو بۆت.

**هێڵمەر:** چۆن دەتوانیت شتی وا بڵێیت ؟

**نورا:** ئەی من ـ چۆن خۆم ئامادە بکەم منداڵەکان پەروەردە بکەم؟

www.pertwk.com

**هێڵمەر:** نورا!

**نورا:** ئەی کەمێك لەمەوبەر خۆت وات نەوت ــ کە ناوێریت متمانەم پێبکەیت منداڵەکان پەروەردە بکەم؟

**هێڵمەر:** لە ساتی توڕەبوونەکەمدا ! بۆچی ئەوەندە سەرنجی ئەوە دەدەیت؟

**نورا:** لەراستیدا، حەقت بوو، چونکە من بۆ ئەو ئەرکە ناگونجێم. پێش هەموو شتێك ئەرکێکی تر هەیە پێویستە بیگرمە ئەستۆ. پێویستە هەوڵبدەم خۆم پەروەردە بکەم ــ تۆ پیاوێك نیت لەوەدا یارمەتیم بدەیت، ئەبێت خۆم بیکەم، هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا بەجێت ئەهێڵم.

**هێڵمەر:** (هەڵدەستێتە سەر پێ )تۆ چی دەڵێیت؟

**نورا:** ئەگەر بمەوێت لە خۆم تێبگەم و هەموو شتێك دەربارەی خۆم بزانم، پێویستە بە تەنها بم، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ناتوانم لەوە زیتر لەگەڵ تۆدا بمێنمەوە.

**هێڵمەر:** نورا، نورا!

**نورا:** هەر ئێستا دەڕۆم. دڵنیام ئەمشەو کریستین دەمگرێتە خۆی ــ

**هێڵمەر:** تۆ ئاگات لە خۆت نییە! نایەڵم، رێگەت پێنادەم.

**نورا:** کەڵکی نییە لەوە زیاتر بۆ هیچ شتێك رێگەم لێبگریت . ئەو شتانەی کە هی خۆمن لەگەڵ خۆمدا دەیبەم. لەئێستە بەدواوە هیچ شتێکم لە تۆ ناوێت.

**هێڵمەر:** ئەمە چ جۆرە شێتییەکە!

**نورا:** سبەینێ دەڕۆم بۆ ماڵەوە ــ مەبەستم، بۆ ماڵە کۆنەکەم . رەنگە ئاسانتر بێت شتێك بدۆزمەوە بیکەم.

**هێڵمەر:** تۆ کوێریت، ئافرەتێکی گەمژەیت. بێ ئەزمونیت .

**نورا:** تۆرڤاڵد، پێویستە هەوڵ بدەم هەندێك ژییرم دەست بکەوێ.



**هێڵمەر:** بۆ ئەوەی واز لە ماڵەکەت و منداڵەکان و مێردەکەت بهێنیت! گوێ بەوە نادەیت خەڵکی چی دەڵێن.

**نورا:** بەهیچ شێوەیەك گوێ بەوە نادەم . تەنها ئەوەندە دەزانم کە ئەمە پێویستە بۆ من.

**هێڵمەر:** خورپەیە . چون دەبێت ئەو هەموو ئەرکە پیرۆزانەی خۆت پشت گوێ بخەیت.

**نورا:** ئەبێت ئەو ئەرکە پیرۆزانەی من چیبن لای تۆ؟

**هێڵمەر:** پێویست دەکات پێت بڵێم؟ ئایا ئەو ئەرکانەی خۆت نین بۆ منداڵەکان و مێردەکەت؟

**نورا:** هەندێك ئەرکی تر هەیە کە پیرۆز بێت لای من.

**هێڵمەر:** مەحاڵە! مەبەستت کام ئەرکانەیە؟

**نورا:** هەندێك ئەرکە تایبەتن بە خۆم.

**هێڵمەر:** پێش هەموو شتێك تۆ ژنیت و تۆ دایکیت.

**نورا:** چیتر باوەڕ بەوە ناکەم . پێش هەموو شتێك من باوەڕم بەوەیە کە منیش مرۆڤێکم وەکو تۆ ـــ یاخود پێویستە هەوڵ بدەم ببمە کەسێك . تۆرڤاڵد، دەزانم زۆربەی خەڵك هەمان رای تۆیان هەیە، کتێبەکانیش هەمان شت دەڵێن. لەم چرکە ساتە بەدواوە چیتر بەوە رازی نابم خەڵکی چی دەڵێچت و لە کتێبەکاندا چی هەیە، پێویستە من بۆ خۆم بیریان لێبکەمەوە و لێیان تێبگەم.

**هێڵمەر:** ئایا ناتوانیت لەم شوێنەی خۆتدا و لە ماڵەکەی خۆتدا لێیان تێبگەیت؟ لەو مەسەلەیەدا رێبەرێکی گونجاوت نییە ؟ــ تۆ ئایینت نییە؟

**نورا:** بم بەخشە، تۆرڤاڵد، لەراستیدا نازانم ئایین چییە.

**هێڵمەر:** ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

**نورا:** هیچ نازانم تەنها ئەوە نەبێت، کاتێك بووم بە مەسیحی پیاوی ئایینی پێی وتم. باسی ئەوەی کرد کە ئایین ئەمەیە و ئاین ئەوەیە . کاتێك لێرە دەڕۆمە دەرەوە و بە تەنها دەبم، سەیرێکی ئەو مەسەلەیەش دەکەم. ئەوکات تێدەگەم کە ئایا ئەوەی پیاوی ئایینی فێری کردوم راستە، یاخود، تا چ رادەیەك لە گەڵ مندا دەگونجێت.

**هێڵمەر:** ئەوەی گوێی لێناگرێت ئافرەتێکی گەنجی وەکو تۆیە ! ئەگەر ئایین ناتوانێت بە ڕێگەی راست پێشڕەویت بکات، با من هەوڵ بدەم ویژدانت بەئاگا بهێنمەوە ــ وام دەزانی کەمێك ژیریت ؟ یان ــ وەڵامم بدەرەوە ــ لەوانەیە تۆ هیچ نەبیت ؟

**نورا:** دڵنییات دەکەمەوە، هێڵمەر ئەوە پرسیارێکی ئاسان نییە وەڵام بدرێتەوە، لەراستیدا نازانم ــ شتەکە تەواو سەرسی لێتێکداوم . تەنها ئەوەندە دەزانم من و تۆ لە دوو دیدگای جیاوەزەوە سەیر دەکەین، هەروەها فێردەبم کە یاسا بە تەواوی شتێکی جیاوازە لەوەی کە من بیرم لێدەکردەوە . بەڵام ناتوانم باوەڕبکەم کە یاسا راستە . بە گوێرەی ئایین ژنێك مافی ئەوەی نییە یارمەتی ئەو باوکەی بدات کە گیان دەدات، یاخود مێردەکەی رزگار بکات . من باوەر بەوە ناکەم .

**هێڵمەر:** وەکو منداڵ قسە دەکەیت . تۆ لەو کۆمەڵگایە تێناگەیت کە تییدا دەژیت.

**نورا:** نا، تێناگەم، بەڵام ئێستا هەوڵ دەدەم . پێویستە هەوڵ بدەم بزانم کێ راستە ــ کۆمەڵگە یاخود من.

**هێڵمەر:** تۆ نەخۆشیت، نورا، تێك چویت، من دەزانم تۆ ئاگات لە خۆت نییە.

**نورا:** هەرگیز لە ژیانمدا وەکو ئەمشەو هەستم بەوە نەکردوە کە مێشکم چەند روون و دڵنیایە.



**هێڵمەر:** ئەمە بەو مێشکە روون و دڵنیایەوەیە مێردەکەت و منداڵەکانت بەجێ دەهێڵیت.

**نورا:** بەڵێ.

**هێڵمەر:** پاشان، تەنها یەك روونکردنەوەی شیاو هەیە.

**نورا:** چییە؟

**هێڵمەر:** ئیتر منت خۆش ناوێت.

**نورا:** نەخێر، تەنها ئەوەیە.

**هێڵمەر:** نورا ! ــ دەتوانیت وا بڵێیت ؟

**نورا:** ئەوە زۆر ئازارم دەدات، هێڵمەر، چونکە هەموو کات دڵنەرم بوویت لەگەڵمدا . بەڵام ناتوانم یارمەتیت بدەم، چیتر من تۆم خۆش ناوێت.

**هێڵمەر:** (خۆی هێمن دەکاتەوە) لەمەشدا هەر مێشکت روون و دڵنیایە؟

**نورا:** بەڵێ، زۆر روون و دڵنیایە، هەر بۆیە چیتر لێرە نامێنمەوە.

**هێڵمەر:** دەتوانیت پێم بڵێیت چیم کردووە خۆشەویستی تۆم لەکیس داوە؟

**نورا:** بەڵێ، ئەم ئێوارەیە، کاتێك ئەو پەرجوە (معجزە) یە رووی نەدابوو، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە تۆ ئەو پیاوە نەبوویت من بیرم لێدەکردیتەوە.

**هێڵمەر:** باشتر روونی بکەرەوە لێت تێناگەم.

**نورا:** هەموو ئەو هەشت ساڵە، زۆر بە ئارامەوە چاوەڕێم کردووە، زۆر باش زانیومە کە هەموو رۆژێك پەرجو روونادات . کاتێك ئەو بەدبەختیە رووی تیکردم، بە قەناعەتەوە بە خۆم دەوت "پەرجوەکە ئێستا روودەدات" کاتێك نامەکەی کرۆگستاد لەدەرەوە لەناو سندوقەکەدا کەوتبوو، هەرگیز بۆ ساتێکیش بیرم لەوە نەکردەوە کە تۆ بە مەرجەکانی ئەو پیاوە رازی ببیت، باوەڕم وابوو پێی دەڵێیت "لە تەواوی دنیادا ئاشکرای بکە" وە پاشانــ

**هێڵمەر:** ئێ؟ کاتێك ژنەکەی خۆمم خستە بەر شەرم و بێئابڕویی ــ ؟

**نورا:** پاشان باوەڕم وابوو کە تۆ دێیتە پێشەوە و هەموو شتێك دەخەیتە ئەستۆی خۆت و دەڵێیت "من کەسێکی تاوانبارم".

**هێڵمەر:** نورا!

**نورا:** مەبەستت ئەوەیە کە من هەرگیز بەوە رازی نەدەبووم  تۆ قوربانی بە خۆت بدەیت ؟ ـــ نا، بێگومان نا، بەڵام ئەو دڵنیاییيە بەرامبەر بەوانەی تۆ چی نرخێکی دەبوو ؟ ئەوە خۆشترین شت بوو کە من هیوام بۆ دەخواست و لێی دەترسام ، گەر بمویستایە خۆم بکوژم ئەمە رێگر دەبوو .

**هێڵمەر:** من بە خۆشحاڵییەوە شەو و رۆژ کارم بۆ تۆ کردووە، نورا، ـــ پەژارەم هەڵگرتووە و لەبەر خاتری تۆش دەمەوێت . بەڵام پیاو نییە قوربانی بە شەرەف و رێزی خۆی بدات بۆ کەسێك کە خۆشی دەوێت.

**نورا:** ئەوە شتێکە لە سەدا هەزاری ژنان کردویانە.

**هێڵمەر:** تۆ وەکو منداڵێکی بێ مێشك بیر دەکەیتەوە و قسە دەکەیت.

**نورا:** لەوانەیە، بەڵام تۆ نە وەکو پیاو بیر دەکەیتەوە و نە وەکو پیاویش قسە دەکەیت ، تاکو من بتوانم هاوبەشی ژیانم بکەم لەگەڵتدا . هەر کە ترسەکەت رەوییەوە ـ ئەو ترسە نا کە هەرشەی لە من دەکرد، بەڵکو ئەو ترسەی کە هەرەشەی لە خۆت دەکرد ـ کاتێك هیچ شتێك نەما لێی بترسیت ـــ پاشان وا دەرکەوتیت کە هیچ شتێك رووی نەداوە . هەروەکو جاران کلاّو کورە و بوکە شوشەکەت بووم ـ ئەو کەسەی لەبەر ئەوەی زۆر ناسك و لاواز بووە، تۆش لە داهاتودا بە نەرم و نیانی گرنگی پێدەدەیت. (هەڵدەستێتە سەرپێ)تۆرڤاڵد ـــ لەو کاتەدا بۆم روون بووە کە بۆ ماوەی هەشت ساڵە من لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا دەژیم و سێ منداڵیشم لێی هەیە ـــ ئۆه، ناتوانم بیری لێبکەینەوە ! دەمتوانی خۆم پارچە پارچە بکەم !



www.pertwk.com

**هێڵمەر:** (بە غەمبارییەوە) دەزانم، دەزانم، بێهیواییەکی زۆر رووی لە من و تۆ کردووە ـــ نکۆڵی لێ ناکرێت. بەڵام، نورا، ناکرێت لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە؟

**نورا:** ئێستا، من ژنێك نیم بۆ تۆ ببم.

**هێڵمەر:** بەڵام من توانام هەیە ببمە پیاوێکی تر.

**نورا:** لەوانەیە ـ ئەگەر بووکە شوشەکەت لێ دووربخرێتەوە.

**هێڵمەر:** جیابوونەوە! ـ بۆ جیابونەوە لە تۆ ! نا، نا، نورا، من لەو بۆچونە تێناگەم.

**نورا:** (لەلای راستەوە دەڕواتە دەرەوە) ئەوە وا دەکات کە زۆر بە دڵنیاییەوە ئەبێت رووبدات (بە کلاّو و عەباکەیەوە دەگەڕێتەوە، جانتیەکی بچوکی پێیە لەلای مێزەکەوە لەسەر کورسیەك دایدەنێت)

**هێڵمەر:** نورا، نورا، ئێستا نا! تاکو بەیانی چاوەڕێ بکە.

**نورا:** (عەباکەی لەبەر دەکات)ناتوانم شەو لە ماڵی پیاوێکی بێگانەدا بەسەر بەرم.

**هێڵمەر:** ئەی ناتوانیت لێرە وەکو خوشك و برایەك بژین ـ ؟

**نورا:** (کلاّوەکەی لەسەر دەکات) زۆر باش دەزانیت کە درێژە ناکێشێت . (شاڵەکە لەخۆیەوە دەئاڵێنێت) خوات لەگەڵ تۆرڤاڵد. وردیلەکانم نابینمن، دەزانم لەناو دەستێك دان لە دەستەکانی خۆم باشترن . ئێستا من نابمە هیچ شتێك بۆیان.

**هێڵمەر:** ئەی ئەگەر رۆژێك، نورا ـــ ئەی ئەگەر رۆژێك؟

**نورا:** چی بڵێم؟ نازانم چیم بەسەر دێت.

**هێڵمەر:** هەرچییەکت بەسەر بێت تۆ ژنی منیت.

**نورا:** گوێ بگرە تۆرڤاڵد، من بیستومە وەکو ئێستای من، کاتێك ژنێك مێردەکەی بەجێ دەهێڵێت، لە رووی یاساییەوە لە هەموو ئەو

ئەركانەی بەرامبەر ژنەكەی هەیەتی سەربەستە، لە هەموو بارێكدا سەربەستت دەكەم لە هەموو ئەو ئەركانەی خۆت. تۆ وا هەست مەكە كە سنور لەبەر دەمتا هەیە، بەقەدەر ئەوەی كە من سنور لەبەردەممدا هەیە، لە هەردوو بارەكەدا ئازادییەكی تەواو هەیە. ها، ئەوە مستیلەكەتە. ئەوەی خۆمم بدەرەوە.

**هێڵمەر:** ئەوەش؟

**نورا:** ئەوەش.

**هێڵمەر:** ها ئەوەتا.

**نورا:** ئێستا بە تەواوی كۆتایی هات، كلیلەكانم لێرەدا داناوە. كارەكەرەكان لە ماڵكەدا هەموو شتێك دەزانن ـــ لە خۆم باشترن. سبەینێ دوای ئەوەی ئێرە بەجێ دەهێڵم، كریستین دێتە ئێرە و ئەو شتانەی كە لە ماڵەوە لەگەڵ خۆمدا هێناومن بۆم دەپێچێتەوە و دوای خۆم بۆم رەوانە دەكات.

**هێڵمەر:** هەموو شتێك تەواو! هەموو شتێك تەواو ! ـــ نورا، جارێكی تر بیر لە من ناكەیتەوە؟

**نورا:** ئۆه، جار جارە بیر لە تۆو لە منداڵەكان و لەم ماڵەكەش دەكەمەوە.

**هێڵمەر:** دەتوانم نامەت بۆ بنوسم؟

**نورا:** نەخێر، هەرگیز شتی وا نەكەیت.

**هێڵمەر:** بەڵام هیچ نەبێت با شتت بۆ بنێرم ـ

**نورا:** هیچ شتێك ـ هیچ شتێك ـ

**هێڵمەر:** با یارمەتیت بدەم ئەگەر پێویستت بوو.

**نورا:** نا، ناتوانم هیچ شتێك لە بێگانە وەربگرم.

**هێڵمەر:** ئەوەش نا ـ لە بێگانەیەك زیاتر نابمە هیچ شتێكی تر بۆت؟

**نورا:**(جانتاكەی هەڵدگرێت) ئاه، تۆرڤاڵد،پەرجوی پەرجووەكان روودەدات ـــ



www.pertwk.com

**هێڵمەر:** پێم بڵێ ئەبێت چی بێت!

**نورا:** من و تۆهەردووكمان ئەبێت ئەوەندە بگۆڕێین كە ـــ ئۆه، تۆرڤاڵد چیتر باوەڕم بە پەرجو نامێنێت.

**هێڵمەر:**بەڵام من باوەرم پێیەتی. پێم بڵێ! ئەوەندە بگۆڕێین كە ـــ ؟

**نورا:** ئەو پەیوەندیەی لە نێوان من و تۆدا هەیە تەنها پەیوەندی ژن و مێردایەتییە. خوات لەگەڵ (بە هۆڵەكەدا دەڕواتە دەرەوە)

**هێڵمەر:** (لەلای دەرگاكەوە لەسەر كورسیەكە نوقم دەبێت و دەم و چاوی بە دەستەكانی دادەپۆشێت) نورا!نورا! (سەیری دەوروبەر دەكات و هەڵ دەستێت) چۆڵە . رۆشت (هیوایەك بە مێشكیدا گوزەر دەكات) ئاه، پەرجوی پەرجوەكان ـــ ؟ !

(دەنگی پێوەدانی دەرگایەك لە خوارەوە دەبیسترێت)

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تاڵیبان | فارسی | وحید مژده | سیاسی | عەلی بیروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئێس. فۆریستەر | رۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی (21) | | ئا/(ئە نجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا) | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵڵا، مجید ساڵەح - تارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| رەوشی ئابووری وکۆمەلأیەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەلأیەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | رۆمان | نەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی راگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسین الهلالی | راگەیاندن | دلاوەر عوسمان ساڵح |
| تۆماری شێتێك | رووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | رۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سولحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینێ دیکارت | ئەڵمانی | رینێ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| رۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | راجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | رۆمان | محەمەد حەمە ساڵح |
| دووبرا | رووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەڵاتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | راگەیاندن | هیوا ساڵح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | نەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دا یمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆراگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | رۆمان | خانەی رادوگا-مۆسکۆ |
| سۆفیگەرێتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | رەئوف حەسەن |
| نەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و رەئوف حەسەن |



www.pertwk.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خاڵە ساڤا | رووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الأنفال الکورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامەی | خانەی وەرگێڕان |
| راوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد رەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی.بی. شولپین | زانستی | د.بایەزید حەسەن |
| صفحات من تاریخ کفاح الشعب الکوردي ج1 | کوردی | فاتح رەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەربارەی شاوە بۆ زیندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| رۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مەیمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا رەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتیو کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵڵا رەسوولی |
| خمسون قصیدة مترجمة عن الشعر الأنکلیزی الحدیث | ئینگلیزی | الأدب الأنکلیزی | هۆنراوە | وفاء عبداللطیف زین العابدین |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | کورش صفوی | وەرگێڕان | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی راگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | راگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | رۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی عەلەوی | پەند | حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەلأیەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەلأیەتییانە لەمێژووی نوێی ئێراق/5 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەلأیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەلأیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |

www.pertwk.com

## زنجیرەی بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەساڵی 2006

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | د. فازڵ جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| چیرۆکی میللی کوردی Kurdish Folktales | کوردی | محەمەد حەمە ساڵح | چیرۆك | ویلەر سانکستون |
| مارکسیسمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هێگلییەکان | فارسی | حوسێن بشیریە | فەلسەفی | مەنسووری تەیفوری |
| کۆمەڵناسی جەنگ | فارسی | گاستۆن بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | مەنسووری تەیفوری |
| یەکەمین تر پە عاشقانەییەکانی دڵم | فارسی | فروغ فەرۆغزاد | ئەدەبی | ئەبوبەکر قەرەداغی |
| سەفەرنامەی هێنری بێندەر | فارسی | هێنری بێندەر | مێژووی | ئەبوبەکر خۆشناو |
|ماڵی بووکە شووشە | ئینگلیزی | هێنریك ئیبسن | شانۆی | تە یمور تاهیر |
| چیرۆکەکانی دۆن | فارسی و عەرەبی | میخائیل شۆلۆخەف | چیرۆك | ئەکرەم عەلی |
| ژیان ماناى چییە؟ | فارسی | برادلی ترور گریو | فکر | موسلیم ئە حمەد |
| داستانەکانی شانامەی فیردەوسی | فارسی | ئەسەدوللاّی شەعبانی | مێژووی | دلێر میرزا |
| سەرهەڵدان و دارمانی زلهێزەکان | ئەڵمانی | پاول کێنەدی | مێژووی | د. کوردۆ عەلی |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج2 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج3 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوللاّ تابانی | مێژووی | جەلیل گادانی |
| ژیارو تازەگەری | فارسی | هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنام و رامینی جەهانبەگلوو | فکر | هیوا عەزیزی |
| سەربازێکی ئەمێریکایی | عەرەبی | ژەنەراڵ تۆمی فرانکس | یاداشت | باسط حەمە غەریب |